داببینکردنی مافه نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵیدا

# کوردستان

ژمارە: ۴۲۹
۳۰ی بەفرانباری ۱۳۸۴
۲۰ی ژانویەی ۲۰۰۶
۱۵۰تمەن
www.kurdistanmedia.com

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

## بە ئەندام وەرگیرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە یەکیەتیی نێونەتەوەیی لاوانی سوسیالیست دا



یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن بیستو حەوتەمین کۆنگرەی لاوانی سوسیالیستەوە کە لە رۆژانی ۱۲ تا ۱۵ی ژانویەی ۲۰۰٦ لە وڵاتی دانمارك دا بەرێوەچوو، وەك ئەندامی چاوەدێر هەڵبـژێردرا. هەڵبـژێرانی یەکیەتیی لاوان لەم کۆنگرەدا هەنگاوێکی پڕ بایەخە بۆ ناساندنی کێشەی کورد بە لاوانی جیهانو هەروەها راکێشانی سەرنجی ئەوان بۆ پشتیوانی لە خەباتی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بە لەبەرچاوگرتنی سەنگو قورسایی یەکیەتیی نێونەتەوەیی لاوانی سوسیالیست لە ئاستی جیهان دا ئەندامەتیی یەکیەتیی لاوان لەم رێکخراوە نێونەتەوەییەدا دەرفەتێکی گرینگە بۆ لاوانی کورد کە رەوایی خەباتی گەلی کورد بە سەرجەم گەلانی جیهان رابگەیەننو ئەوان لە سیاسەتو کردەوە دژی مرۆڤانەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی دەرهەق بە گەلی کورد ئاگادار بکەن.

# تا وەدیهێنانی ئاواتەکانی کۆماری کوردستان ئاڵای خەبات هەڵناپەسێرین

**بەیاننامە :**

## بەبۆنەی شەستەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**
**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**


دووی رێبەندانی ۱۳۸٤ی هەتاوی رێکەوتی ۲۲ی ژانویەی ۲۰۰٦ی زایینی شەستەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی دەوڵەتی جومهووریی کوردستان لە شاری مەهابادی خوێناوییە. شەست ساڵ لەمەوبەر لە رۆژی ۲ی رێبەندانی ۱۳۲٤ی هەتاویدا شاری مەهاباد شاهیدی دامەزرانی حکوومەتێکی نیشتمانیو نەتەوەیی لە مێژووی پڕکارەساتی خەڵکی کوردستاندا بوو کە ئەگەرچی تەنیا یازدە مانگ لە سەر پێی خۆی راوەستا، بەڵام بوو بە چرای رووناککەرەوەی بەرپێی تێکۆشەرانی رێگای رزگاریی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا. بەم بۆنە پیرۆزەوە بە ناوی کومیتەی ناوەندیو تێکڕای ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دامەزرێنەرو میراتگری کۆماری کوردستان گەرمترین پیرۆزبایی پێشکێشی کۆمەلانی خەڵکی کوردستانو ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێرانو هەموو ئۆگرانی ئازادیو دێموکراسیو دادپەروەری لە ناوچەی رۆژهەلاتی نێوەڕاستو جیهاندا دەکەین.

دامەزرانی کۆماری کوردستان کە بە هەموو پێوانەیەك بە گرنگترین رووداوی مێژووی پڕ لە شانازیی خەباتی خەڵکی کوردستان تا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم دادەنرێ، بەرهەمی دەیان ساڵ قوربانیدانو نیشانەی تامەزرۆیی کۆمەلانی گەلی کورد بۆ ئازادیو بەدەستەوەگرتنی چارەنووسو بەڵگەی وشیاریی رێبەرایەتیی نوێی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردی ئێران بوو کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێشەوایەتیی قازی محەممەدی نەمردا خۆی دەدیتەوە. ئەوە هەڵسەنگاندنی وردو لێزانانەی پێشەوا قازی محەممەدو هاورێکانی بوو کە رێگای خۆش کرد بۆ ئەوەی بە کەڵکوەرگرتن لە هەلومەرجی دوای کۆتایی هاتنی شەڕی دووەمی جیهانی بتوانن لە بەشێکی هەرچەند بچووکی کوردستاندا ئاواتی لەمێژینەی کۆمەلانی گەلی کورد وەدی بێننو یەکەمین حکوومەتی مۆدێرنی کوردی دامەزرێنن.

راستە کۆماری کوردستان لەجێدا بۆ دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد دامەزرابوو. بەڵام بە پێوانەکانی دنیای پێشکەوتووی ئەمڕۆش حکوومەتێکی مۆدێرن بوو. رێبەرانی ئەو کۆمارەو لە سەرووی هەموویانەوە پێشەوای شەهید بە قووڵی لە ماناو پێداویستییەکانی کۆمەڵێکی مۆدێرنو پێشکەوتوو تێگەیشتبوون.

۲

٤ خەباتی کوردو تێڕامانێك
٥ دۆسیەی ئەتومیی ئێرانو بن بەستی وتووێژەکان
٨ ٦٠ ساڵ خەبات لە پێناوی ئامانجەکانی کۆماری کوردستاندا
١٠ بڕیاردەرانی قەتڵەکان : کابینەی رێبەرانی ئەمنییەتیی دەوڵەتی نوێی ئێران
١١ لە قامووسی فیمینیزم دا



درێژەی لاپەڕەی ١

## بەیاننامە

# بەبۆنەی شەستەمینساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان

ئەگەر ئاوڕێك وەسەر مێژووی دوورودرێژی خەباتی خەڵکی کوردستان بدەینەوە چەندین نموونەی پڕ لە شانازی لە بەدەستەوەگرتنی دەسەلاّت لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستانماندا دێنە بەرچاو، بەلاّم کۆماری کوردستان یەکەمین دەسەلاّتی کوردییە کە بە کردەوە بۆ جێگیر کردنی دێموکراسیو دەسەلاّتی خەڵکیو دامەزراندنی داموودەزگاکانی کۆمەڵی مەدەنی هەنگاوی هەڵێناوەتەوە. بە شانازییەوە دەتوانین بڵێین ئەو دێموکراسییە کە لەو ماوە کورتەی تەمەنی دەوڵەتی جومهووریی کوردستاندا سەقامگیر ببوو هەتا ئەمڕۆش لە کەمتر کۆمەڵێکی ڕۆژهەلاّتی نێوەڕاستدا نموونەی بەر چاو دەکەوێ.

کۆماری کوردستان حکوومەتێکی نەتەوەیی بوو، بەلاّم ئاسۆی دیتنی لەوە بەرئاوەلاّتر بوو کە تەنیا بۆ دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد تێبکۆشێ. ئەو کۆمارەو حیزبە ڕێبەرەکەی بەرنامەیان بۆ پێشخستنی کۆمەڵ لە بوارە جۆراوجۆرە ئابووری، کۆمەلاّیەتیو فەرهەنگییەکاندا هەبوو و باشتر کردنی ژیانی چینو توێژە هەژارو کەمداهاتەکانیان لە ڕیزی پێشەوەی ئامانجەکانیاندا دانابوو. کۆمار حکوومەتێکی ناوچەیی بوو. بەلاّم هیچکاتێك هاوپێوەندی لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێرانی لە بەر چاو ون نەبوو و بە پێی توانا بۆ پتەوکردنی پێوەندیی برایەتیو هاوخەباتی لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێرانو هێزە نیشتمانپەرەوەرەکانیان لە هەوڵدا بوو. پێکهێنانی بەرەی یەکگرتوو لەگەڵ بەشێك لە هێزە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەی ئێرانو بەتایبەتی پەیمانی دووقۆڵی لەگەڵ حکوومەتی نیشتمانیی ئازەربایجان بەڵگەی حاشاهەڵنەگری ئەم ئیددیعایەن. سەرەنجام کۆماری کوردستان حکوومەتی تەنیا بەشێك لە کوردستانی ئێران بوو. بەلاّم هەم ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتو کۆمار ئەو حکوومەتەیان بە مڵکی هەموو نەتەوەی کورد لە ئێرانو بەشەکانی دیکەی کوردستان دەزانیو هەم کۆمەلاّنی گەلی کورد لە هەموو جێگایەکی کوردستان بە ئومێدەوە چاویان بڕیبووە ئەو کۆمارە ساوایە.

دەزانین کە بۆ ڕێوڕەسمی دامەزرانی کۆماری کوردستان نوێنەرانێك لە کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بانگهێشتن کرابوونو شاهیدی لەدایکبوونی یەکەمین حکوومەتی کۆماریی مێژووی نەتەوەکەیان بوون. بەلاّم پێش دامەزرانی کۆماریش، ئەو پێشوازییە گەرمەی لە هاتنی بارزانییەکانو ئەفسەرانی ئازادیخوازی کوردی سوپای عێراق کرا، نوێنگەی ئەو گیانە نەتەوەییە بوو کە بە سەر بیرو لێکدانەوەی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد لەم بەشەی کوردستاندا زاڵ بوو. لە بەرامبەریشدا ئەو خزمەتە بێدریغە کە کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان لە هەموو بوارەکانی فێرکاری، فەرهەنگیو نیزامیدا بە کۆماری کوردستانیان کرد نیشانەی ئەوە بوو کە هەموویان ئەو حکوومەتە بە ئی خۆیان دەزانن و بە چاوی ئومێدەوە بۆ دوارۆژێکی زۆر گەشتر دەڕوانن. لەو نێوەدا ناکرێ بەتایبەتی ئیشارە بە نەخشێك نەکرێ کە



تێکۆشەرانی بارزانی بە سەرۆکایەتیی سەرکردەی ناوداری کورد مەلا مستەفا بارزانی لە پاراستنی کۆماری کوردستانو دەسکەوتەکانیدا وەئەستۆیان گرتبوو. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بارزانییەکانو ئەفسەرە ئازادیخوازەکانی کوردستانی عێراق کە نەخشێکی گرنگیان لە مەشقپێکردنو ڕاهێنانی هێزی پێشمەرگەی کۆماردا گێڕا، ڕێكوپێکترین بەشی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوونو هەر لەو کاتەشدا ئەوەی لە توانایاندا بوو لە خزمەتی کۆماری کوردستانیاندا دانابوو. هەر بۆیەش بوو کە ڕێبەرایەتیی کۆمار گرنگترین مەئموورییەتەکانی پێدەسپاردنو نەك بە هێزێکی یارمەتیدەر، بەڵکوو بە بەشێکی کاریگەر لە کادری پاراستنی حکوومەتی کوردستانی دەژماردن. لەخۆڕا نەبوو کە لە تەنیا چەند پلەی ژەنراڵی کە لە کۆماری کوردستاندا بەخشران یەکێکیان پێشکێشی مەلا مستەفای بارزانی کرا.

**کۆماری کوردستان حکوومەتێکی نەتەوەیی بوو، بەلاّم ئاسۆی دیتنی لەوە بەرئاوەلاّتر بوو کە تەنیا بۆ دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد تێبکۆشێ**

تەمەنی کۆماری کوردستان کورت، بەلاّم پڕ لە دەسکەوتو شانازی بوو. گرنگترین دەسکەوتی کۆمار بێگومان هەر ئەوە بوو کە گەلی کورد لە بەشێکی نیشتمانەکەیدا چارەنووسی خۆی بەدەستەوە گرتو حکوومەتێکی گەلیو دێموکراتی دامەزراند. لەگەڵ ئەوەشدا هێندێ دەسکەوتی وەك پەرەپێدانی زمانو ئەدەبو فەرهەنگی کوردی، پێکهێنانی هێزێکی ڕێكوپێکی چەکدارو داهێنانی ناوی پیرۆزی پێشمەرگە، بەشدارکردنی ژنان لە ژیانی سیاسیی کۆمەڵی کوردەواریداو پێکهێنانی یەکیەتییەکانی ژنانو لاوانو بەگشتی هەوڵی گەشەپێکردنی وشیاریی سیاسی لە کۆمەڵی کوردەواریدا لە خزمەتە بەرچاوەکانی حکوومەتی کوردستانن.

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**

بەداخەوە تەنیا یازدە مانگ دوای ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ بە پیلانی هاوبەشی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستی کۆماری کوردستان ڕووخاو ئەرکی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی بۆ نەوەی دواتر بەجێهێشت. لە سەر هۆیەکانی ڕووخانی کۆماری کوردستان زۆر شت گوتراوەو نووسراوە. زۆرجار هەوڵ دراوە بەرپرسایەتیی تێکچوونی کۆمار بخرێتە ئەستۆی پشتیوانە دەرەکییەکەی کۆمار، واتە یەکیەتیی سۆڤیەتیی پێشوو. بەلاّم بە باوەڕی ئێمە ئەمە سادە کردنەوەی مەسەلەکەو دەرچوون لە ژێر باری بەرپرسایەتییە. لەگەڵ ئەوەی گومان ناکرێ کە هەم پشتیوانیی حکوومەتی سۆڤیەت لە حکوومەتی کوردستان، لە دامەزرانو بەرەوپێشچوونی کۆماردا کاریگەر بووەو هەم پشت تێکردنیو ساتو سەودا لەگەڵ دەوڵەتی ئەوکاتی ئێران لە سەر ئیمتیازی نەوتی شیمال شوێنی لە سەر ڕووخانی کۆماری کوردستان هەبووە، ئێمە پێمانوایە هەم دامەزرانی کۆمار بە پلەی یەکەم بەرهەمی ویستی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد بووەو هەم بەشی بنەڕەتیی بەرپرسایەتیی ڕووخانەکەی دەکەوێتە سەرشانی ڕێبەرایەتی کۆماری کوردستانو حیزبی دێموکراتی کوردستان. ڕەنگە بتوانین گرنگترین هۆیەکانی ڕووخانی کۆماری کوردستان لەمانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

نەبوونی هێزێکی کارامەو پۆشتەوپەرداخو بەتوانای چەکدار کە بتوانێ بەرامبەر بە پەلاماری سوپای ئێران ڕاوەستێو پارێزگاری لە کۆمار بکا، نەبوونی بناخەیەکی پتەوی ئابووریو ماڵی، قایم نەبوونی بەرەی نێوخۆییو بوونی هێندێك هێزو عەشیرەت کە تەنانەت لە دەورانی دەسەلاّتی کۆماریشدا پێوەندییان بە دەسەلاّتی مەرکەزییەوە هەبوو، بەرتەسکیی مەڵبەندی نفووزی حکوومەتی کوردستانو لەویش زیاتر ئامادەنەکرانی تەنانەت ئەو بەشەش کە لە ژێر کونترۆڵی کۆماردا بوو، ڕووخانی لە نەکاوو بێبەربەرەکانیی تەنیا هاوپەیمانی نێزیکی کۆمار، واتە حکوومەتی نیشتمانیی ئازەربایجان، بێتوانایی بەرەی یەکگرتووی هێزە سیاسییەکانی ئێرانو لە سەرووی هەموویانەوە حیزبی توودە کە هیچیان بۆ پشتیوانی لە دوو حکوومەتی ئازەربایجانو کوردستان لەدەست نەهاتو پاش هەمووی ئەمانەش متمانە بەخۆنەبوونی ڕێبەرایەتیی کۆمار. ئەگینا هەروەك ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوو لە کتێبی چل ساڵ خەباتدا باسی کردوە، بەربەرەکانێی چەند مانگەی بارزانییەکان نیشانی دا کە ئیمکانی خۆڕاگری هەبوو و دەسەلاّتی پاشایەتی ئەو دەسەلاّتە نەبوو کە بتوانێ بە ئاسانی ئەو بەرەنگارییە تێكبشکێنێ.

پێویستە بگوترێ کە ئەم لێکدانەوەیە بە هیچ جۆر بۆ بەکەم گرتنی نەخشی ڕێبەرانی کۆمار نیەو تەنیا بۆ ئەوەیە کە ڕێبوارانی ڕێگای کۆمارو پێش هەموویشیان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەزموونی لێوەرگرنو لە دواڕۆژدا زیاتر بە هێزی خۆیان پشتئەستوور بن.

بە هەرحاڵ کۆماری کوردستان ڕووخا. بەلاّم بە پێچەوانەی بۆچوونو ئارەزووی دوژمنانی ئازادی، لەگەڵ ڕووخانی کۆمار قەلاّی ورەو بیروباوەڕی ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی نەڕووخا. ئەو ئامانجانە کە کۆماری کوردستانیان بۆ دامەزرابوو لە دڵی ڕێبوارانی ڕێگای کۆماردا بە زیندوویی مانەوەو لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا خەباتیان بۆکراو خوێنیان بۆدرا. ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستانی عێراقدا ڕێزو ئافەرینی هەموو ڕێبوارانی ڕێگای ئازادیو هەقو دادپەروەریی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، لە ڕاستیدا تەواوکەری ئەرکە نیوەچڵماوەکانی کۆماری کوردستانە، ئامانجەکان هەر ئامانجەکانی کۆماری کوردستانن، دروشمەکان کەمو زۆر هەر دروشمەکانی ئەو کۆمارەنو تەنیا بە پێی هەلومەرجی سەردەم هێندێ ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووەو تەنانەت ئالاّکەش بە کەمێك دەسکارییەوە (لابردنی ئارمو دانانی خۆر) هەر ئەو ئالاّیەیە کە لە کۆماری کوردستاندا هەڵکرابوو.

**خەباتگێڕانی ڕێگای ڕزگاری!**

جێگای داخە کە شەست ساڵ پاش دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕێژیمێك حکوومەت بە سەر مەڵبەندی دەسەلاّتی کۆمارو هەموو ئەو بەشەی کوردستانو سەرانسەری خاکی ئێراندا دەکا کە نەك هەر لە ڕێژیمی پاشایەتیی دەورانی کۆمار گەلیترو ئینسانیترو پێشکەوتووتر نیە، بەڵکوو بە چەندین پلە لەدواترەو تەنانەت لەگەڵ گیانی ئەم سەردەمە بێگانەیە. لە بەرامبەر ئەوەدا جێگای شانازییە کە خەڵکی کوردستانی ئێرانو، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر زیاتر لە سەردەمی کۆماری کوردستان تامەزرۆی گەیشتن بە ئامانجەکانی کۆمارنو، ئامادەن لەو ڕێگایەدا هەموو چەشنە فیداکارییەك بنوێنن. هەر لەو کاتەدا ئەوان لەگەڵ پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگا بەرەوپێش چوون، بە گیانی سەردەم ئاشنانو بەشێکن لە هەوڵو تەقەلای مرۆڤایەتیی پێشکەوتوو بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی، ئازادی، دێموکراسیو مافی مرۆڤو دادپەروەریی کۆمەلاّیەتیی.

**جێگای شانازییە کە خەڵکی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر زیاتر لە سەردەمی کۆماری کوردستان تامەزرۆی گەیشتن بە ئامانجەکانی کۆمارن و ئامادەن لەو ڕێگایەدا هەموو چەشنە فیداکارییەك بنوێنن**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبازی دامەزرێنەرانی حیزبو کۆمارو لە سەرووی هەموویانەوە پێشەوا قازی محەممەد وەفادارە. هەوڵی سەقامگیرکردنی دێموکراسیو بەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی وەك دوو کۆڵەکەی بنەڕەتیی ئامانجەکانی کۆمار ئەمڕۆ لە هەموو کاتێك زیاتر بۆ حیزبی دێموکراتو لەویش بەولاوەتر بۆ خەڵکی کوردستان ئامانجن، هەروەك سەردەمی کۆمار حیزبەکەمان لە هەوڵی خەباتی هاوبەشو پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی سەرانسەری ئێران دایەو بەتایبەتی بایەخێکی زیاتر بۆ هاوپێوەندی لەگەڵ ئەو هێزانە دادەنێ کە نوێنەرایەتیی گەلانی زۆرلێکراوی ئێران دەکەن. حیزبەکەمان خۆی بەرامبەر بە پتەوکردنی بەرەی نێوخۆییو دروستکردنی پردی پێوەندیو هاوکاری لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی مەیدانی تێکۆشانی ڕزگاریخوازانەی کوردی ئێران بە بەرعۆدە دەزانیو لە پێوەندی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا حیزبی دێموکرات شانازی دەکا کە پێوەندییەکی باشی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی بەشداری بزووتنەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا هەیەو قەتیش نەیشاردۆتەوە کە کوردی ئێرانو کوردستانی ئێران بە بەشێك لە کوردو کوردستان دەزانیو هەموو کاتێکیش ئامادە بووەو ئامادەیە بۆ خزمەت بە پێشکەوتنی بزووتنەوەی کورد لە هەر بەشێکی کوردستاندا هەر هاوکارییەك لە دەستی بێ پێشکێشی بکاو هەر فیداکارییەك لەسەری پێویست بێ دریغیی لێنەکا. لە بۆنەی ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا لەگەڵ گیانی پاکی ڕێبەرانی کۆماری کوردستانو هەموو شەهیدانی حیزب بەتایبەتی سەروەرانی شەهید قازیو قاسملوو و شەرەفکەندیو هەروەها لەگەڵ کۆمەلاّنی خەڵکی کوردستان پەیمان نوێ دەکەینەوە کە تا سەرکەوتنی یەکجارییو تا وەدیهێنانی ئاواتەکانی کۆماری کوردستان ئالاّی خەبات هەڵنەپەسێرینو لەو پێناوەدا لە هیچ هەوڵو خەباتو فیداکارییەك دریغی نەکەین.

**سلاّو لە یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان**

**سلاّو لە گیانی پاکی دامەزرێنەرانی کۆمارو لەسەرووی هەموویانەوە پێشەوا قازی محەممەد**

**بەرقەرار بن ئاواتە پیرۆزەکانی کۆماری کوردستان**

**بڕووخێ دیکتاتۆریو کۆنەپەرستی**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**کومیتەی ناوەندی**

***

# بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# وەڵامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
# بە نامەی خوێندکارانی ئێرانیی پارێزەری ئاشتیو مافەکانی مرۆڤـ

**دۆستانی بەڕێز!**

نامەی ئێوە ڕووناکبیرانو خوێندکارانمان کە ڕوو لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانو لەوانە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوکردبۆوە، خوێندەوە. هەستی بەرپرسایەتیی ئێوە لە بەرامبەر نیشتمانو خەڵكو هەروەها بیروڕای ئازادیخوازانەو ئاشتیخوازانە شیاوی ڕێزلێنانە. سڵاوتان بۆ دەنێرینو هەوڵەکانتان بۆ پێکهێنانی یەکیەتی لەنێوان ڕێکخراوە ئێرانییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیدا بەرز ڕادەگرین.

پێویستە وەبیری بێنینەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ زۆربەی ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیدا هەیەو هەمیشە هەوڵی داوە ئەو ڕێکخراوانە لێك نزیك بکاتەوەو تا ئەو شوێنەی کە بکرێ ڕێکخستنێك لەم هێزانە پێك بێت کە لایەنێکی بەربڵاو لە ڕێکخراوە ئازادیخوازو دێموکراتیکەکان لەخۆ بگرێ، تا ئێستاش لە درێژەدان بەم هەوڵە پێداگرە. چونکە لەو بڕوایەدایە کە یەکێك لە هۆکارەکانی مانەوەی ڕێژیم جیاییو پرشوبڵاوی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ڕێژیمە.

بەڕای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تەنیا پێکهێنانی یەکیەتی لەنێوان ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیو خەباتی هاوبەش بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ناتوانێ ببێتە هۆی وەدیهێنانی ئامانجە ئازادیخوازانەکانو دابین کردنی دێموکراسی لە پاش ڕووخانی ڕێژیم، کارێك کە لەساڵی ١٣٥٧دا ئەزموون کراو ئاکامی تەنیاجێنشین بوونی ڕێژیمێکی دیکتاتۆرو کۆنەخواز بەجێی ڕێژیمێکی دێموکراتیك بوو. بەم پێیە هەر یەکیەتییەك دەبێ بە لەبەرچاو گرتنی دوو بنەمای گرینگ دامەزرێ، یەکەم بە مەبەستی خەباتی هاوبەش بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیو دواتر بە ئامانجی هێنانە سەرکاری دەسەڵاتێکی دێموکراتیك کە بتوانێ وەڵامدەری ویستە دێموکراتیکەکانی گەلانی ئێران بێ.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە وڵاتی ئێمە ئێران، وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، پێکەوە ژیانی ئەو نەتەوانەی کە پێکهاتەی حەشیمەتی پێك دێنن بە مافی بەرابەرو دابین کردنی مافە سیاسیو نەتەوەیییەکانی هەرکام لەوانە یەکپارچەیی ئێران مسۆگەردەکا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سیستمی دێموکراتیكو فیدراڵ بۆ وڵاتەکەمان بە شیاودەزانێو بۆ بەدیهێنانی خەبات دەکاو لەم ڕێڕەوەدا ئامادەبوونی خۆی بۆ وتووێژ لەگەڵ سەرجەم ئەو ڕێکخراوانەی کە بە دێموکراسیو دەستەبەرکردنی مافی بەرابەری تەواوی نەتەوەکانی ئێران بە واتای ڕاستەقینەی، باوەڕیان هەیە، ڕادەگەیەنێو ئامادەیە کە لە پێناوی پێکهێنانی وەها یەکیەتییەكو، هەروەها هاوڕایی لەسەر ئەو بنەمایانەی کە ئامانجەکانی ئاماژەپێکراو دەستەبەر بکاو، دەرەنجامی هاتنەسەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتیك، کە بەڵێندەری ڕێوشوێنەکانو پەسندکراوە نێونەتەوەییەکان لە پێوەندی لەگەڵ مافو ئازادییە مرۆڤانییەکان دابێ، زیاتر لە ڕابردوو هەوڵ بدا.

سەرکەوتنی ئێوەو هەموو ئازادبیرانو ئازادیخوازان بە ئاوات دەخوازین.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
١٣٨٤/١٠/٩

## دیداری شاندێکی حیزبی لەگەڵ
## ڕاوێژکاری دیپلوماتیی سەرۆکی پاڕلمانی ئوروو پا

ڕۆژی هەینی ٢٠٠٦/١/١٣، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بریتی لە کاك شاهۆ حسێنی، نوێنەری حیزب لە ئورووپاو کاك ڕەحیم قادری، نوێنەری حیزب لە ئیسپانیا لە دفتەری سەرۆك پارلمان چاویان کەوت بە بەڕێز "پاتریك کوستییر"، ڕاوێژکاری دیپلۆماتیی سەرۆکی پارلمانی ئورووپا.

لەو دیدارەدا سەرەتا شاندی حیزب سوپاسی پاتریكو حیزبی سوسیالیسی ئیسپانیایان کرد بۆ پێکهێنانی ئەو چاوپێکەوتنە. هەروەها بە کورتی هەلومەرجی ئێستای ئێران بە تایبەتی پێش هاتنەسەرکاری ئەحمەدینژادو کەمتەرخەمیی وڵاتانی ئورووپایی بەرامبەر بە هەڕەشەو مەترسیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کۆمەڵگای نێونەتەوەیی. شاندی حیزب ئاماژەی بە گرینگی پشتیوانیی ئورووپا لە خەباتی خەڵکی ئێران دژی کۆماری ئیسلامیکردو ئاماژەی بەوە کرد کە ئاکامی ئەو پشتیوانییە دەبێتە ئەوە کە خەڵکی ئێران پشت ئەستوورتر بنو ئورووپا لە لایەن خەڵکی ئێرانەوە بە چاوی ڕێزو حورمەتەوە سەیری بکرێ. لە درێژەی دیدارەکەدا شاندی حیزب باسی پێکهاتنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵی کرد کە لە چەند نەتەوە لە ئێران وەك تورك، عەرەب، ئازەری، بەلووچو کورد، بە ئامانجی دامەزرانی ئێرانێکی دیموکراتیكو فیدراڵ تێکۆشانیان هەیە.

بەڕێز پاتریك وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی لەو چاوپێکەوتنە زۆر بە وردیو واقیع بینانە باسی لە پاڕلمانی ئورووپا، وڵاتانی ئەندامو کومیسیۆنی ئورووپاو تەرکیبو پێکهاتەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی کرد.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی دوایین هەڵبژاردنی پاڕلمانی ئێرانو بایکوت کردنی ڕیفۆرمخوازانی کرد کە لە لایەن توندڕەوەکان ڕێیان پێ نەدرا کە لەو هەڵبژاردنەدا بەشداری بکەنو بەشداریی باڵوێزەکانی وڵاتانی ئورووپایی لە یەکەمین دانیشتنی کردنەوەی پاڕلمانی ئێران بە هەڵە ناوبردو گوتی: ئەم بەشدارییە لە ڕاستیدا مۆری تەئید بوو لەو هەڵبژاردنە. ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا پێویستیی یارمەتیدان بە ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکانی لایەنگری مافی مرۆڤو دێموکراسی وەبیر هێنایەوە کە بۆ کۆمەڵگای ئازادو پێشکەوتوو خەبات دەکەن. لە درێژەی دیدارەکەدا بەڕێز پاتریك باسی پێکهاتنی کومیسیۆنێکی لە لایەن پاڕلمانی ئورووپاوە بۆ پێوەندی لەگەڵ پاڕلمانی ئێران کرد.

# هەواڵـەکـانی کـوردسـتـان

## چالاکیی تەبلیغاتیی ئەندامانو لایەنگرانی حیزب بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان، شەستەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە

### ✓ سەلاسو باوەجانی

ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە ناوچەی سەلاسو باوەجانی لە چالاکییەکی تەبلیغاتیدا بە بۆنەی نزیك بوونەوە لە ٢ی ڕێبەندان، شەستەمین ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان، دەستیان دایە بڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبیو نەتەوەییو نووسینی دروشمی شۆڕشگێڕانە لەم شوێنانە خوارەوەدا:

دەبیرستانی "موعەلیم"، مزگەوتی جامعە، شەهرەکی هەنجیربوس، قوتابخانەی "حافز"و پارکی شار.

### ✓ بانە

لە شەوی ١٣٨٤/١٠/٢٣دا ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە شاری بانە لە چالاکییەکی تەبلیغاتیدا ڕۆژنامەی "کوردستان"و CD فیلمی ڕێوڕەسمی ٢٦ی سەرماوەزی ئەمساڵیان لەم شوێنانەی خوارەوەدا بڵاو کردەوە:

زۆربەی کۆڵانەکانی گەڕەکی سەرووو گەڕەکی گوڵشارو دەوروبەری نەخۆشخانەی شار

### ✓ پیرانشار

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ئەندامانو لایەنگرانی حیزب، بە بڵاوکردنەوەی تراکت، ڕۆژنامەی "کوردستان"و وێنەی ڕێبەانی شەهید، لەم شوێنانەی خوارەوە، بە پێشوازیی ٢ی ڕێبەندانەوە چوونو ڕێزیان لەو ڕۆژە گرت:

فولکەی سەردەشت، مەیدانی محەمەد ئەوراز، شەقامەکانی "ئیستقلال"، شێخ مەلا ڕەزا ڕەشیدی، مەنگوڕ، پیرانو کووهستان، دەوروبەری مزگەوتی شافێعیو، پارکی منداڵ، ئیدارەی ئاودێری، ئیدارەی ئامووزشو پەروەرش، ئیدارەی سەبت ئەحواڵ، پایەگای ئەشتریو ... .

### ✓ مەهاباد

ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی لە ئاوایی "سەرچنار" سەر بە چۆمی مەجیدخانی مەهاباد، بە پێشوازیی شەستەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە چوونو بە بڵاوکردنەوەی تراکتو وێنەی شەهیدانو شرینی لە نێو خەڵك دا ڕێزیان لەو ڕۆژە مێژووییەی کورد گرت.

### ✓ هوویە ـ ژاوەڕۆ

شەوی ٢٧ی بەفرانباری ١٣٨٤، لاوانی شۆڕشگێڕو ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە ئاوایی هوویە، بۆ ڕێزگرتن لە ٢ی ڕێبەندان، شەستەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان دەستیان دایە کاری تەبلیغیو بە نووسینی دروشم لە شوێنە قەرەباڵغەکانی ئاواییو بەم شێوەیە بە پێشوازیی ٢ی ڕێبەندانەوە چوونو ڕێزیان لەو ڕۆژە گرت.

ئەو شوێنانەی کە کاری تەبلیغییان تێدا کراوە، بریتین لە:

دەوروبەری مزگەوتی گوند،
قوتابخانەی سەرەتاییو ناوەندی،
"ملەگا"،
"وەردەگا".

## مەهاباد

### ◄ توڕەیی خەڵکی قەرەداغ

چەند ڕۆژ لەمەوبەر "جەعفەر ئایین پەرست"، نوێنەری مەهاباد لە مەجلیسی شورای ئیسلامیدا ، بە بۆنەی پێکدادانی ماشینو کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی گوندی "قەرەداغ" دەچێتە ئەو گوندە. بەڵام لەگەڵ تووڕەییو ناڕەزایەتیی توندی خەڵك بەرەوروو دەبێو ئەوان هۆی پێکدادانی ماشینەکانو کوژرانی ژمارەیەکی زۆر بە خراپی ڕێگاوبانو کەمترخەمیی ڕێژیم بۆ چاك کردنەوەی ڕێگاوبانەکان دەزاننو ئیعتیرازی خۆیان بە ناوبراو ڕادەگەیەنن. بەپێی ئەم هەواڵە ٢٣ کەس بریندار بوونو هەشت کەس کوژران کە ناوەکانیان بریتیە لە:

ناوی سێ کەسی دیکە لە کوژراوانی ئەو ڕووداوە بریتییە لە:

١ـ هیدایەت ڕەشیدی، ٢ـ یوسف سوڵتانی، کوڕی ڕەحمان، ٣ـ قادر خەندانی کوڕی سمایل، ٤ـ عەلی کوڕی باقی، شۆفێر، ٥ـ کەماڵ فەتحی، کوڕی ڕەحمان، ٦ـ شۆڕش ئامادە، کوڕی ڕەحمان، ٧ـ نەسرین کچی حەسەن، ٨ـ عەلی جەواهیری

شایانی باسە کە دۆخی بریندارەکان زۆر نالەبارەو کاربەدەستانی ڕێژیم لە وەڵامی داخوازی یەکێك لە بنەماڵەی بریندارەکان گووتویانە: بڕۆن لە حیزبی دێموکرات ئامبولانس وەرگرن.

### ◄ ڕفاندنو ئەشکەنجەدانی دڕندانەی ئەندامێکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان

سەرلەئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە، ١٣٨٤/١٠/١٨، کچێك بەناوی "سروە کامکار"، ئەندامێکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە مەهاباد، بە هۆیەکی نارووونەوە لە لایەن چەند کەس لە بەکرێگیراوانی ڕێژیم کە ناوی یەکێکیان "سلێمان ڕەحمانی"یە لە شەقامی تاڵەقانی مەهاباددا ڕفێندرا.

یەکێك لە ڕفێنەرانی ناوبراو لە کاتی هەڵاتن دا بەجێ دەمێنێ بەڵام بە تەقەکردن پێش بە هێرشی خەڵك بۆ سەر خۆی دەگرێو پاشان ڕادەکا. جێی ئاماژە پێکردنە کە سروە کامکار بەڕێی ئیدارەی ئیتلاعاتی سوپا دەکرێو لەوێ بە توندی ئەشکەنجە دەدرێو هەر ئەو ڕۆژەش ئازاد دەکرێ.

### ◄ ڕفاندنی ١٣ کچ لە لایەن مەلایەکەوە

ماوەیەك لەمەوپێش لە ناوچەی مەهاباد لە گوندی گۆکتەپەو گوندەکانی دەوروبەریدا، ١٣ کچ لە لایەن مەلایەکەوە کە بۆ ماوەی دوو ساڵ دەبوو دەرسی قورئانی پێیان دەگوت، بۆ شوێنێکی نادیار ڕفێندران.

## لە بڕیارێکی دژیگەلییانەدا ئاخاوتن بە زمانی کوردی لە ناوەندە سەربازییەکانیش دا قەدەغە کرا

بەپێی ئەو هەواڵانەی کە گەیشتوونەتە دەستمان لە ناوەندی ڕاهێنانی سەربازی لە شارستانی شیرازدا پێکەوەدوان بە زمانی کوردییان لە سەربازە کوردەکان قەدەغە کردوەو ئەم بڕیارە لەهەموو شوێنەکانی ئەو ناوەندەدا بەڕێوەدەچێ. هەروەها بەپێی هەواڵەکان ئەم بڕیارە ئێستا لە زۆربەی سەربازخانەکانی ئێران دا بەڕێوە دەچێو هەر سەربازێکی کوردیش ئەم بڕیارە پێشێل بکات لە لایەن هێزە شۆڤینیستو دژیگەلییەکانی ڕێژیمەوە بەتوندی سزا دەدرێ.

جێی باسە کە ماوەیەك لەمەوپێش ئیدارەی پەروردەو فێرکردنی پارێزگای کوردستانیش وەها بڕیارێکی بۆ قوتابییان لە ناوەندەکانی ڕاهێنانو فێرکردن دا دەرکردبوو.

## مەریوان

### کوژرانی بەکرێگیراوێکی ڕێژیم

ڕۆژی دووشەممە، ١٣٨٤/١٠/٢٤، کاتژمێر ٩:٤٥ی شەو، لە شاری مەریوان دا بەکرێگیراوێکی ڕێژیم بەناوی "ڕەئوف ئارایشگەر" کە لە بڵاوکردنەوەی ماددە هۆشبەرەکان لەو شارەدا دەستی هەبووە، لە ماڵی خۆیدا لە لایەن چەند چەکداری نەناسراوەوە کوژرا.

## بۆکان

### ◄ داخرانی کافینێتەکان

لە لایەن هێزی ئینتیزامییەوە لە شاری بۆکان دا لە ڕۆژانی پێنجشەممەو شەممە، ٢٢و٢٤ی بەفرانباری ٨٤دا ـ تەواوی کافینێتەکانو ئەو ناوەندانەی کە گەنجانی لێ کۆدەبنەوە، داخران.

هێزە ئینتیزامییەکان پاش لێکۆڵینەوە لە ناوەندەکانی ناوبراوو چاوکردن لە کامپیۆتێرەکانیانو ئامادەکردنی ڕاپۆرت لە بارودۆخەکە ڕایانگەیاندوە کە کوڕو کچ نابێت لەو ناوەندانەدا پێکەوە بن.

### ◄ کوژرانی ٧ کەس لە پێکدادانی ماشین دا

ڕۆژی یەکشەممە ١٣٨٤/١٠/٢٥، پێکدادانی ماشینێکی جیپو ئیسکانیایەك لە سێڕای "تبت"دا کوژرانی ٧کەس لە سەرنشینانی جیپەکەی لێ کەوتەوە، بە ناوەکانی: سارا مەلەکی، نەجیبە عەبدولڕەحمان، سلێمان نیلوفەڕی، مێهری نیلوفەڕیو ئەحمەدو محەمەد مەنیژە باباخانی، کە هەموویان خەڵکی ئاوایی "تورکمانکەندی"ن.

❊❊❊

## سەرهەڵدانی نەخۆشیی ئانفولانزای باڵندە لە هەرێمی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا ـ ئێران ـدا

بە گوێرەی هەواڵەکان نەخۆشی ئانفولانزای باڵندە کە لە تورکیەدا تا ئێستا گیانی چەند کەسی گرتووە، شارو ئاواییەکانی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، بە تایبەت ناوچەکانی مەهابادو نەغەدەی گرتۆتەوە. جێی باسە کە ئەو نەخۆشییە ڕۆژی هەینی، ١٣٨٤/١٠/٢٣ ئاسەوارەکانی بینراوەو تا ئێستا تەنیا منداڵێك لە نەغەدە بەم هۆیەوە گیانی لەدەست داوە. ئەم دۆخە لە کاتێك دایە کە ڕێژیم حاشا لە بوونی ئەو نەخۆشییەو تووشبوونی خەڵك بەم نەخۆشییەوە دەکا. بەڵام تا ئێستا لە ئاواییەکانی مەهاباددا وەك "خوڕخوڕە"، قەرەداغ"و... بۆتە هۆی مردنی هەزاران باڵندەی وەك قەل، قاز، مریشك،و... سەرەڕای ئەمەش ڕێژیم هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆی بۆ کونتڕۆڵ کردنی ئەو نەخۆشییە نەهاوێشتووەو بۆ وێنە ئەو باڵندانەی کە دەمرن بێ ئەوەی لەچاڵ بخرێن یا بسووتێندرێن، بەملاوئەولادا فڕێ دەدرێن.

شایانی باسە کە بۆ کونتڕۆڵی ئەم نەخۆشییە دەبێ لە هەنگاوی یەکەمدا ئەو باڵندانەی کە تووشی دەبن یان بسوتێندرێن یان لە چاڵ بنرێنو سەریان داپۆشرێت.

❊❊❊

## تاران
### کوژرانو بریندار بوونی دوو هاوولاتیی کورد بە دەستی هێزی بەناوئینتیزامی

ڕۆژی چوارشەممە، ١٣٨٤/١٠/١٤، هێزە ئینتیزامییەکانی ڕێژیم لە تاران، ماشینی هاووڵاتییەك بەناوی "جەعفەر حەسەن پوور"، خەڵکی بۆکان دەدەنە بەر دەستڕێژی، بەم هۆیەوە ماشینەکە وەردەگەڕێو یەکێك لە سەرنشینەکانی بەناوی "سلێمان شادمێهر" بێهۆش دەبێو هەروەها جەعفەر حەسەن پووریش لە کاتی هاتنە خوارەوە لە ماشینەکە دەکەوێتە بەر دەستڕێژی دڕندانەو بێبەزەییانەی هێزە دژیگەلییەکانی ئینتیزامیو گیانی لەدەست دەدا.

ڕۆژی شەممە، ١٣٨٤/١٠/١٧، تەرمی ناوبراو لە لایەن پزیشك قانوونییەوە ڕادەستی بنەماڵەکەی کرایەوەو پاشان لە گوندی "ئالان"ی بۆکان دا نێژرا. بەڵام سلێمان شادمێهر لە نەخۆشخانەیەکی تاران لەژێر چاوەدێری هێزی ئینتیزامیدا بەستەری کراوە.


## دەماوەند
### گوشاری ڕێژیم بۆ بە بەسیجی کردنی قوتابییان

ماوەیەکە ڕێژیم لە شاری دەماوەندا (سەر بە پارێزگای تاران) گوشاری بۆ قوتابییانی قوتابخانەکان بە تایبەتی قوتابییانی کورد هێناوە کە دەبێ بن بە بەسیج.

شایانی باسە کە ژمارەیەکی بەرچاو کرێکاری کورد بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان لەو شارەدا نیشتەجێنو منداڵەکانیان لە قوتابخانەکانی ئەو شارەدا دەخوێنن کەچی ڕێژیم دەیەوێ لەوان لە پێناوی سیاسەتە دژی گەلییەکانیدا کەڵك وەربگرێو بە هەڕەشەو گوشار قوتابییان ناچار بکا لە هێزی دژیگەلیی بەسیج دا ناونووسی بکەن. قوتابیانیش لە بەرامبەر ئەم کردەوانەی ڕێژیم دا دژکردەوەیان لە خۆیان نیشان داوەو چەند جاریش لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم دا تێکهەڵچوونو نەچوونەتە ژێرباری هەڕەشەکانیانەوە.

# خەباتی کوردو تێڕامانێك

رامبۆد لوتفپووری



لە مێژ ساڵە لە دنیای ئازادو پێشکەوتووی رۆژئاوادا خەباتی مرۆڤو نەتەوەکان بۆ دابینو دەستەبەرکردنی مافە سروشتیو ژیارییەکانیان بەبێ پێویستی بە توندوتیژی، شێوازێکی هێمنو شارستانییانەی بەخۆوە گرتوە، بەتایبەت لە سەدەکانی حەڤدەو هەژدە بەملاوە کە بنەماکانی مافی مرۆڤ هاتنە ئاراوەو بیردۆزەی پەیمانی کۆمەڵایەتیی ژان ژاك رۆسۆ جێگای خۆی گرت. مرۆڤی رۆژئاوایی بۆ گەیشتن بە مافەکانی بە دەگمەن ناچار بە شەڕو خەباتی خوێناوی بووە، جگە لە چەند بڕگەیەکی مێژوویی وەك سەردەمی دەسەڵاتدارێتی فاشیزمو کۆمۆنیزمو لە چەند وڵاتێکی ئایدۆلۆژیا لێدراوی وەك رووسیاو ئورووپای رۆژهەڵاتدا مرۆڤی سەردەمی ئۆمانیزم لە جیهانی ئازادو لیبرالی رۆژئاوایی‌دا بە دەگمەن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی ناچار بە دانی تێچوویەکی گیانیو ماڵیی قەرەبوو نەکراو بووە.کە قسەیەکی ئەوتۆ دەکەین بەو واتا رەهایە نیە کە ئۆتۆپیایەك لە جیهانی رۆژئاوا وێنا بکەینو سەرتاسەر ئایدیالی پیشان بدەین، بەڵکوو مەبەست رەوتی گشتیی کۆمەڵگای رۆژئاوا پاش سەرهەڵدانی مۆدێرنەو بە تەوەربوونی هزری مرۆییە. بۆیە لەو ساتە وەختەوە بوو کە تێچووی مرۆڤ بۆ پێکهێنانی گۆڕانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو دابینکردنی مافەکانی تا نزمترین ئاستی شیاو دابەزی.

بەڵام بە داخەوە لە جیهانی سێهەمو رۆژهەڵاتدا هێشتا مرۆڤ بەو ئاستە لە رێزی سیاسیو کۆمەڵایەتی نەگەیشتوە، هێشتا تێچووی گۆڕانو گەیشتن بە مافە مرۆییەکان لە رۆژهەڵاتدا قورسو قەرەبوو هەڵنەگرە. ئێستاش مرۆڤی جیهانی سێهەم بۆ دابینکردنی سەرەتاییترین مافە سروشتییەکانی ناچار بە بەختکردنی ماڵو گیانیەتی، ئەمە راستییەکی تاڵ بەڵام حاشاهەڵنەگرە. لە پاش کۆتاییهاتنی شەڕی دووهەمی جیهانیو بە پیشەسازیبوونی رۆژئاوا، کەمترین جەنگو بەربەرکانێیەکی خوێناوی لە وڵاتانی رۆژئاوادا بەدی کراوە، لە حاڵێکدا جیهانی سێهەم ئێستاش هەر شاهیدی زۆر شەڕی خوێناوییە. دەیانو سەدان شەڕو بەربەرەکانێی چینایەتیو نەتەوەیی بەرهەمی ئەو دابەشکردنە کۆلۆنیالیستیانەن کە کاتی خۆی کۆلۆنیالیستەکانی رۆژئاوا لە رۆژهەڵاتدا کردیانن. پێکهێنانی وڵات تەنیا بۆ بەرژەوەندیی ئابووریی خۆیانو بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی نەتەوەییو ئایینیی ئەم وڵاتە دەسکردانە، دەیان شەڕو قەیرانی گەورەی لێ کەوتەوە کە ئێستا بەشێکی داوێنی خۆیانی گرتۆتەوە.

یەکێك لە غەدرلێکراوترین نەتەوە بێدەوڵەت، بێوڵاتو چەوساوەکانی دەستی کۆلۆنیالیزم، نەتەوەی کوردە کە سەرەڕای ئەو نرخە زۆرەی کە بۆ گەیشتن بە ئازادیو مافی دیاریکردنی چارەنووسی داویەتی، ئێستاش لە ژێردەستەییو چەوساوەیی‌دا ماوەتەوە. وتووێژ، شەڕ، دانوستانو هەموو رێگایەك تاقی کرانەوە، بەڵام دوژمنانی تینوو بە خوێنی کورد، لە لۆژیکی گوللە زیاتر هیچ وەڵامێکیان بۆ داخوازەکانی کورد نەبووە. کە باسی شەڕم وەك یەکێك لە رێگا تاقیکراوەکان کرد، مەبەستم ئەو شەڕەیە کە بەسەرماندا سەپاندیان. کورد لەمێژووی ژیانی خۆیدا پیشانی داوە کە قەت شەڕخوازو هێرشبەر نەبووە، شەڕی ئێمە بۆ بەرگری لە کەرامەتو شوناسی نەتەوەییمان بووەو هەیە، داگیرکەرانی فارس، تورکو عەرەب ویستیان بۆ پێکهێنانی نەتەوە ساختەکانیان لە نێومان بەرن، لە خۆیاندا بمانتوێننەوەو لە پەراوێزمان بخەن تا فەرامۆش بکرێین. هەموو چەشنە شێوازێکی نامرۆڤانەی وەك کوشتاری بەکۆمەڵ، ژینوساید، ئاسیمیلاسیۆن، راگواستنی ناچاری، تیرۆر، هێرشی چەکداریو پەراوێزخستنیان لە دژی ئێمە بەکار هێنا بۆ ئەوەی کە سەدەی بیستو یەك بکەن بە سەدەی بێکورد. بارودۆخو هەلومەرجی سەردەمی شەڕی ساردو دنیای دوو جەمسەری کە ببووە هۆی ساتوسەوداکردنی زلهێزەکانو داگیرکەران لەسەر مافی نەتەوە چەوساوەکان لەلایەكو لە لایەکی دیکەش دڕندەییو سەرەڕۆیی ئەوانو لۆژیکی سەرکوتو توندوتیژییان بوون بەهۆی ئەوەی کە کورد بۆ داکۆکی لە مافەکانیو پاراستنی شوناسی خۆی پەنا بەرێتە بەر شەڕی مانو نەمانی چەکدارانە. گەلێك جار هەوڵە ئاشتیخوازانەکانمان بە گوللە وەڵام درانەوەو، بوون بە قوربانیی بەرژەوەندیو ساتوسەودای وڵاتانی حاکم بەسەر کوردستانو زلهێزەکانی جیهان. هەوڵە دیپلۆماسییەکانی شەریف پاشا، بارزانیی نەمر، پێشەوا قازی محەمەدو دوکتور قاسملوو هەموو بێئاکام مانەوە، لە سەر کورسیی وتووێژ وەڵامی وشەکانی پێغەمبەری ئاشتییان بە گوللە دایەوە، بەڵام کەس دەنگی لێوە نەهات. لەو سەردەمەدا چ رێگایەکیان بۆ نەهێشتین کە هێمنانە تەعبیر لە مافو شوناسی خۆمان بکەین، بۆیە لەو ساتەوە بوو کە لوولەی چەکەکان بوون بە گەرووی پڕ لە هاواری کوردو شریخەی گوللەش بوو بە وشەی ئەو پەیڤانەی کە نەیانهێشت لە سەر کورسیی وتووێژ باسی بکەینو چیاکانی کوردستانیش بوون بە تەنیا پاڵپشتی خەباتەکەمان، بە پێچەوانەی سروشتی جەنگو چەك، گوللەو هاواری پێشمەرگەی سەر چیاکان هەڵگری پەیامی ئاشتیو مافخوازی بوونو هەن. ئێمە شەڕمان نەکرد لەبەر ئەوەی کە بە رێگاچارەی کێشەکانمانی بزانین، لەڕاستی‌دا ئێمە شەڕمان کرد بۆ ئەوەی کە پەراوێز نەخرێینو فەرامۆش نەکرێین، بۆ ئەوەی کە دوژمن لێمان بپرسێ چیتان دەوێ، بۆ ئەوەی کە ئەو چاوە کوێرو گوێچکە کەڕانە بکەینەوە کە ژیانی تراژیکی کوردیان نەدەدیتو هاواری غەدرلێکراوێمانیان نەدەبیست. شەڕمان کرد بۆ ئەوەی ویژدانی نوستووی جیهانی راچڵەکێنینو دنیا تێبگەیەنین کە لە سەردەمی مافی مرۆڤ، دێموکراسیو یەکسانی‌دا، لەم قوژبنەی جیهان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەتەوەیەك دەژی کە ئێستاش لە سەرەتاییترین مافەکانی بێبەش کراوە، شەڕمان کرد بۆ ئەوەی کە بمێنینو نەتوێینەوە. بەڵێ ئەگەر لە سەدەی بیستو یەكو سەردەمی بەجیهانیبوونیدا ئێستاش کورد بە مافە نەتەوایەتییەکانی نەگەیشتوەو هەر لە دۆخی ژێردەستەییو کۆلۆنیالی‌دا دەژی، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فاکتەرانەی کە باس کران.

دیارە ئەمە بەو مانایە نیە کە حاشا لە کەمتەرخەمیی خۆمان بکەین، هیچکات نەبوو کە هەرسێ مەرجی سەرکەوتن واتە وشیاریی نەتەوەیی، هەلی مێژوویيو رێبەرایەتیی تێگەیشتوومان پێکەوە هەبێ، لەم سێ مەرجە هەر کامیان هەبوو، بێگومان یەکیان ئامادە نەبوو. بۆیە نامانهەوێ تەنیا لە روانگەی گرێدراوی (dependency)یەوە بڕوانینە کێشەی کوردو هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی، بە بڕوای ئێمە لەباری نێوخۆییو لە روانگەی مۆدێرنیزاسیۆنیشەوە کۆمەڵگای کوردو بزووتنەوەکەی هەڵگری کۆمەڵێك کێشەو کەموکۆڕیی وەك، لاوازیی بیری نەتەوایەتی، لاوازیی پەروەردەو فێرکردن، هەژاری، پەرەنەسەندنی بورژوازیی شار، بە پیشەسازینەبوونی کۆمەڵگا، زاڵبوونی هزری نەریتیو خێڵەکی، لاوازیی رێبەرانو رێکخراوە سیاسییەکان لە پێگەیاندنو تێگەیاندنی خەڵك لە مەبەستو پێویستیی خەباتو رێکخستنیانو کۆمەڵێك فاکتەری دیکەی لەم چەشنە بووە. کەوابوو بۆ لێکدانەوەی هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی خەباتەکەمان، پێویستە هەردوو رەهەندی ناوەکیو دەرەکی لەبەرچاو بگرین. زۆرجار لایەنی دەرەکی واتە هەلی مێژوویيو جیهانی لەبار بووە، بەڵام لایەنی نێوخۆیی واتە رێبەرایەتی یا وشیاریی نەتەوایەتی لاواز بوونە وەك هەردوو قۆناغی پاش شەڕی یەکەمو دووهەمی جیهانی، هێندێك جاریش رێبەرانێکی پسپۆڕو شارەزای وەك دوکتور قاسملووی شەهید جڵەوی خەباتیان بەدەستەوە بووە بەڵام یا ئاستی وشیاریی نەتەوایەتیی خەڵك نزم بووە یا رەوتی هاوکێشە جیهانییەکان بە پێچەوانەی ویستی کورد بووە. گەلێك جاریش هەردوو فاکتەری دەرەکیو وشیاریی نەتەوایەتیی خەڵك لەبار بووە، بەڵام مەخابن کە سەرکردایەتیی کورد توانای قۆستنەوەی هەلەکانی نەبووە.

سەرەڕای هەموو ئەم کێشەو گرفتانە، پاش رووخانی یەکیەتیی سۆڤیەتو هەرەسهێنانی جەمسەری کۆمۆنیستیو کۆتاییهاتنی جەنگی سارد کە گۆڕانی هاوکێشە سیاسییە جیهانییەکانو هاتنەئارای هاورێکییەکی نوێی جیهانیی لێ کەوتەوە، وڵاتانی حاکم بەسەر کوردستاندا، پێگەی ستراتیژیکی خۆیانیان لە سیستمی جیهانی‌دا لە دەست داو کورد وەك فاکتەرو یاریوانێکی نوێ بایەخێکی تایبەتیی پێ دراوەو هاتە نێو هاوکێشەکانەوە. هێرشی سوپای بەعسیش بۆ سەر کوێتو داگیرکردنی ئەو وڵاتەو دروستبوونی بەرەیەکی جیهانیی دژ بە سەدام بواری ناوچەیشی بۆ ئەکتیڤکردنەوەی کێشەی کورد بەتایبەت لە باشووری کوردستاندا رەخساند. بۆیە لەو کاتەوە هێزەکانی کورد توانییان بە پشتبەستن بە هەردوو فاکتەری دەرەکیو ناوەکی، کە تاڕادەیەك لەبار بوون، حکوومەتێکی لۆکاڵی (ناوچەیی) لە بەشێك لە کوردستانی باشوور پێك بێنن. بەڵام مەخابن کە ئەو حکوومەتە نوێیەی کە لێی چاوەڕوان دەکرا بەخێرایی پەرە بستێنێو ببوو بە جێگای هیوای کوردی هەر چوارپارچەی کوردستان،بەهۆی هێندێك گرفتی چارەسەرنەکراوی نێوخۆییو دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ تووشی قەیرانی نێوخۆییو شەڕێکی کارەساتباری براکوژی بوو کە لەتبوونو دابەشکرانی ئەو حکوومەتەی بەسەر دوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی‌دا لێ کەوتەوە. ئەگەرچی ئەم بارودۆخە ماوەیەکی زۆری خایاند، بەڵام پێویستیی چارەسەربوونی کێشەی کورد وەك بەشێك لە پرۆژەیەکی گەورەتری زلهێزەکانو بەتایبەت ئامریکاو هەروەها بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاریی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستانو بە قەناعەت گەیشتنی رێبەرانی کورد لەسەر درێژەنەدان بەو بارودۆخە لەلایەكو لە لایەکی دیکەش رووخانی بەعسو بەرجەستە بوونەوەی رۆڵی کورد لە عێراقو داهاتووی ئەو وڵاتەدا، بواری تەبایی نێوان سەرکردایەتیی کوردو یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکەو بەرەوپێشچوونی دۆزی کوردی رەخساند، بۆیە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٢ی زایینی بەملاوە سەرکردایەتیی کورد هەنگاوی بەکردەوەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان دوو ئیدارەو یەکڕیزیو یەکگرتوویی هێزی کورد لەم پارچەیەدا هەڵێنا. هەڵوێستی یەکگرتووی کورد لە بەغدا، رێککەوتنی هەردوو پارتی سەرەکیی کوردستانی باشوور، واتە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دێموکراتی کوردستان لەسەر بەربژێرکردنی بەڕێز مام جەلال بۆ پۆستی سەرکۆماریی عێراقو هەڵبژاردنی بەڕێز کاك مەسعوود بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستانو پشتگیریو هاندانی وڵاتانی گەورە بەتایبەت ئامریکاو بریتانیا لەم رەوتە بوو بەهۆی دڵگەرمیی گەلی کوردو بەشداریی بەربڵاویان لە هەڵبژاردنەکانی پارلمانی عێراقدا کە زۆربوونەوەی قورسایی هێزی کوردی لە حکوومەتی ناوەندیدا لێ کەوتەوە. ئەم ئەزموونە سەرکەوتووە لە یەکیەتیو تەبایی، بوو بە هاندەری سەرکردایەتیی کورد بۆ ئەوەی کە یەکگرتوویییەکەیان بەهێزتر بکەنو ئاواتی پیرۆزی گەلەکەیان کە یەکخستنەوەی ماڵی کوردە، وەدی بێنن. بۆیە پاش زنجیرەیەك کۆبوونەوەو وتووێژی هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتیو یەکیەتی، لەم دوایانەدا بە فەرمی هەواڵی یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکەی کوردستانیان راگەیاندو دڵی کوردو دۆستانی کوردیان شادو خەونی دۆبڕی داگیرکەرانیان شێواند.

ئەم یەکگرتنەوەیە کۆمەڵێك ئاکامی وەك زۆربوونی هیوای کوردی چوارپارچەی کوردستانو زێدەبوونی قورساییو سەنگی کورد لە عێراق لەلایەكو لە لایەکی دیکە دژکردەوەی ناحەزانو نەیارانی کوردی لێ کەوتەوە کە تا دوێنێ بوو بە کەڵکوەرگرتن لەو دووبەرەکیو ناکۆکییانەی نێوان پارتە کوردییەکان زۆرترین دەستێوەردانیان لە کاروباری کوردستاندا کردو پەیتا پەیتاو بە بیانووی جۆراوجۆر لەشکریان دەهێنایە کوردستانو ئامانجە نگریسەکانیانیان پێ جێبەجێ دەکرد. دوژمنانی کورد بە هەموو شێوەیەك هەوڵیان داوە ئەم ئەزموونە ناسەرکەوتوو پیشان بدەنو وەك لە پێشدا باسمان کرد یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی ناکۆکیو شەڕی براکوژییش لە کوردستاندا هەر ئەوان بوون. ئێستا لەم راستییە تێگەیشتون کە یەکیەتیو تەبایی ریزەکانی کورد چی دیکە ئەو مەجالەی پێشوویان پێ نادا و باشووری کوردستان پتر لە جاران دەبێتە نموونەیەك بۆ دەسەڵاتدارێتی کورد لەم سەردەمەو هیوابەخشی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان. بۆیە لە یەکەمین هەڵوێستەکانیاندا، عەبدوڵڵا گولی وەزیری دەرەوەی تورکیە هەرچەن ناڕاستەوخۆ ئاماژە بەم یەکگرتنەوەیە ناکا، بەڵام راست دوابەدوای راگەیاندنی یەکگرتنەوەکە ئاماژە بە گەڵاڵەی بریتانیا بۆ سەربەخۆیی کوردو مەترسییەکانی بۆ ناوچەکە دەکاو حکوومەتەکانی دیکە هەرکام بەشێوەیەك نارەزایەتیی خۆیان لەم کێشەیە دەربڕیوە.


ئێمەی کورد بۆمان دەرکەوتوە کە ئەو کاتەی دوژمنانمان لێمان رازی بن، هەر ئەو کاتەیە کە ئێمە لە هەڵەداینو هەر کاتێك لێمان تووڕە بوونو ناڕەزایەتییان دەربڕی، ئەوە ئەو کاتەیە کە ئێمە دروستو لە بەرژەوەندیی نەتەوەکەماندا جووڵاوینەتەوە. بۆیە لە کۆتایی ئەم باسەدا دەتوانین بڵێین کە لە رەوتی رووداوەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو کوردستان وا دەردەکەوێ کە کورد رێگای سەربەستیو سەرکەوتنی خۆی دیوەتەوەو بۆ یەکەم جارە کە هەلومەرجی ناوەکیو دەرەکی هاوکات ئامادەنو بواری بەرەوپێشچوونیان بۆ رەخساوە.

***

**ئێمەی کورد بۆمان دەرکەوتوە کە ئەو کاتەی دوژمنانمان لێمان رازی بن، هەر ئەو کاتەیە کە ئێمە لە هەڵەداینو هەر کاتێك لێمان تووڕە بوونو ناڕەزایەتییان دەربڕی، ئەوە ئەو کاتەیە کە ئێمە دروستو لە بەرژەوەندیی نەتەوەکەماندا جووڵاوینەتەوە**

# دۆسیەی ئەتومیی ئێران و بنبەستی وتووێژەکان

محەممەد جەمیل کولاهی



ئێستراتیژیکترین بەرنامەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، پارێزگاری لەو ڕێژیمەو، مانەوەی لەسەر دەسەڵاتە. بۆ ئەم مەبەستەش پەنا بۆ هەر کردەوەیەك کە بتوانێ مانەوەی ئەو دەسەڵاتە تەزمین بکا، دەبەن. سیاسەتی درێژەدان بە شەڕ لەگەڵ عێراق، تیرۆرو ئیعدام، ڕەشەکوژیو بەگشتی سەرکوتی خەڵکی ئێرانو سیاسەتی گرژیو قەیران خوڵقێنی، پشتیوانی لە تیرۆریزمو دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە تایبەتی مەسەلەی ئاشتیی نێوان ئیسراییلو فەلەستینو نانەوەی ئاژاوە لە عێراقدا، هەموویان بۆ پارێزگاری لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامین.

بێگومان هەوڵی دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکییش لە درێژەی ئەو سیاسەتە دایە، بۆیە سەرانی ڕێژیم دەیانەوێ ببنە خاوەن دەسەڵاتێکی ئەتومی، تا بەم جۆرە دەسەڵاتێکی بێسنوور بەدەست بێننو لەبەرامبەر هەر چەشنە هەرەشەیەکی دەرەکیو ناوخۆییدا ڕابوەستن. تاوتوێکردنی ئەو هەموو بابەتە لە یەك وتاردا ناگونجێ، بۆیە لەم وتارەدا تەنیا لەسەر کێشەی ئەتومیی ئێران باس دەکرێ.

سەرەتا پێویستە بگوترێ کە لەو ناوچەیەدا چەند وڵات، واتە ئیسراییل، هێندو پاکێستان خاوەنی تێکنولوژیی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکین، ئەوە لەکاتێکدایە کە ئەو وڵاتانە پەیمانی NPT یان پەسندو ئیمزا نەکردوە، لەم بارەیەوە نەتەنیا ڕووبەڕووی فشاری ئابووریو سیاسیو هەڕەشەی چەکداری لەلایەن وڵاتانی دەرەوەی وەك ئەمریکا نەبوونەتەوە بەڵکوو پێوەندییەکی بەربڵاوی سیاسیو ئابووریو تەنانەت نیزامیشیان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بە تایبەت ئەمریکا هەیەو جگە لە یارمەتی ئابووری، لە هێندێك بواردا لەلایەن ئەمریکاوە لە بواری وزەی ئەتومییشدا یارمەتی دەدرێن، بۆ وێنە بەستنی پەیمانی هاوکاریو یارمەتی چەند مانگی ڕابردووی ئەمریکا لەگەڵ هێند لەبواری تێکنولوژیی ئەتومیدا.

لەباری یاساییەوە ئێران وەکوو ئەو وڵاتانە مافی ئەوەی هەیە کە دەستی بەو تێکنولوژییە ڕابگاو ببێتە خاوەنی تێکنولوژیی ئەتومی، بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە لەبەر چ هۆگەلێکە کە ئێران تەنانەت بە ئیمزاکردنی پەیمانی NPT و قبووڵی چاوەدێری کردنی پسپۆڕانی IAEA بەسەر پرۆژە ئەتومییەکەیدا، جێگای متمانەی وڵاتانی جیهان نیەو دەکەوێتە ژێر گوشاری سیاسیو ئابووریو هێرشی چەکدارانەی ئەو وڵاتانەوە؟

بەرلە هەموو شتێك دەبێ بگوترێ کە ئەو وڵاتانەی ناوچە کە تێکنولوژیی ناوکییان هەیە، پەیمانی NPT یان ئیمزا نەکردوە، بەڵام ئێران کردویەتیو وڵاتە ڕۆژئاواییەکان دەڵـێین ئێران دەبێ ئەو بەندانەی کە لە پەیمان نامەکەدا هاتون یەك بە یەك جێبەجێ بکا. جگە لەوە چەندین هۆکار بوونەتە هۆی ئەوە کە وڵاتانی جیهان بە تایبەت ڕۆژئاوا متمانەی خۆیان بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی لەمەڕ پرۆژە ئەتومییەکەی لەدەست بدەن.

گەرچی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەڵـێ، پرۆژەی ئەتومیی ئێران بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی نیەو نیازی ئاشتیخوازانەی لەو پرۆژەیەدا هەیە، بۆ بەرهەمهێنانی کارەباو لێکوڵینەوە زانستییەکان پێویستی بەو تێکنولوژییە هەیەو سەرەرای ئەوە دەڵـێ قبووڵ کردنی پەیماننامەی NPTو دواخستنی پیتاندنی ئۆرانیوم لە پێناوی دەرخستنی نیازپاکیی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ پرۆژە ئەتومییەکەی دا بووە، بەڵام نهێنیکاریی ئێران بۆ ماوەیەکی دوورو درێژو پەرەپێدانی دامەزراوە ئەتومییەکانی بەدوور لە چاوەدێریی IAEAو بێ وەڵام هێشتنەوە پرسیارەکان لەمەڕ بەرنامە ئەتومییەکەی، نیازپاکیی ئێران لەو بارەوە بە تەواوی دەباتە ژێر پرسیار و ئەو پرسیارە دێنێتە گۆڕێ کە ئەگەر ڕێژیمی ئێران، مەبەستی ئاشتیخوازانەی لەو بەرنامەیە هەیە، بۆ بەو شێوەیە نهێنیکاری کردووەو بەرنامەی ئاشتیخوازانە چ پێویستییەکی بەو هەموو نهێنیکاریو حەشاردانە هەیە؟

خالێکیتری جێگای باس ئەوەیە کە ئێران وڵاتێکە کە لەباری سەرچاوەی نەوتو گازی سرووشتییەوە دەوڵەمەندەو لە دوای ڕووسیە دووەمین وڵاتی دنیایە کە زۆرترین سەرچاوەی گازی سرووشتیی هەیە، کە دەتوانێ لەو سەرچاوانە بۆ بەرهەمهێنانی بە قەولی خۆی کارەبا کەڵك وەربگرێ کە لەباری ئابووریشەوە بۆ ئێران لەپرۆژەی ئەتومی گونجاوترە.

شتێکی دیکە کە پەرەبە گومانی بوونی بەرنامە ناوکییەکانی ئێران دەدا، پرۆژە مووشەکییەکانی ئێرانە کە دەیەوێ دەستی بە تێکنولوژی بەهەرمهێنانی مووشەکی دوورهاوێژ ڕابگا.

بێجگە لەوانە ڕێژیمی ئێران، ڕێژیمێکی ئیدیولوژیکی ئیسلامییەو ڕابردوویەکی پڕ لە تیرورو توقاندنو پێشێلکردنی مافی مرۆڤی هەیەو بە سەرەکیترین پشتیوانی تیرۆریزم لە جیهاندا ناسراوە. بۆیە ڕابردووی ئەو ڕێژیمە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەو ڕێژیمە چووکترین بایەخ بۆگیانی مرۆڤەکان دانانێو بۆ مانەوەی خۆی پەنا بۆ هەر کردەوەیەکی جینایەتکارانە دەبا. هەڕەشەکانی ئەو ڕێژیمە بۆ سەر ئیسراییلو هەڕەشەی سڕینەوەی ئەو وڵاتە لەسەر نەخشەی جوغرافیای جیهان، ئەو ڕاستییە تاڵە بۆ هەموو دنیا دەردەخا، بۆیە وڵاتانی ئازادی جیهانو لە سەرووی هەموویانەوە ئەمریکا ئەو ڕاستییەیان بۆ دەرکەوتوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی تەیار بە چەکی ناوکی قەیران خوڵقێنەو کۆمەڵگای جیهانی تووشی کێشە دەکا، ئەویش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە ڕێژیمی ئێران، ڕێژیمێکی دیکتاتۆرو سەرەڕۆیەو بەپێچەوانەی وڵاتە دێموکراتیکەکان هیچ چەشنە بەرپرسیارییەتییەکی بەرامبەر بە گیانی مرۆڤەکان نیەو بەرژەوەندیی ڕێژیم هەموو کاتێك لە سەرووی بەرژەوەندیی خەڵکییەوە دادەنێ. وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە لێکدانەوەی ئەو خاڵانە بۆیان دەرکەوتوە کە ڕێژیمی زاڵ بەسەر ئێراندا، بەدوای

**ئێستراتیژیکترین بەرنامەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، پارێزگاری لەو ڕێژیمەو، مانەوەی لەسەر دەسەڵاتە. بۆ ئەم مەبەستەش پەنا بۆ هەر کردەوەیەك کە بتوانێ مانەوەی ئەو دەسەڵاتە تەزمین بکا، دەبەن**

بەرهەمهێنانی چەکی ناوکییەوەیە، بۆیە هەموو تێکڕا بۆ بەرگری لە گەیشتنی ئەو ڕێژیمە بەو چەکانە هاودەنگن.

بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە ئەوە ماوەی پتر لە دووساڵە سێ وڵاتی ئاڵمان، فەرانسەو بریتانیا بە نوێنەرایەتی لەلایەن وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی IAEA لەگەڵ ئێران لەسەر دۆسیەی ئەتومیی ئەو وڵاتە لە دانوستاندندان. لەم نێوەدا لەژێر گوشاری نێودەوڵەتیدا، ئێران بە شێوەی کاتی چڕکردنەوە ئۆرانیومی دواخستو لەرێکەوتننامەی پاریسدا لەسەر ئەوە ڕێك کەوتن کە لە درێژەی دانیشتنەکاندا ئێران دەست بە چڕکردنەوەی ئۆرانیوم نەکاتەوە. لە درێژەی ئەم دانیشتنانەداو لەژێر گوشاری نێودەوڵەتیدا ئێران پەیمانی NPTی ئیمزا کردو ڕەزامەندیی خۆی لەمەڕ سەردانی چاوەڕوان نەکراوی، پسپۆڕانو چاوەدێرانی IAEA بۆ ئێرانو دیتنو لێکوڵـینەوەیان لەهەر شوێنێك لە ئێران کە بیانهەوێ دەربڕی.

ئەوکات لەلایەکەوە بە هۆی ئەوە کـە هاوکات دووباڵی ڕێفورمخوازو توندرەوی ڕێژیم لەسەر کار بوون چەند دەنگیو چەند هەڵوێستی بەسەرکێشەی ئەتومیی ئێراندا زاڵ بوو، لەلایەکی دیکەوە باڵی توندرەوی ڕێژیم کە لـە باری "نەتـەوەیی" بـوونی پـرۆژەی ئەتومییـەوە تـەبلیغێکی زۆری دەکرد، لەسەر ئەو باوەڕە بوون کـە دەبـێ بەرپرسـانو تەنانـەت خـەڵکی ئاسـاییش بەرامبەر بەو کێشەیە یەك دەنگ بنو لـە بەرامبەر ڕۆژئـاوادا ڕابوەسـتن. ئاکـامی ئـەو بیرکردنەوەیـە واتـە "یـەك دەنـگ" کردنـی دەزگـای دەسـەڵاتداری لەمـەڕ دۆسیەی ئەتومیی ئێران، بوو بە هۆی لـە سەرکار لابردنی باڵی ڕێفورمخوازی ڕێـژیم.

بۆیـە ڕەوتـی وتووێـژەکان بـە هاتنـە سەرکاری ئەحمەدینەژاد وەك سەرکۆماری ئێران کە کەسایەتییەکی توندرەوو سـەر بـە باڵـی پـاوانخوازی ڕێژیمـە شـێوازێکی دیکـەی بـە خۆیـەوە گـرت، بەهاتنـە سـەرکاری نـاوبراو لـە ئەنجومـەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەییو ئـەو گرووپـەی کـە لەگـەڵ وڵاتـە ئورووپاییـەکان لەسـەر دوسـیـەمی ئـەتومیی ئێـران وتووێـژیی دەکـرد، ئـاڵوگۆڕێکی قووڵیـان بەسـەردا هاتو بەرواڵەت وای لـێ دەرکـەوت کـە لەسەر ئەو کێشەیە هـاودەنگنو بـە یـەك هەڵوێسـتی گەیشـتوون، بۆیـە وێـڕای ئەوەیکـە وڵاتـە ئورووپاییـەکان بەڵـێنی یارمـەتیی ئابووریـان بـە ئێـران داو ئـەمریکا ڕەزامەنـدیی خـۆی لەسـەر وەرگرتنی ئێران وەك ئەندام لە ڕێکخراوی تیجـارەتی جیهـانی بـە مـەرجی دەسهەڵگرتن لـە بەرنامـە ئەتومییـەکان دەربـڕی، ئێـران هـەمووی ئەوانـەی ڕەدکردنەوەو سەر لـە نـوێ پێـی لەسـەر درێـژە پێـدانی بەرنامـە ناوکییـەکانی داگرتەوەو پیتاندنی ئوورانیومی بە مافی بێئـەملاو ئـەولای خـۆی زانـیو لـەو پێنـاوەدا دامـەزراوەی ئـەتومی ucfی ئێسفەهانی کە لـە لایـەن IAEA یـەوە داخرابوو، بـەبێ گـوێدان بـە نارەزایـەتی جێهانی وەگەڕخستەوە.

ئەو سیاسەتە گرژی خوڵقێنانەی ئەحمەدینەژاد، دەرخەری ڕوانگە ئیدیولوژیکەکانی ناوبراوە کە لەسەر ئەو باوەڕەیە، کە سیاسەتی وەلانانی گرژیو توندوتیژی لە بەرامبەر ڕۆژئاوادا کە لە ساڵانی ڕابردوودا بە ڕێوە چووە بە زیانی کۆماری ئیسلامی بووەو ئەم ڕێژیمە تەنیا بەڕاوەستان لە بەرامبەر ڕۆژئاوا دەتوانێ درێژە بە تەمەنی خۆی بداو پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی بکا، بۆیە ئاگادار کردنەوەکانی ڕۆژئاوا، لە ئاکامەکانی دەست پێکردنەوەی بەرنامە ناوکییەکانی لە بەرچاو ناگرێو درێژە بەو ڕێگایە دەدا کە گرتوویەتە بەر. لەدرێژەی ئەم سیاسەتەدا بوو کە بەدوای هەرەشە بۆ سەر ئیسراییلو حاشاکردن لە کوژرانی بە کۆمەڵی ٦ میلیون جوولەکە لە شەڕی دووەمی جێهانی بەدەستی هیتلێر، لێکوڵینەوە ئەتومییەکانی لە دامەزراوەی ئەتومیی نەتەنز دەست پێکردەوە. جێگای ئاماژە پێکردنە کە چەند هۆکارێك بوونەتە هۆی ئەوە کە دەوڵەتی ئەحمەدینەژاد ئاوەها بەدڵنیاییەوە پێ لەسەر بەرنامە ئەتومییەکانی دابگرێو لە بەرامبەر ڕۆژئاوادا ڕابوەستێت:

ئا: کاتێك کە ڕێژیم دامەزراوەی ucfی ئێسفەهانی وەگەڕ خستەوە وڵاتانی ڕۆژئاوایی نە تەنیا دژکردەوەیەکی ئەوتۆیان بەرامبەر بە ڕێژیمی ئێران نیشان نەدا، بەڵکوو پێشنیاری درێژەپێدانی وتووێژەکانیان پێدایەوە، کە ئەمە بوو بە هۆی ئەوە کە ڕێژیم وای لـێ تێبگات کە ئورووپاو ئەمریکا توانای ڕووبەروو بوونەوە لەگەڵ ئێرانیان نیە، بۆیە دەستپێکردنەوەی لێکوڵینەوە ئەتومییەکان لە نەتەنز ئاکامی نەگرتنی هەڵوێستێکی ئەوتۆ لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواییەوە بوو، بۆیە ئەگەر ئەمجاریش ئەو وڵاتانە دژکردەوەیەکی ئەوتۆ نیشان نەدەن ڕەنگە ئێران لە هەنگاوی داهاتوودا چڕکردنەوەی ئوورانیوم دەست پێ بکاتەوە. هەر چەند ڕەنگە ئەوە دەرفەتێك بووبێ کە لە لایەن ئەمریکاوە درابێ، بۆ بەدەستهێنانی بیروڕای وڵاتانی دنیا لەمەڕ ئەو کێشەیە.

ب: ڕێژیم سەرقاڵبوونی ئەمریکا و هاوپەیمانان بە ئاڵۆزییەکانی عێراقو تا ڕادەیەکیش ئەفغانستانو بەئاکام نەگەیشتنی ئاشتیی نێوان ئیسراییلو فەلەستینی وا لێك داوەتەوە کە هاوپەیمانان بەتایبەتی ئەمریکا مەجالی هێرشی چەکدارییان بۆسەر ئێران نیە.

پ: کۆماری ئیسلامی گران بوونی نرخی نەوتو سووتەمەنی بەگشتی لە بازارەکانی جێهانیدا وا لێك داوەتەوە کە گەمارۆی ئابووریی ئێران بە زیانی وڵاتانی ڕۆژئاواییە، بەتایبەتی لە کاتێکدا ئێران چوارەمین وڵاتی بەرهەم هێنەری نەوت لە جێهاندایەو بارودۆخی عێراق ئاڵۆزەو ناتوانێ جێگای ئێران بگرێتەوە.بۆیە وای بۆ دەچی کە بەگەمارودانی ئابووریی ئێران نرخی نەوت دەچێتە سەرێ.

بەڵام پرسیار ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی وێڕای ئەو هەرەشانە کە لە لایەن ئەمریکاو ئورووپاوە لێی دەکرێن لەبەر چ هۆیەکە درێژە بە بەرنامە ناوکییەکانی دەداو پێیان لەسەر دادەگرێ؟

یەکێ لەو هۆیانە، بوونی هێزەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بەتایبەتی لەسەر سنوورەکانی ئێران واتە ئەفغانستان، کەنداوی فارسو عێراقو هەروەها تەیار بوونی ئیسراییل وەك دوژمنیی پلە یەکی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ناوکییە، ڕێژیمی ئێران ئەوانە بە هەرەشەیەکی گەورە بۆسەر خۆی دەزانێو دەیەوێ بەدەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی هێزێکی بەرگیرەوە لە بەرامبەر ئەو هەرەشانەدا بەدەست بێنێ.

هۆکارێکی دیکە پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی گەورەیە کە لەلایەن ئەمریکاوە کەوتوتە ڕوو بە پێی ئەو پرۆژەیە دەبێ دەسەڵاتگەلێکی گەلیو دێموکاتیك، جێگای ڕێژیمە سەرەروو دیکتاتورەکان بگرنەوە، بۆیە بە ڕووخانی ڕێژیمە دیکتاتورەکانی تالیبانو بەعس لەلایەن ئەمریکاوە، ڕێژیمی ئێران ترسی ئەوەی لـێ نیشتوە کە ڕۆژێکیش دادێ کە ئەو پرۆژەیە ئێران دەگرێتەوە، بۆیە مەلاکان بە هەموو شێوەیەك بۆ پڕ چەککردنی خۆیان تێدەکوشن کە لەوانە هێزی بەتواناو وەدستێنەریی چەکی ناوکییان بۆ دەرکەوتو. ئێستا مانەوەی دەسەڵاتی خۆیان لە بەدەست هێنانی ئەو چەکەدا دەبینن بۆیە بۆ بەدەستهێنانی، ئەو پەڕی تێکوشانی خۆیان دەکەن.

گرتنە پێشی ئەو سیاسەتەو گەیشتن بەو عەقلییەتەو ڕاوەستان لەبەرامبەر ڕۆژئاوادا وتووێژەکانی نێوان ئێرانو ئورووپای بەبن بەست گەیاند. لەو کاتەدا ڕووسیە کە لەو ساڵانەی ڕابردوودا بەشێوەگەلی جۆراوجۆر پشتیوانیی لە ئێران کردوە، گەڵاڵەیەکی بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە خستە ڕوو کە بە پێی ئەو گەڵاڵەیە دبوایا ئێران، چڕکردنەوەی ئوورانیومی ببردبایەتە نێوخاکی ڕووسیەوە.

ئەو گەڵاڵەیەی ڕووسیە ڕێگا چارەیەکی باش بوو بۆ دەربازبوونی ڕێژیم لەو قەیرانە، بەڵام بە وتەی پسپۆڕانی بواری ئابووری، گواستنەوەی پیتاندنی ئۆرانیوم بۆ خاکی ڕووسیە لەباری ئابوورییەوە، ئەوەندە بە زیانی ئێران تەواو دەبێ، کە باشتر وایە ئێران بەرنامەی پیتاندنی ئوورانیوم هەروا دوا بخاو تێبکوشێ ئیمتیازی پتر لە ڕۆژئاوا بگرێ. پێویستە بگوترێ کە ئەو گەڵاڵەیە وەکوو دوورێانێك وایە، کە ئەگەر ئێران قبووڵی بکا، ئەوە ڕۆژئاوا بە مەبەستەکانی خۆی گەیشتوەو ئێران لە پیتاندنی ئوورانیوم لە نێوخۆی ئێراندا بێوەری دەبێ کە ئەمە لەباری سیاسی ـ دیپلوماسیو لەباری ئابوورییەوە بە زیانی ئێرانە. ئەگەر گەڵاڵەکە ڕەد بکاتەوە، ئەوە ئێران پشتیوانێك وەکوو ڕووسیە کە لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا خاوەنی مافی ڤیتۆیە لەدەست دەداو ڕووسیەش دەڕواتە بەرەی ڕۆژئاواوەو گوشارە نێونەتەوەیییەکان بۆسەر ئێران زیاتر دەبن. هەر لەبەر ئەو دووخاڵە بوو کە ئورووپاو ئەمریکا پشتیوانییان لەو گەڵاڵەی ڕووسیە کرد.

بەدوای ئەو وتانەی ڕێبەرانی ڕێژیم دا کە دەیانگوت پیتاندنی ئوورانیوم لەنێوخۆی ئێران مافی ئێرانەو هەروەها بەدوای دەستپێکردنەوەی لێکوڵینەوە ناوکییەکان لە نەتەنزدا ڕووسیە هاوکات لەگەڵ وڵاتە ڕۆژئاوییەکان نارەزایەتیی خۆی دەربڕیو گوتی لە سەر چوونی دوسیە ئەتومیی ئێران بۆ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕێگر نابێت، کە ئەمە سەرەڕای ئەوە سەرکەتنێکی گەورەیە بۆ ڕۆژئاوا بەتایبەتی ئەمریکا، هاوکات گوشارێکە لەلایەن ڕووسیەوە بۆ سەر ئێران بۆ ئەوەی ئێران گەڵاڵە پێشنیار کراوەکەی قبووڵ بکا چونکە لەباری ئابوورییەوە قازانجی زۆری بۆ ڕووسیە بەدواوە هەیە. ئەوە لە کاتێکدایە کە وڵاتە ئورووپاییەکان بەفەرمی لە دانیشتنێکدا کە لە ئەڵمان گیرا بە بنبەست گەیشتنی وتووێژەکانیان لەگەڵ ئێران ڕاگەیاندو داوای دانیشتنی نائاسایی IAEA یان کرد.

**ڕێژیمی ئێران، ڕێژیمێکی دیکتاتۆرو سەرەڕۆیەو بەپێچەوانەی وڵاتە دێموکراتیکەکان هیچ چەشنە بەرپرسیارییەتییەکی بەرامبەر بە گیانی مرۆڤەکان نیەو بەرژەوەندیی ڕێژیم هەموو کاتێك لە سەرووی بەرژەوەندیی خەڵکییەوە دادەنێ**

لەکاتێکدا کە کۆماری ئیسلامی ڕێگایەکی بۆ وتووێژ نەهێشتوتەوە، تەنیا ڕێگای فشار هێنانێك کە ماوەتەوە، بردنی پەروەندەی ئەتومیی ئێران بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە. ئەو ڕێکخراوە دەتوانێ بۆ ئەو وڵاتانەی کە بە وتەی IAEA بەڵـێنییەکانی خۆیانیان لەمەڕ بەرگری لە بڵاوبوونەوەی چەکی ناوکی ژێرپێ ناوە، سزای نێودەوڵەتی دیاری بکا. پەسندکردنی ئەم سزایە لەو ڕێکخراوەدا پێویستی بەهاودەنگی پێنج ئەندامی هەمیشەیی ئەم ئەنجومەنە ـ ئەمریکا، ڕووسیە، چین، فەرانسەو بریتانیا ـ هەیە. پێویستە بگوترێ کە بەم زووانە ئەمریکا بەرپرسیی دەروەیی ئەنجومەنی ئاسایش وەئەستو دەگرێو ئەگەر دوسیەی ئەتومیی ئێران بدرێتە ئەو ڕێکخراوە، ئەمریکا تێکوشانی جیددی خۆی بۆ فشار هێنانی نێونەتەوەیی بۆسەر ئێران، لەوانە فشاری سیاسیو ئابووری دەست پێدەکا، بە تایبەتی ئەمریکا بۆخۆی ئەوە ماوەیەکی زۆرە یەك لایەنە گەمارۆی ئابووریی خستوتە سەر ئێران، کە لەتمەیەکی زۆری لە ئابووریی ئێران داوە.

پێویست بە ئاماژە پێکردنە کە پارلمانی ئێران گەڵاڵەیەکی پەسندکردوە کە بە پێی ئەوە دەوڵەت دەبێ هاوکات لەگەڵ بردنی دوسیەی ئەتومیی ئێران لەلایەن ڕۆژئاواوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووکان، پیتاندنی ئوورانیوم دەست پێ بکاتەوەو پێشگیری لە هاتنی پسپۆڕانو چاوەدێرانی IAEA بۆ دیتنی دامەزراوە ئەتومییەکانی ئێران بکاو لە پەیمانی NPT بێتە دەرێ. بۆیە ئەگەر گوشارە نێودەوڵەتییەکان لەئاستێکدا نەبن کە کۆماری ئیسلامی تێك بشکێنن، چوونی دوسیەی ئەتومیی ئێران بۆ ئەنجومەنی ئاسایش نەتەنیا قازانجێکی بەدواوە نابێ بەڵکوو دەبێتە هۆی ئەوە کە ئێران بەرنامەکانی خۆی بەدوور لە چاوەدێری نێودەوڵەتی بەرێوەبەرێو بە مەبەستەکانی خۆی بگا، ئێستا کە وێنەیەکی خراپ لە کۆماری ئیسلامی بە هۆی هەڵوێستە نابەجێیەکانیەوە لە جێهاندا پێك هاتوە بیروڕای گشتیی جێهان ئامادەیی خستنە سەرێ هەر چەشنە فشارێك بۆسەر ئێران لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە هەیە، بەڵام نابێ ئەو فشارانە ئەوەندە لە ئاستێکی خوارەوەدا بن کە ئەو کێشە بەقازانجی کۆماری ئیسلامی تەواو بێ.

***

## ورد و سەرنج

مەسعوود بابایی

**سەرنجی سێهەم**

### زمان و ئەبستراکت (Abestract= انتزاع) و چەمکسازی ( Concept Formation)

ئەگەر ئەبستراکت نەبوایە ئایا ئێمە دەمانتوانی لە جیهانی مەتریالی دەرباز بین؟ ئەم ئەبستراکتە چۆن دروست دەبێ و بەگشتی مەبەست لە ئەبستراکت چیە؟ ئەبستراکت بەراوەژو بوونەوەی پێوەندیی ئاسۆیی وشە ـ وێنەیە، کە پەیوەندیەکی وێنە و وێنایی‌یە. ئەبستراکت پەیوەندیەکە دەکاتە ستونی واتە ئەمجارەیان وشە لە رەهەندی دیکەدا بەکار دێ و وێنەکەشی ئاڵۆزتر دەبێ. رەنگە دنیای مێتافیزیك دنیایەکی ئەبستراکتی بێ و لەودا تەنیا کۆمەڵێك ئایدیالی مرۆیی دۆخی کەتوار (Real)ی خۆیان لە بەستێنێك کە بەدەرە لە بەستێنی مەتریال ـ سروشت، سەپاندبێ، بەهەرحاڵ ئێمە نازانین دنیای مێتافیزیك جیهانی بان سروشتە یان جیهانێکی زمانکردە. ئەگەر بان سروشتە کەوابوو راستەقینەیە و دیوێکی دیکەی بوونە، ئەگەر زمانکردە جیهانێکی ئەبستراکتە کە مرۆڤ دایدەهێنێ. بەڵام بەراستی ئەم جیهانی ئەبستراکتە چۆن دروست دەبێ؟ بۆ وڵامدانەوی ئەم پرسیارە ئێمە ناچارین پەنا بۆ گریمانە ببەین. من لێرەدا زیاتر بڕوام بە گریمانی پشت بەستو بە زمان هەیە. بەپێی ئەم گریمانە ـ کە دەشتوانێ بکرێتە تیۆری ـ زمان وا دەکات کە جیهانی راستەقینەش بە شێوەیەکی دیکە بێتە بەرچاو. زمان کە رەستەیەکی روونکەرەوەیە، بەڵام لەهەمان کات دا چەواشەکاریشە. بۆچی؟ چونکە چەمکسازی دەکات. چەمك وشەیە، بەڵام وشە چەمك نیە، دەتوانین بڵێین هەموو چەمکێك وشەیە، بەڵام هەموو وشەیەك چەمك نیە. چەمك سیمای دووەمی وشەیە، واتە لە پەیوەندیی ستوونی‌دا دروست دەبێ و راستەوخۆ لە بیرۆکەی (idia)روتەوە، کە ئە بیرۆکە رووتە ئەبستراکتە و سەرچاوەی فیکری ـ فەلسەفی هەیە، باری واتایی دەگۆڕێ و ئەم بارە واتایی‌یە تازەیە راڤەیەکی نێواخنی (باطنی) دروست دەکا. کاتێك کە دەوترێ جیهانی مەتریالیستی، مەبەست هەمان جیهانی (بەرهەست، وێنەیی، ئەزمونی)یە، کاتێکیش کە دەوترێ جیهانی مرۆیی (دەرهەست، ئایدیالی و ئۆتۆپیك و خەیاڵکرد)ە، ئەم دوو جیهانە هەم پێکبەستراو و هەم لێکدابڕاون، بەڵام بەپێ هەبوونی جیهانی فیزیکی، جیهانی مێتا ـ فیزیك، نیە. مێتافیزیك جیهانێکی گریمانەیی‌یە کە زمان دروستی دەکا، چەمك تەنیا وشە نیە، بەڵکوو نۆژەنکردنەوە و بەراوەژو کردنەوەی واتای ئاسایی وشەیە بۆ بارێك کە دوورە لە دۆخی پێش خۆی و دروست کردنی جیهانێکی خەیاڵی‌یە کە بەهۆی زاراوەکانەوە چەواشەمان دەکەن و ئیدی دەگەینە ئاستێك کە بەرەو مێتافیزیك راکێش دەکرێین. چەمکسازی ئەکێکی (Function) دیکەی زمانە. بەڵام ئەمجارەیان دنیای دەرەوە، رۆڵێکی ئەوتۆی نیە. کاتێك ئاسۆیی دەڕوانین جیهانی ماتریالیستی بەو چەشنەی کە هەیە دەبینین و کاتێك بەرەو نهێنی‌یەکانی بوون هەڵدەکشێین ئیدی وشەکانی دنیای بەرهەست (عینی) دادمان نادەن. ئەمجارە دەبێ عەقڵ بۆ گەیشتن بە دنیای بەرین (باڵا) Transcendent چەمکسازی بکا. ئەم چەمکانە دارشتنەوەی هێڵی ئاسۆیی زمانن، بەجۆرێك کە بشێ بە شێوەیەکی شاقووڵی و بەبێ بژیوانی دنیای ماتریالیستی و وێنەیی، ئەم دنیا تازەیە بخولقێت، ئەمە چەمکی عەقڵی پەتی یە کە کانت باسی لێوە دەکا. ئاوەزمەندیی فەلسەفی بەبێ چەمکسازی ناتوانێ لەکۆتی پەیوەندیی ئاسۆیی زمان رزگاری ببێ. بۆ وێنە سەرنج بدەنە ئەم زاراوانە: هەقیقەت، بنچینە، کەتوار، بەرهەست، دەرهەست، پێکناکۆك (Paradox)، خواوەند پاشان لەگەڵ ئەم زاراوانە بەراوردیان بکەن: خۆر، مرۆڤ، ئاژەڵ، گاسن، سەرما، گەرما، تاڵ، شیرین... هتد. ئایا دەتوانی وێنەیەك بۆ زاراوەکان لە دنیای دەرەکی و ماتریالیستی‌دا بدۆزنەوە، تەنانەت ئەگەر مەبەستمان لە هەقیقەت بەرەنجامی ئەزموونی بێ، نەك مێتافیزیکی؟

هەمدیس ناتوانین وێنەیەك لەم زاراوەیە نیشانی یەکتری بدەین و لە چوارچێوەی نیشانە پەسندی (Signifiable)ی زمانی و لە بیاڤی وێنەیی ـ ماتریالیستی‌دا دیاری ناکرێ، چونکە وەکوو وشەکان لە سروشت دا بوونێکی بەرهەستی نیە. زاراوەکان لەرووی مۆرفۆلۆژی‌یەوە وشەن و لە واتا ناسیش دا یەکەیەکی واتایین، بەلام لەئاستی پراگماتیك دا جیان، چونکە زاراوە هەڵێنجراوی چەمکە و لە بیاڤی زانستی‌دا چڕکراوەی بەرەنجامێکی ئەزمونی ـ عەقڵانی زانستێك یا لقە زانستێکە کە بە زانینی زاراوەکە نیوەی بابەتەکە دەناسرێتەوە. چەمك وەکو چۆمسکی دەڵێ: "کەپسولێکە". چەمك کۆمەڵە تێگەیشتنێکی عەقڵیە کە بەهۆی پۆلێن بەندیەوە، بەرکۆتێك لە ناسین (Episteme)ە. هەر یەك لەو کەپسولانە لانکەی زاراوەن. بەڵام وشەی پەتی بەگشتی لە زمانی رۆژانەی خەڵك و تەنیا بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی و لە ڕێڕەوی رستەدا بەکار دێ کە باری واتایی تایبەت بەخۆی هەیە.

بۆ ئەوەی لە دنیای هەستەکان بچینەدەرێ و لە کۆتی تاك رەهەندیی وێنە رزگار بین، عەقڵی مرۆڤ رەهەندێکی دیکەی بوون دەدۆزێتەوە. ئەمە سەرەتای زاڵ بوونی مرۆڤە بەسەر جەبری سروشت. زمان کە دروست کراوی عەقڵی مرۆڤە و ئامرازی راڤەکردنی جیهانە، لە ڕێگای چەمکسازی‌یەوە پەیوەندی‌یەکی دووسەرە لەنێوان ئەبستراکت و کەتوار دەڕەخسێنێ، من بەم پەیوەندیە دووسەرەیە دەڵێم هەڵشکانی ناسین لەڕێگەی چەمکەوە کە دەبێتە هۆی هەڵکشانی راڤە و لەوێشەوە، عەقڵ پێداچونەوە لەسەر بەرەنجامە بەرایی‌یەکانی خۆی دەکات و بەرەبەرە زمانی فەلسەفی و لۆژیك جیهانێکی تازە دەخوڵقێنن کە عەقڵ ژێرخان و زمان سەرخانیەتی، کە ئەمانە هەردووکیان دروستکەری ئەم جیهانە تازەیەن کە من پێی دەڵێم جیهانی مرۆیی لەبەرامبەر جیهانی ماتریالیستی. هەڵبەت بەبێ هەبوونی جیهانی ماتریالیستی جیهانی مرۆیی پێك نایەت. چونکە جیهانی ماتریالیستی بزوێنەری عەقڵ و سەرەتای زمانە. چەمکسازی ئاستی بەرزی زمان و پێگەیشتنی عەقڵی مرۆڤە و ئەبستراکت خولقاوی چەمکەکانە و چەمکەکانیش داهێنەری زاراوەکان.

# رۆڵی چیرۆك لە گەشەکردنی منداڵ

ئا: تەلار کەمال مەدحەت، نیگار کەمال محەمەد

**بەشی سێهەم و کۆتایی**



**تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی منداڵان لەڕووی نەخشەسازی**

**تەمەنی ٩ مانگی ـ ٢ساڵی:**

لەم تەمەنەدا پێویستە کتێبەکان ڕەنگاوڕەنگ بن و قەبارەیان گەورە بێت، ئەگەر یەك تا دوو وێنە لە سەرەتادا هەبێت ئەوا سەرنجڕاکێشترە، و لە کارتونی ڕەق و پتەو دروست کرابێت، بۆ ئەوەی هەڵدانەوەی ئاسان بێت و ماوەیەکی زیاتر بمێنێتەوە بەدەست منداڵەوە.

**تەمەنی ٣ ساڵی ـ ٤ ساڵی:**

- ژمارەی وێنەکان لە لاپەڕەیەکدا دەبێت کەم بێت
- بە فونتێکی گەورە بنووسرێت
- پیت و وشەی کەم، ڕستەی کورت
- لەگەڵ کتێبەکەدا دەلیلێك هەبێت بۆ بەکارهێنەری کتێبەکە (دایك و باوك، یا خود هەر بەخێوکەرێك) بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانی کتێبەکە.

**تەمەنی ٤ ـ ٧ ساڵی:**

- جیهانی گیانداران بگرێتە خۆ
- بابەتی سەرسوڕهێنەری خەیاڵی تێدا بێت

**منداڵانی کەم توانا و چیرۆك و بڵاوکراوەکان**

**منداڵانی کەم توانا کێن؟**

ئەو منداڵانەی کە بەهۆی تووشبوونیان بە نەخۆشیەکی تایبەت لە قۆناغەکانی (کورپەلەیی، لەدایك بوون، یاخود دوای لەدایك بوون)، وەك (ئیفلیجی مێشك، ئیفلیجی منداڵان، داون، دواکەوتنی گەشەی ژیری و جەستەیی، کەم و کورتی لە پەلەکانی سەرەوە و خوارەوە... هتد) کەمتوانان لە بەکارهێنانی ئەندامەکانی لەشیان بە بەراورد لەگەڵ منداڵێك کە کێشەی جەستەیی و ژیری نییە.

**جۆرەکانی کەمتوانایی:**

١ـ کەمتوانایی فیزیکی (جموجۆڵ)

٢ـ کەمتوانایی هەستی (هەستەکان وەك بینین، بیستن...)

کەمتوانا واتە لاوازی یان سستی تواناکانی کەسی توشبوو. بە شێوەیەك ئەو کەسە ناتوانێت بە ئاسانی کارێك بکات. ئەم منداڵانە پێویستیان بە هەموارکردن (مۆدیفیکەیشن)، یان پاڵپشتی تایبەت هەیە بۆ شوێنی گوزەرانیان. یاخود لەوانەیە پێویستیان بە فێربوونی کارامەییەك هەبێت تاکو بتوانن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەم کەمتواناییەی کە هەیانە.

**گرانی فێربوون**

گرانی فێربوون ڕوو دەدات بەهۆی چەند هۆکارێکەوە کە لە ژیانی ئەو کەسەدا ڕوویانداوە بونەتە هۆی دروستکردنی کێشە و گرانی فێربوون. لەوانە وەك کێشەی دەروونی، کێشەی خێزانی، کێشەی کۆمەڵایەتی. ئەگەر ئێمە توانیمان ئەو هۆکارانە لابەرین ئەوا پێویستە منداڵەکە بگەڕێتەوە بۆ بارێکی فێربوونی ئاسایی. ئەم منداڵانە تەنها پێویستیان بە پاڵپشت هەیە بۆ لابردنی ئەو فاکتەرانە کە ڕێکبوون لەبەردەم فێربوونیان دا.

**کەمتوانایی فێربوون**

ئەگەر ئەو هۆکارانەی کە بنەتە هۆی گرانی فێربوون لابرێت، هێشتا منداڵەکە توانای فێربوونی هەر لاواز بوو، ئەم منداڵانە ژیریان ئاساییە بەڵام پێویستیان بە بەکارهێنانی چەندین ڕێگای جیاواز هەیە بۆ فێرکردنیان

**کەمتوانایی فیکری (ژیری)**

ئەمانە پێیان دەوترێت (بیرکۆڵ). ئەم منداڵانە توانای فێربوونیان هەیە بەڵام بە شێوەیەکی هێواشتر و هەندێك جار بە بەکارهێنانی ڕێگای جیاواز. هەروەها ئەم منداڵانە پێویستیان بە چاوەدێری چڕ هەیە، لەگەڵ بەکارهێنانی ڕێگا جیاوازەکانی فێرکردن.

**چۆن منداڵانی کەمتوانا سوود لە چیرۆك و بڵاوکراوەکان وەردەگرن**

منداڵانی کەمتوانا هیچ جیاوازیەکیان لەگەڵ منداڵانی تەندروست و ئاساییدا نییە لەڕووی حەز و ئارەزووەکانیان و پێویستیەکانیان بۆ خوێندنەوە، بەتایبەت ئەوانەی کە کەمتوانایی ژیرییان نیە، بگرە زیاتر پێویستیان بە هۆکارەکانی فێربوونە لە (بابەتی تەلەفیزیۆنی تایبەت بە منداڵان، چیرۆکی تایبەت لەسەر شێوازی منداڵ بۆ منداڵ. ئەم بوارە پێویستی بە کەسانی پسپۆر و شارەزا هەیە لەلایەن دەروونی، کۆمەڵایەتی، پزیشکی، پەروەردەیی، بەمەبەستی گەشەکردنی پۆزەتیڤانەی منداڵی کەمتوانا.

منداڵی کەمتوانا بەپێی پەروەردەی هاوچەرخ، منداڵانی کەمتوانا نابێت لە هیچ بوارێکدا جیا بکرێنەوە لە منداڵانی تر، بەم پێیە لەناو گۆڤارەکان و چیرۆکی منداڵان دا، منداڵی کەمتوانا دەبێت شوێنی هەبێت.

چیرۆك و بڵاوکراوەکان بۆ منداڵی کەمتوانا دەبێت نزیك بێت لە واقیعی ژیانیان، ئاماژە بدات بەوەی کە کەسێکی سروشتی‌یە و منداڵانی دیکە لەڕێگای چیرۆك و بڵاوکراوەوە ئاشنا بن بە منداڵانی کەمتوانا و گیانی ڕێز لێگرتن و لەناخیاندا بچێنرێت.

لە هەمان کات دا هاوکار بێت بۆ پتەوبوونی بڕوا بەخۆ بوون و پەسندکردنیان لەلایەن کۆمەڵگەوە.

# بۆ کۆماری کوردستان

سمکۆ بێکەس

له دووی ڕێبەندانی بیست‌وچوار
کوردو کۆمار، دەستیان کردە ملی یەکتر بۆ یەکەمجار
لە درێژایی مێژوودا، لە دەیان ساڵی رابردوودا، تەنیا یەکجار
رۆژهەڵاتی کوردستانمان، دیتی کۆمار
کۆمارەکەم
کۆمارەکەی کوردستانم، ئێستاکەش هەر خەڵکی
کوردمان
بە پیرو ورد بە تۆوە دەکەن شانازی
کۆمارەکەم
کۆماری ساڵی بیست‌وچوار، تۆ زستانت کرد بە بەهار
ئەو بەهارەی یازدە مانگی پڕ لە شادی‌و خۆشی ژیانی تێپەڕاند
بە دەنگی بەرزی رزگاری قەلی رەشی دیکتاتۆری لە
کوردستانمان دەرپەڕاند
بەدەستی پێشەوای ژیرمان هەڵکرا ئاڵای کوردستان
بۆ یەکەمجار یەکەم کۆمار ڕێبەندانمان کردی تۆمار
ڕێبەندانم دووهەمین مانگی زستانم، تۆ پیرۆزی بۆ گەلی
کورد لە مێژوودا
لە تۆدا بوو لە چوارچرا ئاڵای کۆمارمان هەڵکرا
کوردو کۆمار دەستیان کردە ملی یەکتر بۆ یەکەمجار
تۆ بڵێسەی شۆڕشی رابردوو و ئێستاو داهاتوومانی
تۆی مانگی گەیشتن بە ئاوات
لە مانگی تۆدا بوو بۆ یەکەمجار
گەیشتە لووتکەی رزگاری حیزبی دێموکرات
لە تۆدا بوو حیزبی قازی، کردیەسەر تاجی شانازی
ئەتۆش مایەی سەرفرازی
ئەو کۆمارەی بۆ یەکەمجار ڕێبەندانمان کردی تۆمار
بیروبڕوای دێموکراتە ئێستاش ڕێبەری خەباتە
ئێمەش ڕێرەوی پێشەواین، ئێمەش خاوەن بیروبڕواین
هەتاکوو گەلی کورد مابێ، تا وەدیدێنێ ئازادی‌و هەقی
خۆی بۆ رەوا بێ
خەڵکە هەستن، ساڵ درەنگەو رامەوەستن
بەسیە ئیتر با کۆتایی بێ شەوی تار، لە دێ لە شار
جارێکی تر بۆ دووهەمجار دەست لە ملی یەکتر بکەن
کوردو کۆمار



## بڵاو کراوەی نوێ

**نهێنیەکانی ژێر لێوی حەقیقەت**

شێعر:

ئارام ساڵح







Dr. Qasimlo
Banga aştî û azadiyê
Berhev kirin:
Şehab xalidî

# ئەرەستۆ و رەخنەی ئەدەبی


**(٣٨٤ تا ٣٢٢ی پێش زایین)**

بەشی یەکەم

و: قادر وریا

ئێمە لەبارەی بۆچوونە رەخنەگرانەکانی ئەفلاتۆن هەر چەشنە بیروڕایەکمان هەبێ، نابێ لەبیرمان بچێتەوە کە ئەمە ئەو بۆ ڕێسای بۆ زۆر کێشەی گرینگی رەخنەی ئەدەبی داناو، دیسان ئەمەش لە شانازییەکانی ئەوە کە بە بڕوای زۆربەی رەخنەگرەکانی دواتر، باشترین وەڵامەکان بە پرسیارەکانی، لەلایەن ئەرەستۆ درایەوە کە قوتابییەکی خۆی بوو. لە رۆژگارێك دا کە ئەرەستۆ رووی کردبووە شیکردنەوەی ئەدەبیات، پەردە لەسەر سەرئەنجامێك لادرابوو کە بۆ ئەسینا دیاری کرابوو و، سەردەمێك گرینگترین کێشەی دنیا بوو. دەسەڵات و باڵادەستیی ئەسینا لەنێو چوو بوو. کێشە سیاسی، کۆمەڵایەتییەکان ئیدی ئەو پەلە لێکردنەیان نەدەویست کە لە سەردەمی ژیانی ئەفلاتۆن دا پێویستیان پێ بوو. هەر ئەم پرسە توانای ئەمەی بە ئەرەستۆ بەخشی تا ئەو پرسیارانەی بیری ماموستاکەیان ئاڵۆز کردبوو، بە ئارامییەکی زیاترەوە بداتە بەر سەرنج.

ئەرەستۆ ئەگەرچی هەموو کات وتەکانی ئەفلاتۆنی لە گوێی دا دەزرینگایەوە، ڕێگایەکی جیاواز لە ڕێگای ئەوی گرتەبەر. هەر ئەمەش نیشاندەری بلیمەتیی زۆری ئەو بوو، بەڵام نەك لەبەر یارمەتیی فەلسەفە هۆنینەوە (شێرو ڕێوی هێنانەوە) و رەتکردنەوەی قسە و بۆچوونە فەلسەفییەکانی ماموستاکەی، بەڵکوو بەهۆی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی وردی ئەدەبیات خۆی، هەر بەو شێوەیە کە لەکاتی نووسینی کتێبەکەی لەبارەی زیندەوەران لێکۆڵینەوەی لەسەر نموونە بایۆلوژییەکان دەکرد. ئەگەر دواتر وەسفەکان و تێگەیشتنەکانی وەك ڕێسایەکی نەگۆڕ و رەقیان لێ هات، خەتاکە دەگەڕێتەوە بۆ کەسانێکی دیکە و نابێ، ئەرەستۆ لەم بارەوە بە بەرپرسیار بزانین. لەراستیدا شێوازی گشتیی ئەرەستۆ، سەرکۆنەی کەسانێك بوو کە پێوانەیەکی بێ ئەملاوئەولا (رەها)یان دانابوو و هەوڵیان دەدا بەرهەمە هونەرییەکان لەگەڵ ئەم پێوانانەدا بگونجێن.



"هونەری شێعر"یش هەر لە سەرەتاوە مزگێنیی ئەوەمان پێ دەدا کە نووسەر لەم کتێبەدا بەدوور لە بۆچوونە ئەفلاتونییەکان، لە ئەدەبیات دەدرێ. ئەرەستۆ بۆی دەردەکەوێ کە کۆمیدیا و تراژیدیا و ماموستا و شێعری حەماسی و دیتیرامب لەو بارەوە کە هەموومان لەسەر بناغەی لاسایی کردنەوە دامەزراون، وەکیەکن (لێك دەچن). جیاوازیی ئەوان لە ئامراز و بابەت و شێوازی لاسایی‌کردنەوەدایە. لاسایکردنەوە لە هەموو جۆرەکانی سەرەوەدا، جگە لە مۆسیقا بە یارمەتی زمان و لە توێی قاڵبە کێشدارەکان دا بەڕێوە دەچێ. بەڵام ئەرەستۆ دەستبەجێ روونی دەکاتەوە کە ناکرێ بە "انباذ قلس" بڵێی شاعیرە، تەنیا بەو هۆیەوە کە فەلسەفەی سروشتیی خۆی لەتوێی قاڵبە کێشدارەکان دا دەنووسێ. شاعیر لاسایی خەڵك دەکاتەوە، خەڵکێك کە خەریکی کردەوەن و نزیکتر لە ئێمە، یان بەرزتر لە ئێمەن. "هەر ئەم جیاوازیەشە کە تێراژێدی لە کومیدیا جیا دەکاتەوە. چونکە کۆمیدیا، خەڵك نزمتر لەوە کە لە ژیانی راستەقینەدا هەن وێنا دەکا، بەڵام تراژێدی بەرزتر و باڵادەستتریان دەنوێنێ".

پەیدا بوونی شێعر دوو هۆی هەیە. یەکەم ئەوە کە مرۆڤ زیندەوەرێکی لاساییکەرەوەیە و چێژ لە لاسایی کردنەوە وەردەگرێ. "بەڵگە بۆ ئەم قسەیەی ئێمە ئەوەیە کە لە دنیای راستەقینەدا هەیە. ئەو دیاردانەی لە حاڵەتی ئاسایی دا، بینینیان مرۆڤ دادەهێزرێنێ، ئەگەر بە شێوەی وێنەی واقیعی و وردبینانە، وێنا بکرێتەوەو بینینیان بۆ ئێمە چێژی تێدا دەبێ. هەروا کە لە سەیر کردنی دەموچاوی گیانلەبەرێکی دزێو یا مردارەوە بوو، چێژ وەردەگرین. هۆی ئەم چێژ وەرگرتنە تامەزرۆیانە دەگەڕێتەوە بۆ خولیای فێربوون کە هەر تایبەت نیە بە فەیلەسووفەکان و زانایان، بەڵکوو خەڵکی دیکەش کە توانای فێربوونیان لە فەیلەسووفەکان و زانایان کەمترە، چێژی لێ وەردەگرن. هۆیەکی دیکە کە دەتوانین وەك هۆی پەیدا بوونی شێعر ناوی بەرین، حەز و پێخۆشبوونی "ایقاع" (ریتم) و ئاواز لە مرۆڤ دایە کە بەلایەوە شتێکی سروشتی و دڵگیرە. لە روانگەی ئەفلاتونەوە چێژ وەرگرتنێك کە بەرهەمی ئیقاع و لاسایی کردنەوە بێ مەترسی خولقێنە و، تایبەتمەندییە بەرزەکانی ئەخلاقی هاووڵاتان لەرزۆك دەکا. ئەرەستۆ جارێك لەبارەی راست و ناراست بوونی ئەم بۆچوونەی ئەفلاتون نادوێ. لەم بەشەی باسەکەدا تەنیا هەوڵی ئەوە دەدا کە دەری بخا لاسایی کردنەوە و چێژ وەرگرتن لە لاسایی کردنەوە شتێکی سروشتییە.

ئەرەستۆ لە بڕوا کردن بە بوونی پێوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوان نێوەرۆك و جۆرەکانی شێعردا، پەیڕەوی ماموستاکەی بوو. "ئەوانە کە رەوشتێکی بەرزیان هەبوو، لاسایی‌کردنەوەی بەرز و هەڵسوکەوتی مرۆڤە گەورەکانیان دەکردەوە، ئەوانیش کە رەوشت نزم بوون، لاسایی مرۆڤە هیچ و پووچ و نزمەکانیان دەکردەوە. ئەم تاقمەی دوایی شێعری هەجو (داشورین)یان هۆنیەوە، دەستەکەی یەکەمیش روویان کردە دانانی سرووده دینییەکان بۆ خوداکان و، هۆنینەوەی شێعری پێهەڵداگوتن (مدیحە) بۆ پیاوە بەناوبانگەکان. لە روانگەی نوێوە، ئەم قسەیەی ئەو، لەگەڵ بۆچوونێك دا کە پێشتر دەری بڕیبوو و گوتبووی چیتر لە چۆنیەتیی لاسایی کردنەوە و بێ گرنگیدان بە بابەتی لاسایی کردنەوە بەدەست دێ، ناتەبایی هەیە. رەنگە ئەو بۆچوونەی دوایی ئەو، لەژێر کاریگەریی روانگەی تێکەڵ بە سووکایەتیی ئەفلاتۆن هەمبەر بە شاعیران بێ. بە سەرنجدان بەم خاڵە وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەست دەکەوێ کە بۆچی ئەرەستۆ بە دەربڕینی ئەم وشانەی خوارەوە، کۆمیدیای رەت کردەوە: "لاسایی کردنەوەیەك خراپترین تایبەتمەندیی مرۆڤ، بەڵکوو یەك لەو خوو و خدە و رەوشتانەیەتی کە سروشتێکی لەرزۆکیان هەیە".

ئەرەستۆ پتر لە هەمووان ئۆگری تراژیدیایە و، لە پێناوی تراژیدیادا دەڵێ: "تراژیدیا، لاسایی کردەوەیەکی جیددی و تەواوە کە ئەندازەیەکی دیاریکراوی هەیە، بەهۆی هونەرەکانی ئەدەبەوە جوان و دڵگیر دەکرێ و ئەم جوانکاری وڕازاندنەوانە بەشە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمەکە دەگرێتەوە، لەسەر شانۆ بەهۆی کردەوەی کەسەکان پێشان دەدرێ نەك بە شێوەی ریوایەت (گێڕانەوە)و، دەبێتە هۆی وروژاندنی دڵۆڤانی و ترس تا بەمجۆرە ببێتە هۆی پاك کردنەوەی نەفسی مرۆڤ لەمجۆرە سۆز و کاریگەریانەن.".

ئەم پێناسە بەناوبانگ، زەینی زۆرکەسی بەخۆوە خەریك کرد. کە دیارە هەندێك لەوان ئەوەندی راستگۆ بوون کە دان بەوە دابنێن هەستێك کە لە کۆتایی تراژیدیا دا لەوان پێك دێ. لەگەڵ هەستێك کە لە ئاکامی پاکبوونەوەی مرۆڤ لەم جۆرە سۆز و عاتیفانە تووشی مرۆڤ دەبێ، زۆر لێك دوورن، بێگومان ئەرەستۆ لێرەدا دەیەویست وەڵامی بۆچوونەکانی ئەفلاتۆن لەبارەی "دراما"وە بداتەوە کە دەیگوت: "دراما" سۆز و هەست لە دڵی مرۆڤ دا دەورووژێنێ، هەر بۆیە لایەنی عەقڵانیەت (ژیری)ی ئەو کەم دەکاتەوە و دەیکا بە کەسێکی عاتیفیتر. لەپێناوی وەڵامدانەوە بەو بۆچوونە چەوتەدا بوو کە ئەم بیرە بە مێشکی ئەرەستۆدا هات کە بڵێ تراژیدیا ئێمە لەم هەست و سۆز و کاریگەرییانە پاك دەکاتەوە. کەچی دەیتوانی وەڵامێکی گونجاوتر بداتەوە و بڵێ: تراژیدیای راستەقینە هەستەکانی ئێمە مشتوماڵ دەدا، دەیخاتە ژێر کونترۆڵی خۆی و، شتێکی خاوێنی جیا لەو سۆز و عاتیفە هەوسار پچڕاو و مەترسی خولقێنانە دروست دەکا کە ئەفلاتۆن لێیان دەترسا. دانەوەی وەڵامێکی ئەوتۆ لەگەڵ پێداگرتنی خۆیشی لەسەر پرسی فۆرم، پتر دەگونجا.

رەنگە ئەو وەڵامەش لە هەناوی وەڵامەکانی دیکەی دا هەبێ. لەهەر حاڵ دا هێنانەگۆڕی چەمکی فۆرم گەورەترین خزمەتێکە کە ئەرەستۆ بە رەخنەی ئەدەبیی کردوە. بەپێچەوانەی ئەفلاتۆن کە شێعر و بابەتی شێعری بە یەك شت دەزانێ، ئەرەستۆ دەبینێ کە جیاوازی نێوان تراژیدیا و ژیان لەوەدایە کە تراژیدیا سەرەتا و نێوەڕاست و کۆتایی هەیەو، لەبەینی هەر پاژ (بەش)ێك لەگەڵ پاژەکانی دیکەدا پێوەندیەکی بەرز و تەواو (ئایدیال) هەیە.

# لەمەڕ فرانتس کافکا

ن: گئورگ لوکاچ

و: لە فارسیەوە: شەریف فەلاح (هێژا)

فرانتس کافکا نموونەی کلاسیکی نووسەری مۆدێرنە کەگیرۆدە و تووشی شڵەژاویی و کوێری و ترس بووە و هەلومەرجی دەگمەن و ناوازەیی ئەو دەرخەری ئەم حەقیقەتەیە کە شێوەیەکی راستەوخۆ و روونی بۆ دەربڕینی ئەزموونی بنەڕەتی هەڵبژارد و بەبێ یارمەتی و هاریکاریی ئەزموونی فۆرمالیستەکان ئەم کارەی ئەنجام دا. لە بەرهەمەکانی دا نیوەرۆك دیاریکەری قەوارە و فۆرمی جوانی ناسییە. بەم واتایە کافکا لە نموونەی نووسەرانی گەورەی ڕێئالیستە. لە واقیعدا ئەو یەکێك لە نووسەرە گەورەکانە، چونکە کەمتر و دەگمەن نووسەرێك توانیویەتی لە وێنا کردنی خەیاڵی نوێی روون و ئاشکرای جیهان دا شارەزایی ئەوی هەبێت. چۆنییەتی بەرهەمی کافکا هیچ کات بەقەد ئەمڕۆ کە زۆربەی نووسەران بە ئەزموونگەریی خۆشفۆرم روو دێنن، بەرچاو نەبووە. کاریگەریی بەرهەمی کافکا تەنیا نیشان لە ئەوپەڕی راستگویی ئەو نییە ـ کە ئەمەش لەسەردەمی ئێمە دا زۆر کەم وەدەست نەکەوتووە، بەڵکوو بەهۆی روونی و هاودەنگیە کە ئەو لە دنیا دا دەخولقێنێ. ئەمەیە سەرەکیترین سەرکەوتنی کافکا. "کیرکە گورد" دەیگوت: هەرچەندە رەسەنایەتی تاك زیاتر بێت، زیاتر تووشی ترس و دڵەراوکێیە.

کافکا کە لە هزری کیرکە گوردی دا نوێخواز و داهێنەرە، ئەم شڵەژان و جیهانە لێك هەڵوەشاو و پارچەپارچە کراوە وێنا دەکات کە هەم تەواوکەر و هەم هۆکارییەتی.

رەسەنایەتی ئەو لە دۆزینەوە و داهێنانی ئامێری نوێی دەربڕین دا نییە بەڵکوو لە دەربڕین دا بە تەواوی رەخنەگر و هەمیشە ترس هێنەری دنیای داهێنان و دژکردەوەی پاڵەوان وکەسایەتییەکانییەتی لە هەمبەر داهێنانەوە.

"تێئۆدۆر ئادۆرنۆ" دەنووسێت: ئەو شتەی کە مرۆڤ تووشی سەرسووڕمان و حەپەسان دەکات، حەپەساوی بەرهەمی کافکا نییە. بەڵکوو واقیعی بوونییەتی.

تایبەتمەندی دڕندانەی جیهانی سەرمایەداری مودێرن و کەم هێنان و ناکارامەیی مرۆڤ لەبەرامبەریدا، نێوەرۆکی واقیعی نووسینی کافکایە. راستگۆیی و یەکدڵی ئەو بێ هیچ گرێیەك بەرهەمی هێزە پرکێشە و ئاڵۆز و دژبە یەکەکانی کۆمەڵگایە. ئێستا لایەنێك لەبەرهەمی ئەو راڤە لێك دەدەمەوە. کافکا لەسەردەمێك دا دەینووسی کە کۆمەڵگای سەرمایەداری، تەوەری شڵەژان و نیگەرانی ئەو، هێشتا تا ئەوپەڕی گۆڕانی مێژوویی خۆی زۆری مابوو. جیهانێکی دڕندانە کە وێنای کرد جیهانی بە تەواوەتی دڕندانەی فاشیزم نەبوو بەڵکوو پاشایەتی "هابسبوورگ" بوو. شڵەژانی بەردەوام و پەسن هەڵنەگر لەم دنیای بێ زەمەن ومێژوو و ناڕوون لە ئاڵقەیەك لە کەش و هەوای پراگ دا بە تەواوەتی رەنگی داوەتەوە.

کافکا لە دۆخ و چاخی مێژووی خۆی بە دوو شێوە کەڵکی وەرگرت. لەلایەك وردەکارییەکانی گێڕانەوەی ئەو لە کۆمەڵگای ئۆتریشی ئەو سەردەمەوە سەرچاوە دەگرێت. لەلایەکی دیکەوە، ناراستەقینەیی بوونی مرۆڤ کە ئامانجی دەرك پێکردنییەتی، دەکری پێوەندیی بدەیت بە هەستی وەك ناڕاستەقینەیی بوونی و پەشۆکاوی کۆمەڵگایەکەوە کە ئەو دەیناسی و پێناسەی دەکرد. تێڕوانینی یەکسانی ئەو لەگەڵ دۆخی مرۆڤ زۆر ڕازیکەر و جێگای پەسندتر بوو لە تێڕوانینگەلی دوایی ئیلهام و وەرگیراوە لە دنیای دڕندانە و ترس هێنەر کە تیایدا بە ئەزموونگەرایی فورمالیستی شتگەلی زۆر دەبێ بسڕێنەوە یان ناڕوون و لە پشتی پەردەدا دەری ببڕین تاکوو ئەو وێنا بێ زەمەن و بێ مێژووە دڵخواز و گونجاوە لە دۆخی مرۆڤ بەدەست بهێنرێت. بەڵام ئەم تایبەتمەندییە ئەگەرچی هۆی کاریگەریی سەرسووڕهێنەر و هێزو تواناییمان و نەگۆڕی کافکایە ناتوانێت تایبەتمەندی لە بنەڕەتدا نموونەیی ئەوان دابپۆشێت هێزی سەرسووڕهێنەری پەسندانی وردەکارییەکان لە بەرهەمی کافکا دا ئاماژە بە واقیعیەتێکی بان ئەزموونی ئەمپریالیزمی گۆڕاو دەکات و شێوە و رەوشی کافکا لەبێ زەمەنیدا وێنا دەکات. وردەکارییەکان لە بەرهەمی کافکا وەکوو ڕێئالیزم گرێ کوێرە گەلی ژیانی تاکەکەسی یان کۆمەڵایەتی دەرنابڕێت، بەڵکوو نیشانەگەلی ناڕوونی بان ئەزموونی دەردەبڕێ، کە تێگەیشتنیان دژوارە. هەتا کو ئاستی هێز و توانایی ورووژێنەر زیاتر و گێژاو مەرگەسات قووڵتر بێت، کەلێنی نموونەیی نێوان واتاو بوون ڕوون و ئاشکراترە. بۆ نووسەر دژوار و ئاڵۆزە بەڵام رەنگە و دەلوێ روانگە و تێڕوانینی خۆی بە خۆی، هاورەگەزەکانی و بە گشتی جیهان بگۆڕێتەوە. بە گشتی هێزگەلێك کە دژی ئەو کار دەکەن زۆر بەهێز و توانان. نهێلیزم و بەدگومانی، نائومێدی و شڵەژان، شك و گومان و بێزار بوون لە خۆ، بەرهەمی لەناکاوی کۆمەڵگای سەرمایەدارییە کە رووناکبیران بە ناچاری تیایدان. هۆکارگەلێکی زۆر لە فێرکردن و بارهێنان و شوێنگەلی تر بەدژی ئەو هەستاونەتەوە و هەڵوێستیان گرتووە. بۆ نموونە لەبەر چاوی بگرن بەدگومانی بۆ هەڵکەوتوانی رووناکبیر فەلسەفەیەکی ئەعیانی گرینگتر و بەبایەخترە تا باوەڕ بە گەشە و پێشکەوتنی مرۆڤ. یان ئەم باوەڕە کە تاك ـ دروست وەکوو ئەندامێك لە هەڵکەوتوان بەناچاری قوربانی هێزگەلی مێژووییە. یان ئەم ئەندێشەیە کە سەرهەڵدانی کۆمەڵگای مرۆیی کارەساتی رەهای زۆربەی رۆژنامەکان بە پێکهێنان و رەخساندنی وەها لایەنگرگەلێك خزمەت دەکەن (لەراستیدا ئەم رۆڵەیان بۆ بەردەوامی و درێژەپێدان و خەبات لە شەڕی سارد دا). دەڵێی بۆ رووناکبیران بوونی بیروباوەڕێك بێجگە لە تیئۆریگەلی دوگماتیسمی مۆدێرنیزمی سەبارەت بە ژیان، هونەر و فەلسەفە بێ بایەخ و بەهایە، پشتیوانی کردن لە ڕێئالیزم لە هونەردا، راڤە و لێکدانەوەی پێداویستگەلی پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانەی نێوان گەلان، هەوڵدان بۆ هەڵسەنگاندن و بەراوردی بێ لایەنەی خەڵك سالاری (کە بە واتای وەفاداربوون پێی نییە)، هەمووی ئەمانە رەنگە نووسەر لە روانگەی هاوکاران و کەسانێك کە ئەو بۆ درێژەی ژیان پشتی پێیان بەستوە دوور بخاتەوە. کاتێك نووسەرێك لەئاست مەقامی "سارتێر"دا ناچار بە قبووڵ کردنی وەها هێرش گەلێك بێت رەنگە پێگە و هەلومەرج بۆ نووسەرانی لاوی کەم تەمەنتر چەندە پڕمەترسی بێت. ئەمانە و زۆری تر حەقیقەتگەلێکی دژوارن، بەڵام نابێ لەبیر کەن هێزگەلی بەرامبەر، خاوەن توانا و وزەن، بەتایبەت ئەمڕۆکە، خەریکی چالاکین. نووسەرێك کە قازانجی سەرەکی خۆی، میللەتی خۆی و بە گشتی مرۆڤ لەبەرچاو دەگرێت و بڕیار دەدات کە دژی هێزگەلی زاڵ بەسەر کۆمەڵگای سەرمایەداری دا خەبات بکا ئێستا ئیدی بەتەنیا نییە. هەرچەندە ئەو گەشە بە لێکۆڵینەوەکانی بدات و سەرکەوێ، هەڵبژاردن و دەست نیشانکردنی پتەو قایمتر و هەست کردن بەتەنیا ئیشی کەمتر دەبێتەوە، چونکە ئەو خۆی لەگەڵ هێزگەلێك لە جیهان پێوەند دەدات کە رۆژێك دەبنە حاکم.

سەردەمێك کە فاشیزم تێیدا بە دەسەڵات گەیشت، وەکوو سەردەمی دەسەڵاتداریّتی فاشیزمەکان و سەردەمی شەڕی سارد دوای ئەوەی بۆ پەرەو گەشەی ڕێئالیزمی رەخنەگرانە بەهیچ شێوەیەك گونجاو نەبووە، لەگەڵ ئەمەشدا پرۆژە گەلێکی بەنرخ لەو سەردەمەدا بەڕێوە چوون، نە تیرۆری جەستەیی و نە زەخت و گوشاری فیکری هیچ کام لە بەرگری کردن لێی سەرکەوتوو نەبوون. بەردەوام ئەوە نووسەرگەلی ڕێئالیزمی رەخنەگر بوون لەگەڵ شەڕ لە شێوە و قەوارەی سارد و گەرم و هەروەها لەناوچوون و سڕینەوەی هونەر و کەلتووردا دژایەتییان کردوە. بەرهەمی هونەری بەرچاو و دیار کە لە ماوەی ئەم خەباتەدا خولقا کەم نەبوون. ئەمڕۆ شکستی لەناکاوی سیاسەتەکانی شەڕی سارد و تێڕوانین و ڕوانگەی پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانەی گەلان پانتایەکی بەربڵاو بۆ ئەدەبیاتی رەخنەیی و ئەدەبیاتی ڕێئالیزمی بورژوایی پێك دەهێنێت.

بارودۆخی دژواری چاخی ئێمە دژایەتی نێوان سەرمایەداری و سۆسیالیزم نییە، بەڵکوو دژایەتی نێوان شەڕو ئاشتییە. سەرەکیترین ئەرکی سەرشانی رووناکبیری بورژوا لابردن و رەت کردنەوەی شڵەژانی زۆرملێ و ڕێنوێنی و ڕێگای رزگاری مرۆڤایەتییە تاکوو سەرکەوتنی سۆسیالیزم. چوونکە ئەم تێڕوانینە یەکسان و بەرامبەری نووسەری بۆرژوایە و ئەمڕۆ بارودۆخ و پێگەیەکی باشتری بۆ چارەسەرکردنی دۆخی دژواری خۆی هەیە تاکوو رابردوو. ئەو بارودۆخە دژوارە، هەڵبژاردنێکە لەنێوان مودێرنیزمی دڵگیر (سەرنجڕاکێش) بەڵام لەباری جوانی ناسییەوە (ئێستاتیکاییەوە) لەرزۆکە و ریالیزمی رەخنەگرانە بەکەڵکترە.

دەتوانن بەرهەمەکانتان بەو ناونیشانەی خوارەوە بۆ بەشی "ئەدەب و هونەر" بنێرن
edeb_huner@yahoo.com

# ٦٠ ساڵ خەبات لە پێناوی ئامانجەکانی کۆماری کوردستاندا

## وتووێژ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی لەمێژنەی حیزب بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان، شەستەمین ساڵڕۆژی کۆماری کوردستان


هەڤپەیڤین: ناسر ساڵحی‌ئەسڵ

**پ: بەڕێز کاک حەسەن شەرەفی! هەلومەرجی نێوخۆیی‌و نێونەتەوەیی هەتا چەند فەراهەم بوو کە لەو بەشە لە خاکی کوردستان کۆمارێك پێك بێ؟**

و: هەلومەرجێك کە کۆماری کوردستانی تێدا پێك هات، لە دووبارەوە لەبارو ڕێخۆشکەری دامەزرانی کۆماری کوردستان بوو: یەکەم، هەلومەرجی نێوخۆیی بوو، بەو مانایە کە هەستی نەتەوایەتی لەنێو ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە کوردستاندا بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەی گرتبوو، تەنانەت گەیشتبووە ڕادەیەك کە ڕێکخراوێکی سیاسی بەناوی کۆمەڵەی ژـ کاف سێ ساڵ پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە لایەن ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا پێك بێ کە دواتر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەسەر بناغەی تەشکیلاتیی ئەو ڕێکخراوەیە دامەزرا. ئەو ڕێکخراوەیە زۆر گەشەی کردو پەلوپۆی بۆ زۆربەی شارو ناوچەکانی کوردستان هاویشت‌و خەڵکی بەرەو کوردایەتی‌و ئاشنا بوون بەمافی نەتەوایەتی هان دا.

دووهەم، هەلومەرجی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی بوو کە بوو بەهۆی لاوازیی دەسەڵاتی ناوەندی لەئێران‌و پاشەکشەی دیکتاتۆری، نەمانی ڕەزا شا لەسەر تەخت‌و پێکهاتنی فەزایەك تا ڕادەیەك ئاواڵە لە ئێران کە دەکرێ بڵێین، تا سەقامگیربوونی حەمەڕەزا لە جێگای ڕەزا شای بابی، درێژەی هەبوو، کەوابوو هەم هەلومەرجی نێوخۆیی‌و هەم ئەو هەلومەرجەی کە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی لە ئێراندا پێکی هێنا، هەردووکیان ڕێخۆشکەری پێکهاتنی کۆماری کوردستان بوون. دیارە پاش لەنێوچوونی کۆماری کوردستان، گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، هەمیشە بە ئامانجەکانی کۆماری کوردستان وەفادار بووەو وەفادار ماوەتەوە، بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانجانەش لە ماوەی ٦٠ ساڵی ڕابردوو خەباتی کردوە، خوێن‌و قوربانی داوەو دڵنیاشم درەنگ یان زوو ئەو خەباتە بە ئاکام دەگا.

دیارە دروشمی حیزبی دێموکرات‌و خەباتەکەی بۆ هێنانە سەر کاری حکوومەتێکی دێموکراتیکی فیدراڵی‌یە کە لە چوارچێوەی سیستمێکی ئەوتۆدا گەلی کوردو هەموو گەلانی ئێران، بتوانن بە ماف‌و ئازادییەکانی خۆیان بگەن. هەرچەند گەلانی ئێران زیاترو یەکگرتووتر بۆ گەیشتن بە دێموکراسی‌و مافی نەتەوایەتیی خەبات بکەن بەو ڕادەیە زەمینەی وەدیهاتنی ئاواتەکانیان پتر دەرەخسێ‌و هەلومەرجیش بۆ هێنانە گۆڕو خەبات بۆ گەیشتن بەو مافانەش لەپێشوو لەبارترە.




**پ: بەڕێز کاک حەسەن، نەخشی کۆماری کوردستان لە بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتیی‌دا چۆن هەڵدەسنگێنن؟**

و: نەخشی کۆماری کوردستان خۆی بەرهەمی بوونی هەستی نەتەوایەتیی گەلی کوردو بەهێزبوونی ئەو هەستە لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بوو. لەهەمان کاتدا بە دامەزرانی کۆماری کوردستان‌و هەوڵ‌و تێکۆشانی ئەم کۆمارە ساوایە، هەستی نەتەوایەتیی گەلی کرود زیاتر پەرەی گرت. بەتایبەت بە بوونی دەسەڵاتێکی کوردی لە شکڵی کۆماری‌دا تامی ئازادی‌و گەیشتن بە مافی نەتەوایەتیی بە کورد لە بەشێك لە کوردستانی ئێران چێشت‌و بە جۆرێك ڕیشەی لە دڵی خەڵکی کوردستاندا داکوتا کە پاش نەمانی کۆماریش هەروەك ئاماژەی پێ کرا، ئێستاش گەلی کورد ئەو هەستەی تێدا بەهێزەو بۆ وەدەستهێنانەوەی مافی نەتەوایەتی خەبات دەکا. دیارە بەرەوژوور چوونی ئاگایی سیاسی‌و پێگەیشتوویی ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانیشن هۆیەکی دیکەیە بۆ بەهێزبوونی ئەو هەستەو خەبات کردن لە پێناو گەیشتن بەم مافە نەتەوایەتی‌یە.

**پ: بە بڕوای جەنابتان بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوشی ئەو کاتی کوردستان، دێموکراسی تا چ ئاستێك لە دامەزران‌و بەڕێوەبردنی کۆماری کوردستان ڕۆڵی بووە؟**

و: هەرچەند ٦٠ ساڵ لەمەوبەر مەسەلەو مەقوولەی دێموکراسی بەم جۆرە کە ئێستا لە دنیادا پەرەی گرتوەو پەلوپۆی هاویشتوە، نەبوو. بەڵام بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵـێین کە کۆماری کوردستان نموونەیەکی زۆر پێشکەوتوو لە حکوومەتێکی دێموکرات‌و گەلیی ئەوکات لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بوو. باوەڕی کۆمارو دامەزرێنەرو بەڕێوەبەرانی بە دێموکراسی کە لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی دامەزرێنەری کۆماری کوردستانەوە سەرچاوەی دەگرت، باوەڕێکی قووڵ‌و بەمانای واقیعیی خۆی بوو. دەتوانم بڵێم کە ئازادی‌و ئوسوولە دێموکراتییەکان، بەجۆرە کە ئێستا لە دنیا لێی دەدوێن، بەکردەوە لە کۆماری کوردستاندا پەیرەو دەکران‌و هەر ئەوەش بە یەکێك لە تایبەتمەندییە گرینگەکانی کۆمار لەمێژوودا تۆمارکراوە.

❊❊❊



**پ: بەڕێز مامۆستا! بە بڕوای ئێوە داخوا ئەگەر کەسایەتی‌یەکی وەك پێشەوا قازی محەممەد نەبوایە کۆماری کوردستان لە مەهاباد دادەمەزرا؟**

و: لە مێژە گوتوویانە لە مێژوودا ئەگەرو ئەما نیە. مێژوو ئەوەیە کە بووە. هەموومان ئەوە دەزانین کە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی کاتێك ئێران لەلایەن لەشکری هاوپەیمانانی سەرکەوتووی شەڕەوە بە دوو مەڵبەندنی دەسەڵات دابەش کرا، ئەو بەشە لە کوردستانی ئێران کە دەکرێ پێی بڵێین کوردستانی موکری، وەك ناوچەیەکی بێلایەن لە نێو دوو مەڵبەندی دەسەڵاتی ئەمریکاو ئینگلیس لەلایەك‌و شووروەی لە لایەکی دیکەدا، مایەوە، ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد لەو هەلومەرجە کەڵکی وەرگرت‌و بە دامەزراندنی حکوومەتی میللی‌و دوایەش کۆماری کوردستان بەشێك لە ئاواتەکانی نەتەوەی کوردی هێنایە دی.

دیارە ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کوردی ئێران لەو سەروبەندەدا بە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە قازی محەممەد پێشەوایەتیی دەکرد. لەوەش‌دا کە پێشەوا قازی لەباری پێگەیشتوویی فیکری‌و سیاسی‌یەوە زۆر زۆر لە پێش هەموو ڕێبەرانی دیکەی ئەو کاتی بزووتنەوەی کوردەوە بووە، گومانێك نیە. کەوایە بێ ئەوەی باس لە ئەگەرو ئەما بکەین، دەتوانین بە دڵنیایی‌یەوە بڵێین پێش هەمووان ئەوە قازی محەممەد بوو کە بە هەڵسەنگاندێکی وردی بارودۆخەکە دەرفەتەکەی قۆزتەوەو کۆماری کوردستانی وەك دەسکەوتێکی لەبیرنەکراو خستە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کوردەوە.

پێشەوا قازی لە دادگا، یان باشتر بڵێین لە بێدادگای نیزامیی ڕێژیمی حەمەڕەزا شادا تەواوی بەرپرسایەتیی بزووتنەوەی ساڵەکانی ٢٥ ـ ١٣٢٤ی کوردستانی ئێران‌و لەوانە دامەزراندنی کۆماری کوردستانی وەئەستۆ گرت‌و بە بەختکردنی گیانی خۆی، سەدان کەس لە هاوڕێ‌و هاوسەنگەرەکانی لە ئیعدام ڕزگار کرد. بەو پێیە ویژدان حوکم دەکا کە شانازیی ئەو دەسکەوتە مێژوویی‌یەش بەناوی قازی محەممەدەوە تۆمار بکرێ، بێ‌ئەوەی لە قەدری هیچ کام لە ڕێبەرانی حیزب‌و کۆمار کەم بکرێتەوە.

**پ: پێوەندیی کۆماری کوردستان‌و حکوومەتی نیشتمانیی ئازەربایجان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

و: بە هەموو پێوانەیەك پێوەندیی هاوکاریی نێوان ئەو دوو حکوومەتە نیشتمانی‌یەو بەتایبەتی ئیمزای پەیمانی دوو قۆڵی لە نێوانیاندا میراتێکی بەنرخە کە بۆ ڕۆڵەکانی ئەو دوو گەلە دراوسێ‌و هاوخەبات‌و هاوزنجیرە بەجێ ماوە. تێکۆشەرانی کوردو ئازەربایجانی ئێستاش‌و لە دواڕۆژیش‌دا دەبێ تێ بکۆشن باشترین پێوەندیی خەباتگێڕانە پێکەوە دامەزرێنن‌و لە ئەزموونەکانی دەورانی کۆماریش پەندو ئامۆژگاری وەربگرن. نابێ لە بیریشمان بچێ کە پێوەندیی نێوان ئەم دوو گەلەو لەو سەردەمەدا هەروەك دەسکەوتی باشی لێ بەدەست هاتوە، گیروگرفت‌و ئاڵۆزییشی بەخۆیەوە دیوە، بەڵام گرنگ ئەوە بووە کە هەموو جارێ مەنتیق‌و ئەقڵی سەلیم سەرکەوتوەو هەر گیروگرفتێك هاتبێتە پێش، بە هەوڵی بەرپرسانی دوو حکوومەت بەشێوەی ئاشتیخوازانەو بە قازانجی هەردوولا چارەسەر کراوە.

تەنیا خاڵی جێگای داخ کە هەر بۆ دەرس لێوەرگرتن دەمەوێ باسی بکەم، ئەوەیە کە ڕێبەرانی حکوومەتی نیشتمانیی ئازەربایجان لە هێندێ بڕگەی ناسك‌و تەنانەت چارەنووسسازیش‌دا بە پەیمانی دوو قۆڵی لەگەڵ کۆماری کوردستان وەفادار نەبوون. ئەم کارە نەك هەر متمانەی لایەنی کوردی بە ڕێبەرانی ئازەربایجان لاواز کرد، بەڵکوو خزمەتێکی باشی بە دەسەڵاتی کۆنەپەرستی مەرکەزییش کرد کە بە پێچەوانەی وادەو بەڵێنەکانی بە سەرانی حکوومەتی ئازەربایجان، دوژمنی مافە ڕەواکانی هەردوو گەلی ئازەربایجانی‌و کورد بوو. ئەگەر بمانەوێ نموونە بۆ ئەو پەیمانشکێنی‌یەی ڕێبەرانی حکوومەتی ئازەربایجان بێنینەوە، دەتوانین ئاماژە بە دوو خاڵی زۆر گرنگ بکەین:

١ـ لە پەیمانی دوو قۆڵی‌دا هاتبوو کە هەروەخت مەسەلەی وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی هاتە ئاراوە، هیچکام لەو حکوومەتانە بە تەنیا نەچنە سەر مێزی وتووێژو هەوڵ بدەن بە یەك هەڵوێست لەگەڵ کاربەدەستانی ناوەند بەرەوڕوو بن. کەچی هەر بە چەند ڕۆژ دوای ئیمزای پەیماننامەکە هەیئەتێك بۆ وتووێژ چووە تاران کە شەهید حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی وەك نوێنەری کۆمار تێی‌دا بەشدار بوو. بەڵام ئاغای پیشەوەری بۆ هیچکام لە کۆبوونەوەکان لەگەڵ "قوام السلطنە"دا حەمە حوسێن خانی بەشدار نەکردو لەوەش زیاتر، لە ڕێککەوتنێکی بێ‌ئاکام‌دا کە دواتر لە شاری تەورێز لە نێوان نوێنەرانی دەوڵەتی مەرکەزی‌و حکوومەتی ئازەربایجان‌دا ئیمزا کرا، حیسابێك بۆ کۆماری کوردستان نەکراو کوردستانیان هەروەك بەشێك لە ئازەربایجان دانا، نەك وەکوو قەوارەیەکی جیاواز.

٢ـ هەر لەو پەیمانەدا گوترابوو کە لە کاتی پێویستدا هەردوو حکوومەت پێکەوە هاوکاریی نیزامی دەکەن‌و هەرچی پێویست بێ یارمەتیی یەکتر دەدەن. کەچی لە کاتی زۆر ناسك‌و ڕاست لەو کاتەدا کە سوپای ئێران پەلاماری هێنایە سەر ئازەربایجان‌و کوردستان بۆ ڕووخاندنی ئەو دوو حکوومەتە گەلی‌یە، ڕێبەرانی ئازەربایجان هیچ ئاگاداری‌یەکیان نەدایە کۆماری کوردستان‌و بە مەیدان چۆڵکردنی خێراو بێ بەربەرەکانی بە کردەوە پشتی کۆماری کوردستانیان چۆڵ کردو دەرەتانیان بۆ کۆنەپەرستی پێك هێنا کە بەو ئاسانی‌یە کۆماری کوردستانیش بڕووخێنێ. شاراوە نیە کە تەسلیم بوونی حکوومەتی ئازەربایجان لە حاڵێك‌دا هێزێکی چەکداری گەورەترو پۆشتەو پەرداختری هەبوو، شوێنەواری خەراپی لەسەر وورەی هێزی پێشمەرگەو فەرماندەرەکانی‌و تەنانەت ڕێبەرانی کۆماری کوردستانیش دانا. هەر بۆیەش بوو کە ڕێبەرانی جومهووری بڕیاری بەرەنگارییان نەداو بەو شێوە تراژیکە تەسلیم بوون.

بە هەمووی ئەو تێبینی‌یانەشەوە لەو باوەڕە دام کە لە دواڕۆژیش‌دا کوردەکان‌و ئازەربایجانی‌یەکان هەر دەبێ لێك نزیك‌و هاوکارو هاوپەیمانی یەکتر بن. بەڵام پێویستە نوختە لاوازەکانی هاوکاریی دەورانی دوو حکوومەتی نیشتمانیی ئازەربایجان‌و کوردستان لەبەرچاو بن‌و هەوڵ بدرێ بناخەیەکی پتەو بۆ هاوکاری دابڕێژرێ‌و وردترو بەرپرسانەتر جێبەجێ بکرێ.


❊❊❊

**پ: بەڕێز کاک جەلیل! دەسکەوتێکی دیکەی کۆماری کوردستان، گەشە کردنی بواری فەرهەنگی و خوێندن بە زمانی کوردی بوو، دەکرێ ئاماژەیەك بەو لایەنەی سەردەمی کۆماری کوردستان بکەی؟**

و: تائەو جێگەیەی من لە بیرمە لە زەمینەی فەرهەنگی دا لەو ماوە کورتەی تەمەنی کۆمار دا کاری زۆر بە سوود کران کە پێشتر لە کوردستان زۆر بە کەمی کرابوون‌و لە زۆر وڵات دا هەر باسیشیان لێ نەکرابوو کە بریتین لەوانەی خوارەوە:

١ـ ڕاکێشانی ژنان‌و لاوان بۆ بەشداری کردن لە کارو باری کۆمەڵگا کە دواتر گەیشتە ئەو جێگەیەی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات‌و دواتریش ڕێکخراوی لاوانی دیموکرات پێك بێ کە هەر دووکیان نەخشی بەرچاویان هەبوو.

٢ـ حورمەت بۆ مافی کەمایەتییەکان‌و ئیعتراف بە مافی فەرهەنگی‌یان‌و پیادەکرانی بە کردەوەی ئەو مافە ڕەوایە.



٣ـ ڕەسمیەت‌دان بە خوێندنی زمانی کوردی لە قوتابخانەکان‌و کارو باری ئیداری‌دا.

٤ـ ئیجباری کردنی خوێندن بۆ کوران‌وکچان و هاندانی لاوانی نەخوێندەوار بۆ خوێندنی شەوانە.

٥ـ دامەزراندنی ڕایدیویەکی FM بۆ یەکەم جار کە لە بەر کەمیی ڕادیو لە ڕێگەی چەند بلێندگۆوە کە لە چەند شوێنی شاری مەهاباد هەڵواسرابوون، خەڵك بۆ بیستنی هەواڵ‌و باسەکان کەڵکی لێ وەردەگرتن.

٦ـ بۆ یەکەم جار، هەر لەم دەورەیەدا خەڵکی شارە ڕزگار کراوەکان بە هۆی سینەمای گەڕۆك کە لە ماشینێك دا جێگەی گرتبوو، دەگەڵ سینەما ئاشنا بوون. جێگەو شوێنی سازکرانی ساختومانێك بۆ سینەما دیاری کرابوو، هێندێك کەسایەتیشی بۆ ئامادە کرابوون کە بە داخەوە پێ‌ڕانەگیشتن سازی کەن.

٧ـ تیئاترو شانۆگەری‌و موسیقا بەرەو پەرەگرتن دەچوون.

٨ـ لە هەمووان گرینگتر ئەوە بوو کە یەك دوو مانگ بەر لە ئیعلامی کۆمار چاپخانەیەکی گەورە لە لایەن حیزبەوە بە ناوی کوردستان دامەزرا کە ڕۆژنامەی کوردستان‌و گۆڤاری کوردستان‌و باقیی بڵاوۆکەکانی لێ چاپ دەکرا. لەو ماوەیەدا ١١٣ ژمارەی ڕۆژنامەی "کوردستان" و نێزیك بە ٢٠ ژمارە لە گۆڤاری "کوردستان" بڵاو بوونەوە کە زمان حاڵی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون. سەرنووسەری ڕۆژنامەکە سەید محەممەد حەمیدی بوو، بەرپرسی چاپخانە ماوەیەك میرزا عەلی خوسرەوی‌و دوایەش مەلاقادری مودڕێس بوو. کارگێرانی چاپخانە بریتین لە: میرزا موتەلیب، شیخ محەممەدی، کاك سەدیق عەلایی، محەممەد شاپەسەندی‌و پۆلێك لە لاوان وەك عەبدوڵا دەباغی، عەزیز ژیان‌و... کاری حروفچینییان دەکرد. دیارە وەك نووسەری تەواو وەخت تەنیا سەید محەممەد حەمیدی کە سەرنووسەر بوو سەروتارو وتارێکی لە هەموو ژمارەکان دا هەبوو. خاڵەمین، هێمن، هەژار، دڵشاد ڕەسووڵی، محەممەد شاپسەندی،ماموستا سەعید ناکام لە برگەیەك دا، هاشم خەلیل‌زادەو کەسانێکی‌تر لە بواری نووسیندا هاوکارییان دەکردو جێ دەستیان لەو ژمارانەی کە وەدەست کەوتون دیارە.

٩ـ ئەنجومەنی فەرهەنگی دەگەڵ ئازەربایجانی هاوپەیمان‌و یەکیەتیی سۆڤیەت پێك هاتبوو.

١٠ـ ناردنی قوتابیان بۆ باکۆو تەورێز بە مەبەستی درێژەدانی خوێندن لە بوارە جیاجیاکانی پێویست بۆ ئەو کاتی کۆمار.

***

# کۆمەڵناسیی کۆماری کوردستان

ن: شادمان
و: فەرهاد ئەکبەری

هزرڤانان و سیاسەتڤانان، دەورەی ناسرەدین شای قاجار بە دەورەی پێکهاتنی دەوڵەت لە ئێراندا دادەنێن. دیارە ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئێران حکوومەتی نەبووە. دەوڵەت دیاردەیەکی نوێباوە کە پاش ڕێککەوتننامەی ویستڤالیا لە ڕۆژئاوادا سەری هەڵ دا، هەتا بەر لە ناسرەدین شا، پێکهاتەی پاشایی ـ هۆزەکی، حکوومەت و کۆمبوونی دەسەڵات و بەڕێوەبەریی کاروباری وڵات لە دەستی شادا، لەمپەرێکی سەرەکیی بەردەم پێکهاتنی دەوڵەت بوون. لە پاش ئەوەی ناسرەدین شا سەردانی ئورووپای کرد و پێشڤەچوون و گەشەکردنی ڕۆژئاوای دی و هەروەها پاش شاندنی ژمارەیەک خوێندکار بۆ فێربوونی زانست و تیکنیکی ڕۆژئاوا، وای لێ هات کە ناوبراو چەند وەزیرێک بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری وڵات بۆخۆی هەڵبژێرێ و ئەمەش دەسپێکی بەخشینی هەندێک لە دەسەڵاتەکانی سۆڵتان بە کەسانی دیکە بوو. یاخۆ دەکرێ بڵێین ئەمە یەکەم بزاڤ بوو بۆ ئاواکردنی دەوڵەت بەشێوەی نوێباو (مۆدێڕن). دیارە ئەم هەنگاوە بەر لەوەی کە نیشانەی هەوڵی ناسرەدین شا بۆ گۆڕان بێ، بەرهەمی بیروهزری ڕیفۆرمخوازانی دەوڵەتی بەتایبەت ئەمیر کەبیرو حسێن خانی سوپا سالار بوو. ناسرەدین شا بە دەرکردنی بڕیارێک فەرمانی بە ئەمینو سوڵتان دا کە ئەنجومەنێک لە وەزیران و زاناگەل پێک بێنێ. بێگومان ئەم بڕیارە سەرەتای دیالکتیکی دەوڵەتی مۆدێڕن لە ئێراندا بوو. چونکە لە لایەکەوە دەسەڵاتی ڕەها لەدەستی شا دایە و لە لایەکی دیکەوە ئەنجومەنێک بۆ ڕاوێژ پێک دێ کە هێما و سەمبولی مەرجداربوونی دەسەڵاتە.

ناسرەدین شا بە چێکردنی نۆ وەزارەتخانە کە بریتی بوون لە: ١) نێوخۆ، ٢) دارایی، ٣) جەنگ، ٤) دەرەوە، ٥) داد، ٦) دەربار (کاروباری کۆشکی شا)، ٧) زانستەکان، ٨) داهاتەکان، ٩) بازرگانی و کشتوکاڵ، هەنگاوێکی سەرەکی لە پێناو دروستکردنی دەوڵەتی ڕەهادا هەڵدێنێتەوە و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بڕیاری هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی نەریتی و پێکهاتەی پاشایی ـ هۆزەکی دەر دەکا. بەڵام هەروەک دواتر بۆمان دەردەکەوێ، دەوڵەتێکی تەواو ڕەها ساوکە نابێ. ئەمیرکەبیر دەخرێتە پەراوێزەوە و، لە حەمامی فینی کاشاندا دەکوژرێ. پابەندنەبوونی ناسرەدین شا بە پێکهێنانی دەوڵەتی مۆدێڕن، زەرەری ناوبراو و ماڵباتی قاجاری لێ دەکەوێتەوە. چونکە لە سۆنگەی گڤاشی کۆمەڵ و ئەو خوێندکارانەی کە لە ئورووپارا گەڕابوونەوە، موزەفەرەدین شا مل بۆ ئیمزاکردنی فەرمانی مەشرووتە ڕادەکێشێ و دە ڕۆژ پاشتریش دەمرێ. محەممەد عەلی شاش کە تۆسقاڵێک باوەڕی بە مەشرووتە نەبووو، جارێکیش مەجلیسی بە فیتی لیاخۆفی ڕووسی دایە بەر تۆپ، ئێرانی بەجێ هێشت. بەجۆرێک کە ئەم ڕەوتە بواری بۆ تێکەوە پێچرانی ماڵباتی قاجار خۆشتر کرد. ئەو کۆمەڵە ڕووداوانەش کە پاشتر قەومان، وایان لە ڕووناکبیران و کۆمەڵانی خەڵک کرد کە دەوڵەتی ڕەهایان لە مەشرووتە و بێسەروبەرەیی پێ باشتر بێ. کەوابوو قوتابخانەی نوێکردنەوە دەوڵەتی (داسەپێنرانە) سەری هەڵ دا. گۆڤاری "نامەی فەرهەنگ" ئۆرگانی فەرمیی ئەم ڕوانگەیە بوو. گۆڤارێک کە لە یەکێک لە ژمارەکانی خۆیدا نووسیویەتی: لە کۆمەڵێکدا کە بە زەحمەت لە سەدا یەکی خەڵکەکەیدا فارسیزانێک پەیدا دەبێ،

**ڕەزاشا بە کردەوە بناپارتیزم و فاشیزمی لێک گرێ دا. ناوبراو لە تاکە سەردانی دەرەکیی خۆیدا بۆ تورکیە، قوتابخانەی مۆدێڕنیتەی داسەپاو لە سەرەوەو لە لایەن دەوڵەتەوە، شەیدای کرد. لە ئاکامدا هەروەک بۆمان دەرکەوت ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی ئێران بە بەریانێکدا چوو کە خودی دەوڵەت بوو بە دوژمنی مۆدێڕنیتەو هەروەک دەوڵەتە فاشیستەکانی دیکە لە جیاتیی دەوڵەتی مۆدێڕن، مۆدێڕنیتەی دەوڵەتی هاتە کایەوە**

چۆن دەکرێ پشت بە دەسەڵاتی زۆرینەو حکوومەتی پارلمانی ببەسترێ. لە ئاکامدا بیرۆکەی دیکتاتۆریی نیزامی لەم دەورەیەڕا هاتە نێو ئەدەبیاتی سیاسیی ئێرانەوەو ئەمەش ڕێخۆشکەری سەرهەڵدانی ڕەزاشاو دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکەی بوو. ڕەزاشا کە لە توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵ بووو مێژینەیەکی ئەشرافیی نەبوو، توانیی دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێ. ناوبراو سەرەتا دەیەویست بە پشتیوانیی حیزبی تەجەدود سیستمێکی کۆماری پێک بێنێ. ناوبراو کاتێک هاتە سەر کار کە پێش لە وی دەرەبەگو سەرۆک عەشیرەگەلی گەورەی وەک محەممەد وەلیخانی تۆنێکابۆنی و سەردار ئەسعەدی بەختیاری و... بە پشتیوانی لە مەشرووتییەت و هەوڵدان بۆ سستکردنی پایەکانی سەڵتەنەت، مەزنترین و تاکە



پشتگرو پشتیوانیان لە کیس چوو. کەوابوو ڕەزاشا لە دەورەی لاوازبوونی دەرەبەگایەتی لە ئێراندا سەری هەڵداو، لە ئاکامدا دەوڵەتی بناپارتیسیتی لێ کەوتەوە. ئەگەر ڕەوتی باسکراو درێژەی کێشاباو جێگیر بووبا، لە ئاکامدا هەڵوەشانەوەی دامودەزگا نەریتی و بەهێزەکانی سەر بە سیستمی سەڵتەنەتیی لێ دەکەوتەوە کە بەردەوام کۆسپێکی سەرەکی بوون و لەسەر ڕێگای نووژەنکردنەوەی ئێران دا. ڕەزاشا لە سەرەتای هاتنەسەرکاریدا کۆمەڵێک هەنگاوی بۆ پێکهێنانی حیزبێکی سیاسی بە نێوی "ئێرانی نوێ" هەڵگرت. بەڵام وەرچەرخان و هەڵوێستەکانی نەیاران بوونە هۆی ئەوە کە ڕەزاشا لەو هەنگاوەی خۆی پاشگەز بێتەوەو لە وەرچەرخانێکی ئیستراتیژیکدا حکوومەتی سەڵتەنەتی پەهلەوی دابمەزرێنێ. لە ئاکامدا پێڤاژۆیەک کە دەکرا ببێتە هۆی پێکهاتنی دەوڵەتی ڕەهای مۆدێڕن، سەری نەگرت. چونکە زۆربەی دێموکراسییەکانی جیهان بەرهەمی دەربازبوون لە حکوومەتە ڕەها مۆدێڕنەکانن. ڕەزاشا بە کردەوە بناپارتیزم و فاشیزمی لێک گرێ دا. ناوبراو لە تاکە سەردانی دەرەکیی خۆیدا بۆ تورکیە، قوتابخانەی مۆدێڕنیتەی داسەپاو لە سەرەوەو لە لایەن دەوڵەتەوە، شەیدای کرد. لە ئاکامدا هەروەک بۆمان دەرکەوت ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی ئێران بە بەریانێکدا چوو کە خودی دەوڵەت بوو بە دوژمنی مۆدێڕنیتەو هەروەک دەوڵەتە فاشیستەکانی دیکە لە جیاتیی دەوڵەتی مۆدێڕن، مۆدێڕنیتەی دەوڵەتی هاتە کایەوە. ئەم دەوڵەتە بە پێکهێنانی کۆمەڵێک ڕیفۆرم لە بوارگەلی وەک، گۆڕینی جلوبەرگ، لابردنی لەچکە، ئاکنجیکردنی ڕەوەندەکان و پێکهێنانی شارنشینی بەشێوەی مۆدێڕن، هەنگاوگەلێکی بنەڕەتیی لە وەرچەرخاندنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسیی ئێراندا هەڵهێنایەوە، بە چەشنێک کە مۆدێڕنیتەی دەوڵەتیی ڕەزا شایی پێکهاتنی چینێکی نوێی بەناوی بورژوازیی دەوڵەتیی لێ کەوتەوە. لە حاڵێکدا لە ڕۆژئاوا ئەوە بورژوازیی پێکهاتوو بوو کە دەوڵەتی مۆدێڕنی پێک هێنا، بە پێچەوانەی ئێران کە مۆدێڕنیتەی دەوڵەتی، بوو بەهۆی سەرهەڵدانی بورژوازی. ئاکامی ئەم ڕەوتە بوو بەهۆی ئەوە کە لە سەردەمی ناسرەدین شاوە، دەوڵەت بەردەوام ویستوویەتی لە سەرەوەڕا ڕیفۆرم بکا. ئەم چەشنە نووژەنکردنەوەیە لە گۆڕ گرتنی برینگتۆن مۆر، نووژەنکردنەوە لە سەرەوەو لەلایەن دەوڵەتەوە، فاشیزمی لێ وەبەرهەم هاتوە کە وەک منیاک، دەکرێ ئاماژە بەناوی وڵاتگەلێک وەک ئاڵمان، ئیتالیا، ژاپۆن و ئێران بکەین.

بەرهەمی ئەم پرۆسەیە لە سۆنگەی وەڵامنەدەریی حاکمییەت لە ئێراندا کەلێنێکی چالاکی پێک هێنا کە لە لایەکی ئەم کەلێنەوە ناسیۆنالیزمی توندڕەوی فارس سەری هەڵ داو لەلایەکی دیکەشەوە ناسیۆنالیزمی کورد پێک هات. نموونەی ڕاستەقینەی ئەم وەرچەرخانگەلە لە کۆمەڵەی ژ ـ کافدا دەرکەوت. کە دوو تایبەتمەندیی بە تەواوی جیاوازی لەگەڵ بزاڤەکانی دیکەدا هەبوون. یەکەم ئەوەی کە ڕێبەرایەتیی بزاڤەکەو ئەندامە پێکهێنەرەکانی نەک هەر لە سەرۆک عەشیرەکان نەبوون، بەڵکوو وردە بورژوای شاری بوو. دووهەم ئەوەیکە شوێنی بزاڤەکە لە گوندەوە گوازرایەوە بۆ شار. با ڕوونتر بڵێین، سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئێراندا پەرچە کردارێک بوو لە هەمبەر ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا. واتە ناسیۆنالیزمێک کە بە پێداگرتن لەسەر بەهاکانی زۆرینەی دەسەڵاتدار، بۆ سڕینەوەی بەهاکانی کەمایەتیی بندەست تێ دەکۆشا. بەڵام ڕەزاشا بە بادانەوەیەکی ستراتیژیک و لێکدانەوەگەلێکی هەڵە، کە بە خەیاڵی خۆی پێی وابوو ئاڵمانی هیتلێری دەتوانێ وەک زلهێزێک هاوسەنگیی هێزەکان لە جیهاندا بە سوودی خۆی بگۆڕێ، بە نیشاندانی مەیلێکی لایەنگرانە بەلای ئاڵمانداو ڕێگەدان بە هاتنی ئاڵمانییەکان بۆ ئێران، وەک هێزی سێهەم بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لە بەرامبەر دوو زلهێزی ڕووس و بریتانیا، بواری بۆ ڕووخاندنی خۆی و داگیرکردنی ئێران لە ساڵی ١٣٢٠دا خۆش کرد. بۆیە ڕووسەکان لە باکوور و بریتانیاییەکان لە باشوورەوە ئێرانیان داگیر کرد. بە سەرنجدان بەوەی کە ژ ـ کاف پێک هاتبوو، بۆشایی نەبوونی دەسەڵاتی حکوومەت بوو بەهۆی گۆڕانی ستراتیژیکی ژ ـ کاف و لەدایکبوونی حیزبی دێموکرات. چونکە ژ ـ کاف وەک ڕێکخراوێکی نهێنی و ژێرزەوینی بە ئەرکگەلی تایبەتەوە بەرهەمی کاوادان و هەلومەرجی

**ئەم وەرچەرخانگەلە لە کۆمەڵەی ژ ـ کافدا دەرکەوت. کە دوو تایبەتمەندیی بە تەواوی جیاوازی لەگەڵ بزاڤەکانی دیکەدا هەبوون. یەکەم ئەوەی کە ڕێبەرایەتیی بزاڤەکەو ئەندامە پێکهێنەرەکانی نەک هەر لە سەرۆک عەشیرەکان نەبوون، بەڵکوو وردە بورژوای شاری بوو. دووهەم ئەوەیکە شوێنی بزاڤەکە لە گوندەوە گوازرایەوە بۆ شار. با ڕوونتر بڵێین، سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئێراندا پەرچە کردارێک بوو لە هەمبەر ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا**

سەرهەڵدانی خۆی بوو، بەڵام کاتێک کە بۆشایی نەبوونی دەسەڵاتی ناوەندی دروست بوو، بە قەڵەمبازێکی واقیعبینانەو ژیرانە حیزبی دێموکرات لە دایک بووو بەدوای ویدا کۆماری مەهاباد [کوردستان] دامەزرا.

بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە چەوتانەی کە کۆماری کوردستان بە هەنگاوێکی جوداییخوازانە لە قەڵەم دەدەن، کۆمار دەسەڵاتێک بوو لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێرانداو دامەزرێنەرانی هیچکات مەبەستیان جیابوونەوە لە ئێران نەبوو. بەڵکوو ئەم پێڤاژۆیە بزاڤێکی کردەکی و پنگاڤێکی سەرەکی بوو بۆ سەپاندنی دێموکراسی بەسەر حاکمییەتدا. کۆمەڵێک هۆکاری ناوەکی و دەرەکی لە پێکهاتنی ئەم کۆمارەدا ڕۆڵیان هەبوو، کە لە هۆکارە ناوەکییەکانی دەکرێ ئاماژە بە ئەم چەند خاڵەی خوارەوە بکەین: ١) زوڵموزۆریی کاربەدەستانی ناخۆجێیی لە دەڤەرەکەدا، ٢) ئەو گۆڕانکارییانەی کە بە نیشتەجێکردنی ڕەوەندەکان و پێکهێنانی شارنشینی نوێباو و هەنگاوگەلی نوێخوازانەی ڕەزا شا لە ئێراندا سەریان هەڵ دا، ٣) هەڵکەوتنی مەهاباد لە دراوسێتیی ئازەربایجاندا وەک پایتەختی دووەم و ڕێگای سەرەکیی هاتنی هزرو بیری پێشکەوتوو لە ئیستەمبووڵ و ڕووسیەوە، ٤) پێوەندیی توندوتۆڵ لە نێوان بزاڤگەلی ئازادیخوازیی تەوریز. لە هۆکارگەلی دەرەکیش دەکرێ ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە بکرێ: ١) بوونی شۆرەوی لە ناوچە باکوورییەکاندا، زلهێزێک کە دژایەتییەکەی تیئۆریکی لەگەڵ پێکهاتەی حکوومەتی پەهلەویدا هەبوو، ٢) بۆشایی دەسەڵاتی ناوەندی کە بەهۆی داگیرکردنی ئێران لە ساڵی١٣٢٠دا لە ناوچەکەدا پێک هات، ٣) پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوە کوردییەکان لە عێراق و تورکیە.

***

## موحسێنیی ئێژەیی لە پشکنینی باوەڕەوە هەتا گەیشتن بە وەزیری ئیتلاعات

غولام حسێنی موحسێنیی ئێژەیی، وزیری نوێی ئیتلاعات یەکێکە لەو کەسە سەرەکییانە کە لە ڕاوەدوونانو لێپرسینەوەی ئاخوندە ڕیفۆرمخوازەکانو هەروەها لە سەرکوتکردنی ئازادیی چاپەمەنی لە ئێران دا، دەستی هەبووە. لە ژانویەی ١٩٩٩ دا ئەو باسی لە هێرشی دەسەڵاتی دادوەری بۆ سەر چاپەمەنی کرد کە بە شوێن قسەکانی ئەودا زیاتر لە ١٠٠ ڕۆژنامەو بڵاڤۆك داخران:

"ئەم شێوە پەیڤینەی ڕۆژنامەی "تووس" لایەنە جۆراوجۆرەکانو خەڵکی دژی نیزامو ئاسایشی وڵات هانداوەو ئەگەر ئەم تاوانانە لە دادگادا بسەڵمێندرێن، بەڕێوەبەرەکانی بە "محارب" دەناسرێنو چارەنووسی ئەوانەش لە یاسادا بەڕوونی دیاریکراوە. من وەکوو بەرپرسی "مجتمع" (کۆمەڵە)ی قەزایی تایبەت ڕادەگەیەنم کە ئەگەر بڵاڤۆکە بەرهەڵستکارەکان گوێ نەدەنە دووهەمین هەڕەشەی ڕێبەری، ئێمە بە پێی ئەرکی خۆمان شێلگیرانە چ لە دادگا گشتییەکانو چ لە ڕێگای دادگاکانی شۆڕشەوە بەگژیان دا دەچینەوەو دەستدرێژی بۆسەر بنەماکانی ئیسلامو "ئینقلاب"و ئاسایشی وڵات قبووڵ ناکەین [٢٨].

ڕۆژنامەی "سەلام" لە ڕێکەوتی ٦ی جولایدا ئەو نامە دەوڵەتییەی بڵاوکردەوە کە بۆ سەعیدی ئیمامی، داڕێژەری قەتڵە زنجیرەییەکان نووسرابوو. ئیمامی لەو نامەیەدا باسی لە بەرنامەی سەرکوتی چاپەمەنییە ڕیفۆرمخوازەکان کردبوو. بۆ سبەینێکەی موحسێنیی ئێژەیی لە پلەی دادستانی گشتیی دادگای تایبەت بە ڕۆحانییەکان (دادگاه ویژه روحانیت) بڕیاری داخستنی ڕۆژنامەی سەلامی دەرکرد. "کیفر خواست"ێکی لە دژی خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی سەلام، حوجەتولئیسلام سەید محەمەد مووسەوی خوەینی، هێنایە ئاراوە، کەسێك کە تەنیا چەند حەوتوو دواتر لە لایەن دادگای تایبەتیی ڕۆحانییەکانەوە بە تاوانی سووکایەتیکردن بە مەئمووری دەوڵەتو بڵاوکردنەوەی درۆگەلی سووکایەتیهێنەر بەتاوانبار ناسێنرا [٢٩].

# بڕیاردەرانی قەتڵەکان: کابینەی ڕێبەرانی ئەمنییەتیی دەوڵەتی نوێی ئێران

**وەرگێڕانی: ڕەسووڵ سوڵتانی**

**بەشی دووهەمو کۆتایی**

موحسێنیی ئێژەیی هەروەها وەك دادستانی گشتیی دادگای تایبەتیی ڕۆحانییەت، بەڕێوەبەریی لێپرسینەوەی ڕۆحانییە ڕیفۆرمخوازەکانی وەك عەبدوڵڵا نووریو موحسێن کەدیوەری لە ئەستۆ بوو. لە مانگی مارسی ١٩٩٩ دا دادگای تایبەتیی ڕۆحانییەت، لێکۆڵەری ناسراوی شێعە، موحسێن کەدیوەری بە هۆی ئەو وتانەی کە تێیدا ئاماژەی بە بڕیاردەرانو هۆکارەکانی قەتڵە زنجیرەییەکان کردبوو، بە ئازراندنی بیروڕای گشتیی تاوانبار کرد. هەروەها تاوانباری کرد بە "پڕوپاگەندە دژی نیزامی پیرۆزی کۆماری ئیسلامی". ئەویش بە پێی وتووێژێك کە تێیدا گوتبووی بەشێك لە پێکهاتەکەی ڕێژیمی پاشایەتی هێشتا شەقڵی نەشکاوە. دادگا بەم دوو تۆمەتە ساڵو نیوێکی زیندان بە سەردا سەپاند [٣٠].

لە نوامبری ١٩٩٩ دا عەبدوڵڵا نووری، وەزیری پێشووی نێوخۆو مودیر مەسئوولی ڕۆژنامەی "خورداد"ی لەلایەن دادگای تایبەت بە ڕۆحانییەتەوە بە تۆمەتی ئەوەی ڕۆژنامەکەی وتارگەلێکی بۆ بەدناوکردنی نیزامو پەرەپێدانی درۆو چەواشەکاریو پڕوپاگەندە دژی ڕێژیم بڵاوکردۆتەوە بە ٥ ساڵ زیندان مەحکووم کرد [٣١].

چەندین ڕۆژنامەنووسو چالاکی سیاسی وتوویانە کە موحسێنیی ئێژەیی بڕیاری کوشتنی "پیروز دەوانی"، جیا بیرو تێکۆشەری سیاسیی دەرکردوە کە بە پێی ئەم وتانە، لە ساڵی ١٩٩٨ دا لەلایەن بەرپرسانی وەزارتی ئیتلاعاتەوە کوژرا. تەرمەکەی هیچکات نەدۆزرایەوە. ئەکبەر گەنجی، موحسێنیی ئێژەیی بە بکوژی پیروز دەوانی دەزانێو [٣٢]، عەبدوڵڵا نووریو عیمادەدین باقییش هەر لەسەر ئەو باوەڕەن [٣٣].

سەرچاوەیەکی متمانە پێکراوی ئێرانی بە چاوەدێری مافەکانی مرۆڤی ڕاگەیاندوە کە گەلێك زانیاریی نوێو جێی باوەڕی لەسەر هەبوونی ئەو نامەیە کە لەلایەن موحسێنیی ئێژەییەوە بۆ کوشتنی پیروز دەوانی دەرکراوە، هەیە. ئەو لەبەر هێندێك مەسەلەی ئەمنییەتی نەیویستوە ناوی ئاشکرا بێ.

لە مانگی ژووئەنی ١٩٩٨دا ئێژەیی، سەرۆکایەتیی دادگاییکردنی شارەداری پێشووی تاران " غولامحسێن کەرباسچی"ی لە ئەستۆبوو. کەرباسچی وەك شارەداری تاران لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماریدا ڕۆڵێکی چالاکی بۆ خاتەمی گێڕا. ژمارەیەك لە جێگرەکانی کەرباسچیش گیرانو کەرباسچی گوتی کە ئەم گیراوانە ئەشکەنجە دراون بۆ ئەوەی شایەتیی ناڕاست لەسەر ئەو بدەن [٣٤]. لە ئاکامی دادگاییکردندا کەرباسچی بەردەوام داوای لە موحسێنیی ئێژەیی کرد کە سەبارەت بە ئەشکەنجەو هەڕەشەلێکردن لێکۆڵینەوە بکا بەڵام داواکەی پشت گوێ خراو، دادگا سێ ساڵ زیندانیو ١٠ ساڵ بێبەش بوون لە کاروباریی دەوڵەتی بەسەر ناوبراودا سەپاند [٣٥].

هەروەها لە ٢٣ مانگی مای ٢٠٠٤ دا موحسێنیی ئێژەیی وەك نوێنەری دەسەڵاتی دادوەری لە کۆمیتەی چاوەدێری بەسەر چاپەمەنی، لە ڕووداوێکی سەرسووڕ هێنەردا، هێرشی کردە سەر ڕۆژنامەڤانێکی بە ناوبانگی ئیسلاح تەڵەبو قەپی پێداکرد [٣٦]. ئەو لێدوانانەی کە لەم ڕاپۆرتەدا بەکورتی هاتون تەواو جیدینو ڕێژیمی ئێران دەبێ لێکۆڵینەوەی بەربڵاوو بێلایەنو سەربەخۆ بەمەبەستی تاوتوێکردنی کردەوەی دوو وەزیری ناوبراو ئەنجام بدا. بە هۆی ئەوەیکە ئەم وتانە جێی متمانەو ئیعیتبارنو هەڵگری گەلێك جینایەتو تاوانگەلی ترسێنەرن، ئەحمەدینەژاد دەبێ مستەفا پوور محەمەدیو موحسێنیی ئێژەیی لە بەرپرسایەتیی وەزارەتی نێوخۆو وەزارەتی ئیتلاعات تا ئەو کاتەی کە ئاکامی ئەم لێکۆڵینەوانە ڕوون دەبێتەوە، وەلابنێت. ئاکامەکەش دەبێ بیروڕای گشتیی لێ ئاگادار بکرێتەوە. ئەگەر ئەم تۆمەتانە بسەلمێندرێن ناوبراوان دەبێ لە چوارچێوەی یاساییو ڕەوتی دادوەریداو بە پێی ئیستانداردە نێونەتەوەییەکان دادگایی بکرێو سزا بدرێ.

بە پێی ئەم دەربڕینانە مستەفا پوورمحەمەدی وەك یەکێك لەو بەرپرسانەی بڕیاری کوشتاری بەکۆمەڵی بەندکراوانی سیاسیی ساڵی ١٩٨٨ی دەرکردوە، بە بەشداریی چالاکانە لە جینایەت دژی مرۆڤایەتیدا، تۆمەتبارە. جینایەت دژی مرۆڤایەتی بۆ یەکەمجار لە ڕاگەیەندراوی دادگای نۆرنبێرگ دا بەو جینایەتانە گوتراوە کە ڕەهەندو ڕێژەی بێبەزییانەو دڕندەییەکەیان یان ئاستی بەربڵاوییەکەو یان بە پێی گەڵاڵەو بەرنامەڕێژییەکی هاوچەشن بەڕێوە چووبن...و کۆمەڵگای نێودەوڵەتییان خستبێتە مەترسییەوە یان بەشێوەیەکی ڕاچڵەکێنەر ویژدانی مرۆڤایەتییان هەژاندبێ [٣٧]. لەو دواییانەدا چەمکی جینایەت دژی مرۆڤایەتی لە ژمارەیەك پەیماننامەی نێونەتەوەییو ڕێساکانی ڕۆم دا بۆ دادگای نێونەتەوەیی جینایەت پێناسەکراوە [٣٨].

ئەگەر سەرکۆمار، ئەحمەدینەژاد بەخێرایی پوورمحەمەدیو موحسێنیی ئێژەیی لەسەر کارلانەباو بڕیاری لێکۆڵینەوەیەکی بێلایەنو سەربەخۆ بۆ تاوتوێکردنی ئەو تۆمەتانەی لەم دوانەدراون دەرنەکا، پارلمان دەبێ دەنگی بێمتمانەییان بداتێو کۆمیسیۆنێکی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ لەو بوارەدا پێك بێنێ [٣٩].

وەها لێکۆڵینەوەگەلێك دەبێ بەمەبەستی ناساندنی هەموو ئەو کەسانە بکەین کە بەپێی ئەم وتانەی خراونەتە ڕووو بەرپرسی جینایەتەکانن، هەروەها دەبێ دەوری ئەوان لەم کارانەدا دیاری بکرێ. دەسەڵاتی دادوەریی ئێران بۆخۆی لەزۆربەی بوارەکان دا پێشێلکەری مافەکانی مرۆڤە هەروەك بە کورتیش لەم ڕاپۆرتەدا باسی لێوەکرا، بەکردەوەش دەرکەوتوە کە هێزی بەڕێوەبردنی وەها لێکۆڵینەوەگەلێکی بێلایەنانەی لەم بوارانەدا نیە.

وەرگیراو لە "بنەماکانی پێشگرتنی شوێندانەرو توێژینەوەگەلی ئێعدامی نادادوەرانە، خۆتەوەرانەو خێرا" کە لەلایەن بڕیارنامەی ١٩٨٩/٦٥ی شورای ئابووریو کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ٢٤ی مای ١٩٨٩ دا پێشنیارکراوە.

بنەماکە: ٩ شێوەی بەڕێوەبردنی لێکۆڵینەوەو تاوتوێکردنی لەم بوارەدا بەم شێوە باسکردوە: سەرجەم ئەو خاڵە گومانلێکراوانەی (گوماناوییانە) لە ئێعدامە نایاسایی، خۆتەوەرانەو خێراکان دەبێ بە شێوەیەکی پوخت، خێراو بێلایەنانە تاوتوێ بکرێن. ئەم مەوردە گوماناوییانە لەوانە سکاڵاکانی خزمو کەسووکارەکانو یان ڕاپۆرتە باوەڕپێکراوەکان لەسەر مردنی ناسروشتی بە پێی ئەوەی کە لەسەرەوە باسکران، لەخۆ دەگرێ.

حکوومەتەکان دەبێ ناوەندی بەدواداچوونو ڕێوشوێنگەلی تاوتوێکردنی سکاڵاکانیان بۆ پێڕاگەیشتن بەم مەوردانە هەبێ. ئامانج لەم پێڕاگەیشتنە دیاریکردنی هۆکار، شێوەو کاتی مردن، دۆزینەوەی کەسی بەرپرسو هەروەها ناساندنی هەر چەشنە گەڵاڵەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو ویان کردەوەیەك کە مردنی لێکەوتۆتەوەیە. ئەم تاوتوێکردنە "کالبد شکافی"ی پێویست، کۆکردنەوەو ڕاڤەکردنی سەرجەم ئەو شایەتییانەی کە هەستیان پێدەکرێو بەڵگەدارنو هەروەها لێکدانەوەکانی شایەتەکان لەخۆ دەگرێ. ئەم تاوتوێکردنە دەبێ لە نێوان مردنی سروشتی، مردنی لەناکاو، خۆکوژیو قەتڵدا جیاوازیدابنێ.

بنەمای ١١ ڕوونی دەکاتەوە کە:

لەسەرجەم ئەو مەوردانەدا کە بە هۆی کارگەلێك وەك نەبوونی "پسپۆڕی"و بێلایەنی، گرینگیی بابەتو هەبوونی ڕەوتی ئازار هێنەرو کەڵك ئاوەژوو، ڕێوشوێنەکانی پێڕاگەیشتن بە سکاڵاکانو ئەو لێکۆڵینەوانەی کەلە دۆخی بەڕێوەچوون دان وەڵامدەر نینو یان لەو مەوردانەدا کە بنەماڵەی قوربانییەکان سکاڵایان لەکەموکوڕییەکانویان لەهەر بابەتێکی هەستپێکراوی دیکە هەیە، حکوومەتەکان دەبێ بەکەڵکوەرگرتن لە کومیسیۆنێکی پێڕاگەیشتنی بێلایەن یان هەنگاوگەلی هاوچەشنی دیکە هەنگاو بۆ بەدواداچوونو توێژینەوە بهاوێژن.

بنەمای ١٩ ڕوونی دەکاتەوە کە:

وێڕای لەبەر چاوگرتنی بنەمای سێیەم لەسەرەوە، بڕیاری بەرپرسانی سەرەوەترو دەسەڵاتێکی دەوڵەتی ناتوانێ وەك پاساوێك بۆ ئێعدامە نایاسایی، خۆتەوەرانەو خێراکان بە بەڵگە بهێنێتەوە. کەسانی سەرەوەتر یان بەرپرسانی دیکەی دەوڵەتی دەتوانن بە بەرپرسیاریی کردەوەی ئەو کەسانەی کە لەژێر دەستیان دا کاردەکەن بێنە ئەژمار کە ئیمکانی بەڵگەداریان بۆ پێشگرتن لە جێبەجێ کردنی ئەم کردەوانە هەبووە. تاوانبارانی دەستێوەردان لە ئێعدامە نایاسایی، خۆتەوەرانەو خێراکان لە هیچ دۆخێك دا تەنانەت لەکاتی شەڕ، گەمارۆو یان هەر چەشنە بارودۆخێکی پێویستیی گشتیی دیکەدا نابێ لە بە دواداچوونی یاسایی پارێزراو بن [٤٠].

بنەمای ٨ لە ڕێگەی هەنگاوگەلێك وەك هەبوونو دەستێوردانی دیپلۆماتیك، بە میکانیزمەکانی نێوان دەوڵەتەکانو دادوەریو هەروەها بێزراوکردنی گشتی، ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی یان نێونەتەوەیی بۆ ئەم چەشنە توێژینەوانەو هەروەها ئەو هەوڵانەی کە بۆ پێشگرتن لە ئێعدامە نایاسایی، خۆتەوەرانەو خێراکان بەڕێوە دەچن، دابین کردوە.

ڕێوشوێنەکانی نێوان دەوڵەتان دەبێ بۆ تاوتوێکردنی ڕاپۆرتە پێوەندیدارەکان بە هەرکام لەم جۆرە ئێعدامانەو هەروەها هەڵگرتنی هەنگاوگەلێکی شوێندانەر بۆ پێشگیری لەم کردەوانە بەکار بهێنرێ.

**سەرچاوەکان لە ئارشیوی کوردستان دا پارێزراون.**

***

## دەقی بڕیارنامەی بیستو حەوتەمین کۆنگرەی یەکیەتیی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست لەمەڕ پشتیوانی لە خەباتی دێموکراتیکی کوردان

ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بۆتە هۆی زیاتر تیشك خستنەسەر مەسەلەی کورد.

چەوسانەوەی کورد دووبارە لە ئاستی نێونەتەوەییدا، بایەخێکی زیاتر پێ دەدرێ. ئێمە یەکیەتیی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست، خۆشحاڵین کە بتوانین سەرنجی زیاتر بە دۆزی کورد بدەین. ئێمە پێ دادەگرین کە دەبێ ڕێز لە مافەکانی مرۆڤو لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ هەر گەلێك بگیردرێ. ئەم ڕێزگرتنە دەبێ کوردەکانیش بگرێتەوە.

یەکیەتیی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست پێ دادەگرێ لەسەر پشتیوانیی خۆی بۆ مافی دێموکراتی، مافی مرۆڤو مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد، هاوکات بە هاوکاری لەگەڵ دۆستانمانو ڕێکخراوەکانی ئەندام لە یەکیەتیی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست، هەوڵی گەشەسەندنی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەدەین.

بە مەبەستی پشتیوانیی پتر لە مافەکانی گەلی کورد، هەوڵی پێکهێنانی کەشوهەوایەکی باشتر دەدەین بۆ هێنانەئارای دیالۆگ لە نێو لایەنە پێوەندیدارەکان بە مەسەلەی کورد، بۆ هەرچی زیاتر بەهێزکردنی بارودۆخی ئاشتیو دێموکراتیك.

**دەستەی نوێنەری گشتیی لاوان لە دەرەوە.**

**کۆمیسیۆنی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان**

**٢٠٠٦/١/١٨**

## بانگەواز بۆ پشتگیری لە خۆپیشاندانی بێرلین بە دژی لێدوانەکانی ئەحمەدینەژاد

## ئێمە بەدرۆخستنەوەی کارەساتی کوشتووبڕی یەهوودییەکان مەحکووم دەکەین!

بە دەسپێشخەریی حیزبو بنیاتە مەدەنیو دێموکراتیکەکانی ئاڵمان، ڕۆژی پێنجشەممە ٢٦ی ژانویە، ڕۆژێك پێش لە یادکردنەوەی "هولۆکۆست"، ژینۆسایدی یەهوودییەکان لە لایەن فاشیزمی هیتلێرییەوە، لە بێرلین دا خۆپیشاندانێکی بەرین لە دژی ڕەگەزپەرستی بەڕێوەدەچێ. لەم خۆپیشاندانەدا حیزبە سیاسییەکان، کلیساکان، کۆمەڵە دینییەکان، سەندیکاکان، یەکیەتییەکان، نوێنەرانی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی دانیشتووی ئاڵمانو هێزە مەدەنییەکانی دیکەش بەشدار دەبن. سەرجەم ئەم بنیاتانە لێبڕاوانە هەوڵ دەدن کە بە هێنانەمەیدانی فرەتری خەڵك، هاواری بەربەرکانێ لەگەڵ ڕەگەزپەرستیو بەدرۆخستنەوەی کارەساتە مرۆڤانییەکانی دووهەمین شەڕی جیهانی لەدژی یەهوودییەکان بەشێوەیەکی گشتی بەرز ڕابگرن.

بەڕێوەچوونی ئەم خۆپیشاندانە بۆ ئێرانییەکانی دانیشتووی ئورووپا دەرفەتێکی لەبارە تا نیشانی بدەن کە لێدوانەکانی ئەحمەدینژاد، سەرۆکی کۆماری ئیسلامیی ئێران سەبارەت بە وەدرۆخستنەوەی کوشتووبڕی یەهوودییەکان لە لایەن ئاڵمانی نازییەوە لەگەڵ باوەڕو کولتووری مرۆڤدۆستانەی ئێرانییە ئازادیخواز، دێموکراتو ئاشتیخوازەکان دا نامۆیە، دەنگو قسەی سەرکۆماری ئیسلامی دەنگی خەڵکی ئێمە نیەو ئێمە بیرەوەریی تاڵی میلیۆنان مرۆڤ کە لە ئوردوگاکان، کورکانی مرۆڤ سووتاندنی ئاشوئیتس، داخائۆ، بوخنوالد،...و دیوەکانی گازدا کۆمەڵکوژ کران، هیچکات لەبیر ناکەین. چۆن دەتوانرێ هەزاران وێنە، فیلمی دیکیۆمێنتی، شایەتە زیندووەکانی بەجێماو لە سەردەمی فاشیزم، بیرەوەرییەکانو ئەو بەڵگانەی کە سەلمێنەری جینایەتی نازییەکان لە دژی یەهوودییەکانە، لەبەرچاو نەگیرێن، بەدرۆ بخرێنەوەو تەواوی ئەم جینایەتە دەسکردو ئەفسانە لەقەڵەم بدرێ. بەدرۆ خستنەوەی وەها کارەساتێك جینایەتی دووقات لەدژی مرۆڤایەتییە.

**ئازادیخوازان!**

لە خۆپیشاندانی ٢٦ی ژانویەدا بەشداری دەکەین تا نەهێڵین دەسکاری بیرگەی مێژووی نەتەوەکان بکەنو مرۆڤایەتیی ئێمە زامدار بکەن. بەشداری ئێمە لە خۆپیشاندانی بێرلین دا دژایەتی لەگەڵ "ئانتیسمیتیزم"، داکۆکی لە بەها مرۆڤانییەکانو بایەخی مرۆڤەو نە پشتیوانی لە حکوومەتی ئیسرائیل، لەبەرچاو نەگرتنی کارەساتی "سەبرا"و"شەتیلا"و چاوپۆشی لەو کردەوانەی کە لە ناوچەدا دژی نەتەوەی فەلەستین بەڕێوەدەچێ. مافی خەڵکی فەلەستین بۆ هەبوونی وڵاتێکی سەربەخۆو ئازاد بێئەملاو ئەولایە، بەڵام وەها مافێکی ڕەوا نابێت لە ڕەتکردنەوەی یەهوودییەکان دا بەدی بێت. هەر دوو نەتەوەی ئیسرائیلو فەلەستین لە هەبوونی وڵاتی سەربەخۆو ئازاددا خاوەنی مافی وەك یەکن. خەڵکی فەلەستینو ئیسرائیل پاش پەنجا ساڵ شەڕ، ئاوارەییو ئاڵۆزی مافی ژیانی بەدوور لە تێکهەڵچوونو دوژمنایەتییان هەیە. دەبێ هەبوونی هەردوو وڵات بە فەرمی بناسرێ. قبووڵ کردنی ئەم ڕاستییە، تازە یەکەمین هەنگاو بۆ کۆتایی هێنان بە نادادوەریی کۆمەڵایەتیی زاڵ بەسەر ناوچەدایە.

**ئێرانییە ئازادەکان!**

بەشداریی ئێمە لە خۆپیشاندانی بێرلین دا، خەباتە لە دوو بەرەدا. لە لایەك هاوپێوەندی لەگەڵ کەسانێکە کە لە دژی ڕەگەزپەرستیو "دژایەتیی یەهوودی" ڕاپەریونو لە لایەکی دیکەوە کەرەسەی دژایەتی مەحکوومکردنی لێدوانەکانی ئەحمەدینژادو پیشاندانی مەودای ئێمە لەگەڵ ئەو کەسانە دایە کە دەسەڵاتیان لە ئێران دا بە دەستەوەیەو چارەنووسی وڵاتیان بە داهاتووی خۆیانەوە گرێ داوە. لە بێرلین دا کۆدەبینەوە کە بە خەڵکی جیهان بڵێین کە ئێمە ئاژاوە، پشێویو ئاڵۆزی، بۆمبو گوللەو ئەو ڕووداوانەی کە هەموو ڕۆژێك لە بەغدادا دەیانبینین، ناوێت. ئێمە دێموکراسی، ئێرانی بێ کۆماری ئیسلامی، ئاشتی، دۆستایەتیی نەتەوەکان، هاوپێوەندیی بنیاتنەر، ئێرانو جیهانێکی مرۆڤانیمان دەوێ.

**ڕێکخراوی یەکیەتیی فیداییانی گەلی ئێران**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ڕێکخراوی زەحمەتکێشانی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران ـ کۆمەڵە**
**ڕێکخراوی فیداییانی گەلی ئێران (ئەکسەریەت)**

**دووشەممە ٢٦ی بەفرانباری ١٣٨٤**

***

# را پۆرتی کۆتاییهاتنی دەورەی ١٧٢ی سەرەتایی پێشمەرگە

رۆژی چوارشەممە ١٣٨٤/١٠/٢٨، بە بۆنەی کۆتاییهاتنی دەورەی سەرەتایی ١٧٢ی پێشمەرگە، رێورەسمێك بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبو هەیئەتی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی، لە فێرگەی سیاسی ـ نیزامی حیزب، بەرێوەچوو.

سەرەتای رێورەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی "ئەی رەقیب"و رژەی بەشدارانی دەورە دەستی پێکرد. پاشان بەرێز سەید برایم هاشمی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزب، بەو بۆنەیەوە وتارێکی پێشکەش کرد. بەرێزیان لە سەرەتادا، وێرای پیرۆزبایی کردن لە بەشدارانی دەورەکەو ئەندامانی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی، باسی ئەرکی پێشمەرگەی کردو وتی:

لاوانی کورد بە هەست بە مەسئوولییەت کردن بەرامبەر بە نەتەوەکەیان دێنە ناو ریزی شۆڕشەوە، بەڵام لە شۆڕش دا ئەرکی ئەوان قورستر دەبێو پێویستە بەردەوام لە هەوڵی خۆپێگەیاندنیخۆیان دا بن.. چونکە جیهانو ناوچەکە ئەورۆ بەرەو گۆڕانکارییەکی مەزن هەنگاو دەنێنو دەبێ ئێمە، وەکوو پێشڕەوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان رۆڵی سەرەکیمان لەو گۆڕانکارییەدا هەبێ، ئەمەش بەبێ وشیاریی سیاسیی ئێمە بەدی نایەت.

هەروەها بەرێزیان لە بەشێکی تری قسەکانیدا ئاماژەی بە هێرشی بەربلاوی تەبلیغیی رێژیمی بۆ سەر بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردی کردو گوتی: لەم دوایانەدا زۆرجار لە بلاڵزکراوەی جۆراوجۆر، بە بابەت، وتار، شتی نارەواو، بێبەڵگە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاو دەکرێتەوە. خاوەنی ئەو جۆرە نووسینانە دووبەشن: یەکەم ئەو لاوە قەڵەم بەدەستانەن کە بە پێوەری رەوشی ئەورۆکەی جیهان لە با بەتەکان دەڕوانن‌و پێیان وایە لە هەموو کاتێك‌و لە هەموو شوێنێك داو لەگەڵ هەموو لایەنێك دا دەکرێ بە دیالۆگ کێشەکان چارەسەر بکرێن. بەشی دووهەم، ئەو کەسانەن کە بۆ نۆکەری کردنی رێژیم دەستیان بۆ قەڵەم بردوە لە هیچ درۆو بوختانێك سڵ ناکەنەوەو لە ژیانی سیاسیی خۆیان دا بەردەوام دۆڕاون.

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لە کۆتایی وتەکانیدا، گوتی: سەرەڕای ئەو هێرشە بەربڵاوە تەبلیغییەی رێژیم کە لە رابردوو ئێستاداکردوتی‌و دەیکاتە سەر حیزب، ئێمە شانازی بەوە دەکەین کە زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی ئێران، ئەورۆکە دان بەوەدا دەنێن کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکەم حیزب بوو لە ئاستی ئێران دا ناوەڕۆکی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی بۆ روون بۆوە.

بەشەکانی دیکەی ئەم رێورەسمە بریتی بوو لە:

ـ پێشکەشکردنی سروودێك لە لایەن هاورێ وەفا رووحانی، بەشداری دەورەرکە

ـ خوێندنەوەی راپۆرتی دەورە لە لایەن بەڕێز بەهائەدین ئیبراهیمییەوە

ـ خوێندنەوی شێعر لە لایەن بەرێزان رزگار بانەو عەلی خەواڵی، بەشدارانی دەورە

ـ پێشکەشکردنی چەندین گۆرانیی دیکە لە لایەن هونەرمەندانی لاو عوسمان راژانی، فەرهاد ساڵحی‌و عومەر یارئەحمەدییەوە

ـ خوێندنەوەی پەیامی کۆتایی دەورە لە لایەن بەرێز، فەرووخ گوڵئەندامەوە

ـ خەڵاتکردنی سەرکەوتووترین ئەندامانی دەورە.

❊❊❊

# لە قامووسی فیمینیزم دا (٥)

وەرگێرانی: ب.هانا



## نووسینی ژنانە

## Ecriture Feminine

زاراوەیەکە بۆ ناساندنی نووسراوەکانی ژنان لە تیۆریی فیمینیستیی فەرانسەدا. ئەم زاراوەیە روونی دەکاتەوە کە نووسراوەکانی ژنان بریتین لە گوتارێکی تایبەتی نزیکتر لە لەش، سۆزو هەستو [شتە] نەناسراوەکان، واتە دەربڕی هەموو ئەو شتانەن کە رێککەوتنی کۆمەڵایەتی سەرکوتیان دەکا. نووسین‌و ئەدەبیات لە بوارە گرنگەکانن. چونکە ئەدەبیات [شتە] سەرکوتکراوەکان، نهینییەکانو [شتە] نەدرکاوەکان ئاشکرا دەکاو بە یارمەتیی هێزی خەیاڵ دەتوانێ ببێتە ژینگەی پەروەردەکردنی خەیاڵو شادمانی.

(Marks, de Courtivron, 1981)

رەگوریشەی ئەم زاراوەیە لەو رەخنانە دایە کە "بارت"و "دریدا" لە دەیەی ١٩٦٠، لە دژایەتی لەگەڵ ئایدولۆژیای وتە تەوەر (کلام محور)دا نووسیان.

"نووسینی ژنانە" لە بوارە زۆر هەراوەکانی تیۆریی فەرانسەیین. بت دروستکردن لە لەشی ژن لە لایەن "ئانی لیکلێرك"Leclerc, Annieوە، پێکهاتە شکێنی‌و بیناکردنەوەی لەشی لزبینی لەلایەن "مونیك‌ویتیگ" Witting, Moniqueوە، لێکدانەوەی "پۆست لاکانی"ی "لووس ئێریکاری"Lrigaray, Luceو چاوپێداخشاندنەوە یوتوپیاییەکانی "هێلێن سیکسۆ" Cixous,Helene هەموویان دەچنە خانەی ئەم زاراوەیە.

زۆر لە فیمینیستە فەرانسەییەکان، پێبەپێی رەخنەگرتن لە زمانی کۆن، چالاکانە خەریکی خولقاندنی زمانێکی نوێی ژنانەن. سیکسۆ دەڵێ ژنان "بەهۆی" (لە رێگای) لەشیانەوە دەنووسن. "کریستوا" Kristeva,Juliaش ئەمەی دەخاتە سەری: "لەوانەیە وابێتە بەرچاو ئەم زمانە لە سەرزەوییەکی بێگانەوە ـ لە لەشێکی رێککوشراوو ناسەمبولیك ـ هاتبێ. لە روانگەی زۆرانەوە، دەقەکانی "مارگرێت دوراس"Duras, Marguerite ی نووسەرو فیلمساز، نموونەی نووسینی ژنانەن.

لەوانەیە لێکگرێدانی نووسراوەکانی ژنان‌و چێژە جەستەییەکانی سەردەمی منداڵی‌و، دانانی ژنان لە دەرەوەی سیستمی گوتاری جێگیر بوو، کە جۆرێك یەکیەتیی بابەت‌و یەکگرتوویی لە بەڵگە هێنانەوەدا بە گومان هەڵنەگر دادەنێ ـ هێندێك گرفت پێك بێنێ. فیمینیزمی فەرانسەیی بە رواڵەت لەگەڵ مەترسیی خوودگەری (ذاتگرایی)ی نوێ‌و جیاکردنەوەی هەستە جینسییەکان لە ئەزموونی کۆمەڵایەتی، بەرەوروویە. بەگشتی، نووسینەکانی ئەم جۆرە فیمینیزمە، لایەنە ئۆروتیکییە خەستەکانی زمان دەخەنە بەرچاوان، تایبەتمەندییە زمانناسییەکان "ژنانە"ش، سەردەمێك بە فرەیی‌و راپەڕ دادەنرا. "نووسینی ژنانە" سەرەڕای پێداگرتن لە سەر خوازەکانی حەزی سێکسی، نەك بابەتێکی پێوەندیدار بە بیۆلۆژیی جەستەیی، بەڵکوو جۆرێکە لە قەوارەی مێژوویی‌و مەعریفەتناسیی بنەڕەتی.

## رۆمان Novels

لە نێوان زۆربوونی ژمارەی رۆمانەکانو، بەدەستهێنانی ناوبانگی ئەدەبی لە لایەن ژنانەوە، پێوەندییەکی دوو لایەنە هەیە. هەر لە سەرەتاوە، ژنان چ لە پلەی خوێنەرو چ لە پلەی نووسەردا، لەگەڵ رۆمانی سانتی مانتال (هەستی) ـ پێوەندییان پەیدا کرد. نووسینی رۆمان بوو بە یەکێك لە حەزو ئۆگرییەکانی ژنانی چینی نێوەڕاست. چونکە ئەم کارە پێویستی بە فێرکردنی کلاسیکی نەبوو، کە ژنان لێی بێبەش بوون (Moers,19977).

رەخنەگرانی فیمینیستی رۆمان، لە کردەوەی جێکەوتووی رۆماننووسی؛ سەرمەشقەکانی مەسرەف؛ سەیرکردنی رۆمانەکان وەك ئەدەبیات؛ رووداوە نێوخۆییەکانی رۆمانەکان لە جیاتی دەقەکانو؛رێساو شێوەکانی نووسینی ژنان، دەکۆڵنەوە. بەبۆچوونی رەخنەگران، مێژووی ئەدەبی لەسەر بناغەی پێودانی جینسییەتی (رەگەزی)ی پیاوانە دامەزراوە. بۆ وێنە جودیت فێتێرلی Fetterly,Judith لەم بارەوە کە پیاوانی رۆماننووس چۆن، روخسارێکی چەوت لە ژنان نیشان دەدەن، دەکۆڵێتەوە(Fetterly, 1978).

رۆمانەکانی ژنان، رەوتێکی شاراوەن لە هەناوی ئەدەبیاتی فەرمیدا. ئێلین شووالتێر showalter, Elaine لە رەوتی لێکۆڵینەوەی خۆی لەم بارەوە کە ژن بوون چلۆن دەبێتە هۆی دروستبوونی شێوازەکانی رۆمان، چوار مۆدێلی تیۆری شی دەکاتەوە: بایۆلۆژی (ژینناسی)، زمانەوانی، دەروونناسی‌و کەلتووری. ناوبراو دەڵێ مۆدێلی بایۆلۆژی، "خوازە" (استعارە) لە زماندا بە یەکێك لە سەرچاوەکانی وێنەسازیی ژنانە دادەنێ؛ مۆدێلی زمانەوانی هاسانگاری بۆ شێواز دەکا، هاسانکاریی وەك دەربڕینی ناڕاستەوخۆ؛ مۆدێلی دەروونناسانە، ناسنامەی رەگەزی (جنسیتی)و پێوەندیی کەسایەتییەکانی ژنی لەبەرچاوەو؛ راقە (مۆدێلی)ی کەلتوورییش، ژنان بە تاقمێکی دەمکوت کراو دادەنێ (showlter,1986).

رۆز کوارد Coward,Ros، باسێکی جیاواز دێنێتە گۆڕێ. بەبۆچوونی ناوبراو، ئەزموونی ژنان لەو رۆمانانەدا کە ژنان نووسیویانە، تەنانەت ئەگەر ئەم ئەزموونە، تەوەری سەرەکیی رۆمان بێ، دەقاودەق ئەزموونێکی فیمینیستی نیە. ئەو لە هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دایە کە ئەزموونی سەرلەنوێ نیشاندانی ژنان لە رۆمانەکاندا، پێوەندیی لەگەڵ سیاسەتی فیمینیستیدا هەیە (coward,1980).

هەموو رەخنەگرانی فیمینیست لەسەر ئەم بۆچوونەن کە رەگەز (جنسیت) لە رۆمانەکانی ژناندا رۆڵێکی گرنگی هەیە. رەخنەگران کاتێك لە بارەی چیرۆکەکانی پێوەندیدار بە گەشەکردنەوە کە ژنان نوسیویانن، قامك لەسەر پێکهاتە باوو دووپات کراوەکانو، سەرمەشقە ناوەرۆکییە ـ بە رەگەزکراوەکان دادەنێن. بۆ وێنە گەشەی ژنانە لە پڕو لە ماوەیەکی کورتدا روو دەدا، بەڵام گەشەی پیاوانە ( لە رۆمانەکانی (Bildungsroman)دا وەك پرۆسەیەکی درێژخایەن وێنا دەکرێ (Abel, 1983). رەخنەگران بە هێنانەگۆڕی ئەم باسە کە کێشەکانی نێو چیرۆکەکان، پەردە لەسەر گرفتەکۆمەڵایەتییەکان لادەدەن، دەری دەخەن کە رۆمانەکانی ژنان (بە تایبەتی رۆمانی گەشەی لیزبینی فیمینیستی) دەتوانن ببنە پارادیۆمی کۆڕو کۆمەڵی ژنانە.

## رۆماننووسی

## Novel- Writing

ساڵی ١٩٧٥ ئەن وات (Watt,Ian) رەخنەگری ئەدەبی، بەرهەمە یەکجار شوێندانەرەکەی کە ناوی "سەرهەڵدانی رۆمان" بوو، چاپ کرد. لەوبەرهەمەدا دانیل دێفوو Defoe, Daniel، ساموئێل ریچاردسۆن Richardson, Samuelو هێنری فیلدینگی Fielding, Henry وەك یەکەمین نووسەرانێك ناساند کە بە زمانی ئینگلیزی رۆمانیان نووسی. ئەم بانگەشەیە لەوکاتەوە کێشەیەکی جیددیی بۆ رەخنەگرانی فیمینیست پێك هێناوەو، ئەوان بە وردی لە نەریتی کەڵکوەرگرتنی ژنان لە فۆرمی رۆمانیان ـ کە هاوکاتە لەگەڵ سەردەمی سێ نووسەری جێگای سەرنجی "وات" ـ کۆڵیوەتەوە. بە زۆری "جین ئاستین"Auten, Jane وەك یەکەمین ژنە رۆماننووس باسی دەکرێ. تەنانەت "وات"یش ددان بە رۆڵی گرنگی "جین ئاستین" لە پێکهێنانی ئەم فۆرمە ئەدەبییە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا دەنێ. بەڵام دێیل سپێندێر Spender, Dale لە [کتێبی] "دایکانی رۆمان" (١٩٨٦)دا دەڵێ کە لە سەرەتادا دەیەویست لێکۆڵینەوەکەی لە "جین ئاستین" ەوە دەست پێبکا. لەگەڵ ئەمەشدا، بە لێکۆڵینەوەی زیاتر بۆی دەرکەوت کە ١٥٠ ساڵ پێشتر، ژنان رومانووسییان دەست پێکردووەو نەریتی رۆماننووسیی ژنانیان پێك هێناوە کە دواتر کەوتۆتە بن ژێلەمۆی لەبیرچوونەوە. بە بڕوای "سپیندێر"و هەروەها لە روانگەی "جۆئا ناراس" Russ Joanna کە لە [کتێبی] "رێگاکانی سەرکوتی نووسینەکانی ژنان" (١٩٨٤)دا بڵاوبوونەوە، سەرکوتی سامانی ئەدەبیی ژنان، بەرهەمی بەهاسڕینەوەی سیستماتیك لە کەسایەتیی ژنێکە کە لە خۆی رادەبینێ ببێ بە نووسەر. بەرهەمی مێژوونووسانی ئەدەبیی وەك دێیل سپێندێرو جێرمین گریر Greer, Germaineو هەروەها ئەلین شووالتێر Showlter, Elaineو ئێلێن مۆئێرزMoers, Ellen بوو بە هۆی ناسیاویی دووبارەی ژنان لەگەڵ دایك‌و نەنکە رچەشکێنەکانیان.

سەرچاوە: کتێبی "فرهنگ نظریەهای فمنیستی" (قامووسی بیردۆزە فیمینیستییەکان)، نووسینی مەگی هام‌و سارا گەمبل

❊❊❊

**بۆ هاوکاریی هێزە دێموکرات‌و پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین**

KURDISTAN
Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan
No: 429 20 Jan 2006

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanmedia.com e- mail: info@kurdistanmedia.com
http://www.pdk-iran.org e- mail: pdkiran@club-internet.fr
www.rdki.com e- mail: rdk_iran@yahoocom

# ٢ی ڕێبەندان و کۆماری کوردستان لە پەیڤی چەند کەسایەتی‌یەك دا


## ڕۆژێک کە نوێنەرانی کوردستان یەکدڵ و یەک زمان هاواری دیمۆکراسییان کرد



"دیارە موفەقییەتی ئیمە سەراسەر لە عەینی مەرامی دیوکراسی و لە نەتیجەی فەعالییەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بە پشتیوانی عالەمی دیوکراتە. لەبەر ئەوە... دەڵیین: بژی مونەسیسینی دیوکرات. میللەتی کورد هەزاران سەد و بەرهەلستی سەخت و سەهەندەی لەری دا بوو. دەستە و دایرەی دیکتاتوری بی وچان کارشکینی ئیمەیان دەکرد و لە هیچ نامەردییەك ڕانەدەوەستان. ئیختلافاتی عەشایەر بو ناوخوش ئیشکالێکی گەورە بو بو ئیمە. بەڵام ئەوانە هیچکامیکیان نەیانتوانی پیش بە ئیمە بگرن بە دلیکی بەهێز پایەداریمان کرد و ئیدامەمان بە فەعالییەتی خۆمان دا تا ئیستیقلال و ئازادی نەتەوەی کوردمان بەدەست هینا. ئەورۆ لە نوماینەدەکانی تەواوی نەواحی و نوقاطی کوردستان بی ریعایەتی طتبقات ئەعەم لە ئاغا و رەعییەت و، گەورە و چوك، کوبوونەوە و یەکدل و یەکزمان هاواری دیوکراسی دەکەن و بەربی دیموکرات دا دەرون قودرەت و قوەتی دیوکرات نیشان دەدا".

هەڵبژاردەیەك لە نوتقی پێشەوا قازی محەممەد سەرکۆماری کوردستان
لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان دا
کتێبی "حکوومەتی کوردستان ـ کورد لە گەمەی سۆڤیەتی دا"، نەوشیروان مستەفا ئەمین


## کۆماری کوردستان بۆ هەموو نەتەوەی کورد جێگای هیوا و ئاوات بوو



"کۆماری کوردستان نەك هەر بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بەڵکوو بۆ هەموو نەتەوەی کورد جێگای هیوا و ئاوات بوو. بە هاتنی بارزانی‌یەکان و زۆر کوردی دیکەی عێراقی کە لە ریزی حیزبی دیمۆکرات و دەزگای کۆماری کوردستان دا چالاکانە بەشدار بوون، ئەم جووڵانەوەیە ببوو بە جووڵانەوەی هەموو نەتەوەی کورد و، هەموو نەتەوەی کورد چاوی تی بڕیبوو، چاوی هیوا و تاسە و ئارەزوو، زۆر نوێنەری کورد لە تورکیە و سووریە، تەنانەت لە دەرەوەی کوردستان لە ئورووپا و ئەمریکاوە دەهاتن سەریان لە کۆماری کوردستان دەدا بۆ ئەوەی بزانن و بەچاوی خۆیان ببینن کە یەکەم حکوومەتی گەلی کورد، یەکەم کۆماری کوردستان چۆنەو، چۆن بەرەو پێش دەچێ و چی بۆ خەڵکی کوردستان دەکا."

عەبدولڕەحمان قاسملوو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی،
فەسڵی دووهەم، جێگای کۆماری کوردستان لە مێژوودا

## مێژوو دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستانی لە سینگی خۆیدا پاراستوە



... کۆماری کوردستان بوو بەهۆی فەزایەکی زۆر دێموکراتیك کە خەڵك

لەوێدا خۆیان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان دا بە بەشدار دەزانی. کەسایەتیی ئینسانیی خۆیان بۆ یەکەم جار وەك هەیە هەست پێکردو چێژیان لێ دی. خوێندەوەو نووسین بە زمانی زگماکی برەوی پەیدا کرد. فەرهەنگو ئەدەبی کوردی پەرەی گرتو بەرەو پشکووتن چوو. دەرەتان بۆ بەشداریی ژنان لە کاروباری سیاسی دا پێك هات. بۆ پێگەیاندنی لاوان وەك هێزێکی چالاكو پاشەڕۆژ ساز مایەیەکی زۆر دانراو سەرئەنجام هێندێك مانا و مەفهوومی وەك سەربەخۆیی، ئازادی، دێموکراسی‌و کەسایەتی‌و مافە ئینسانی‌یەکان لە دروشمێکی رووتەوە بوونە واقیعییەتێکی بەرچاو. مێژوو تەواوی ئەمانەی لە سینگی خۆی‌و لە لاپەڕە هەرگیز نەمرەکانی‌دا تۆمار کردوە.

دوکتور سادق شەرەفکەندی، وتاری "دووی ڕێبەندان"، بەبۆنەی ٤٣ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە، "کوردستان"، ژمارە ١٤٦، ڕێبەندانی ١٣٦٧

## کێلێکی بەرز و دیار لەسەر ڕێگای دوور و درێژی خەباتی نەتەوەی کورد

حکوومەتی کوردستان لە مەهاباد، دوای تەجروبەی حکوومەتی کوردستانی جنووبی لە سلێمانی لە سەرەتای بیستەکان دا، دووەمین تەجروبەی حوکمرانی کوردە لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دا. ئەم تەجروبەیە سەرەڕای کورتیی ماوەکەی یەکێکە لە کێلە بەرزە دیارەکانی سەر ڕێگای دوور و درێژی خەباتی نەتەوەی کورد لەپێناوی ئازادی و سەربەخۆیی‌دا. هەربۆیە نووسەرانی کورد و بێگانە بایەخێکی تایبەتییان پێداوە".

نەوشیروان مستەفا ئەمین، پێشەکیی کتێبی "حکوومەتی کوردستان ـ کورد لە گەمەی سۆڤیەتی‌دا"

## پێگەی کۆماری کوردستان لەنێو دڵی خەڵك دا

بۆ ئەوەی باشتر تێ بگەین کە ڕێژیمی کۆماری مەهاباد تا چ ڕادەیەك نوێنەری خەڵکی کورد بووە، خراپ نیە لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان لەکاتی هاتنی ئەرتەشی ئێران بۆ دوو ناوچەی ناوبراو لە ساڵی ١٣٢٥دا بەراوردی بکەین. هەردوو کۆمار لەلایەن شوورەوی‌یەوە پشتیوانی دەکران. کاتێك ئەرتەشی ئێران هاتە کۆماری خودموختاری ئازەربایجان و دەوڵەتی پێشەوەریی ڕووخاند، خەڵکی ئازەربایجان پێشوازی‌یەکی گەرمیان لە ئەرتەش کرد. بەڵام کاتێك ئەرتەش چووە مەهاباد، خەڵك بەساردی وەریان گرتن، لە تەورێز بەر لە هاتنی هێزەکانی ئێران ڕاپەڕینێکی گەلی بەدژی ڕێژیمی لایەنگری شوورەوی بەرپا بوو و کوشتنی کاربەدەستە کومونیستەکانی کۆماری ئازەربایجان بەر لە هاتنی ئەرتەش دەستی پێ کردبوو. بەڵام خەڵکی مەهاباد بە ڕووگرژی لەگەڵ ئەرتەشی ئێران بەرەوروو بوون.

وەرگیراو لە کتێبی "ناسیونالیسم در ایران"، نووسینی "ریچارد کاتم"، وەرگێرانی " احمد تدین"

**یەکێک لە ڕووناکترین ڕووداوەکانی مێژووی تازەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست**

پەیدا بوون و گۆورانی کۆماری مەهاباد و مێژووی کورت و توفانی و لەنێوچوونی لەناکاوی، یەکێك لە ڕووناکترین ڕووداوەکانی مێژووی تازەی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستە. کۆماری کوردستان لەلایەن پێشکەوتنخوازانی خەڵکی کوردستانەوە پشتیوانیی لێ دەکرا کە ژمارەیان بەردەوام زیادی دەکرد و ئەو کەسانە دوژمنایەتییان لەگەڵ دەکرد کە وا دێنە بەرچاو دوارۆژیان لە ئەرتەش نیە. ئارچیباڵد ڕۆزڤێلت

لە ڕۆژی ئاوابوونی‌یەوە، کۆماری مەهاباد بێ وەچان دەرسمان دا دەدات، کوردایەتیی ڕەسەنمان فێر دەکات، هەموومان بێگومان شاگردی بە ئەمەگی ئەو مامۆستا گەورەیەین بە پەرۆشەوە چاوەڕوانین ئاواتەکانی زوو بەزوو بێنەدی، پەند و دەرسە مێژوویی‌یەکانی بەفیڕۆ نەچن!! دوکتور کەمال مەزهەر، وتاری "گەورەیی مەهاباد و چەند بیرەوەری‌یەك"
(بەبۆنەی پەنجا ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە)

## مرواریی دەریای وشە

ڕووداوەکان وەك چەقۆ وان، یان بۆ ئێمە کار دەکەن، یا ئێمە زامدار دەکەن. بەستراوەتەوە بەوەکە ئێمە دەسکی چەقۆکەمان لە دەست دایە یا تیغەکەی! (کونراد لورێنس)

هیچ شتێك بۆ نەزان لە بێدەنگی باشتر نیە، بەڵام ئەگەر ئەمەی زانیبا، نەزان نەدەبوو. (سەعدی)

نەك گۆڕخانە، کارگەی ئادەمزادە زەوی، بێهوودە بەسەریا مەڕۆ، داهێنەر بە، خولقێنەر بە. (ئێحسان تەبەری)

تۆ هێندیك شت دەبینی‌و دەپرسی: بۆ؟ بەڵام من ئاواتی هێندێك شتم لە دڵ دایە، کە نەبوون‌و نین‌و دەپرسم: بۆ نا؟ (بێرنارد شاو)

چۆنیەتیی هێنانەگۆڕی پرسیارێك، چۆنیەتیی گەیشتن بە وەڵامەکەیت بۆ دیاری دەکا. (پاڤێل واتسلاویك)

## چیاکانی کوردستان

### وێسۆ شوانە ( Youssef shwan )



"وێسۆ شوانە" یەکێك لە جوانترین بەرزایی‌یەکانی چیای بەدیمەن‌و سەرکەشی سارالْ، هەڵکەوتوو لە ناوچەی دیواندەرەیە. بەرزایی ئەم ترۆپکە، ٢٦٢٠ میترەو یەکێکە لە بەرزایی‌یە گرنگەکانی زنجیرە چیای زاگرۆس.

وێسۆ شوانە ڕێژەیەکی بەرچاو بارانی وەرزیی لێدەبارێ (نزیك بە ٥٠٠ تا ٧٠٠ میلی میتر). بە سەرنجدان بە ڕادەی بارین، لە باری ڕووبەری گیایی‌و جۆراوجۆری گیانلەبەرانەوە، یەکجار دەوڵەمەندە. بنارو داوێنە سەرسەوزەکانی، بەشێکی بەرچاو لە لەوەڕو خواردنی مەڕوماڵات‌و باڵندە دابین دەکەن. نزیکترین‌و ناسراوترین ڕێگا بۆ چوونەسەر وێسۆشوانە، گوندی "هانەگلان"، هەڵکەوتوو لە بەشی ناوەندیی "سارالْ" سەر بە ناوچەی حوسێن ئاوایە، کە کەوتۆتە ٣٦ کیلۆمیتریی باکووری ڕۆژئاوای سنە. یەکێك لە تایبەتمەندی‌یە هەرە دیارەکانی ئەم چیایە، زۆریی کانی‌یە وەرزی‌یەکانین کە ژیان‌و بایەخێکی بێوێنەیان داوە بە چیای دڵگری سارالْ.

"وێسۆ شوانە" لەلای باکوورو ڕۆژهەڵاتەوە، خاوەنی دوو کانیی بەردەوامە. ئاوی ئەم چیایە دەچێتە نێو چۆمی "گۆمەڕەش"و لەوێشەوە تێکەڵ بە لقی سەرەکیی "قزڵ ئۆزەن" دەبێ. ئەم چیایە لەباری جۆراوجۆریی گیانلەبەرانەوە یەکجار دەوڵەمەندە: گورك، ڕێوی، بزنەکێوی، بەرانەکێوی، کەروێشك‌و زۆر خشۆکی وەك ماری ژاراوی‌و ماری بێ‌ژار، مارمێلکەو، باڵندەی وەك هەڵۆ، داڵ، قاژووو کەو، ڕووەك‌و گیای جۆراوجۆری سەر بە بنەماڵەی چەتری‌یەکان، لگومینوزەکان، جۆرەجیاوازەکانی کارگ (کارگی خواردن‌و کارگی ژاردار)، گرامینەکان‌و هتد، لەم چیایەدا زۆرو زەوەندن.

"وێسۆ شوانە"، حەشارگەی شاخەوانیی نیەو، چوون‌و هاتنەوەی بۆ سەر ئەم ترۆپکە نزیکەی ٤ کاتژمێر دەخایەنێ.

سەرچاوە: کتێبی "جلوەهای طبیعی کردستان" (دفتر اول، کوهها)
کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ئەکبەر وەلەدبەگی

## بەر لەماڵاوایی

# دەست لەنێو دەستی چەپکێك یادو بۆنەی خۆش دا

ع. وریا

ئەم ژمارەیەی "کوردستان" دەست لەنێو دەستی کۆمەڵێك یادو بۆنەدا، یا بەدەربڕینێکی دیکە لەنێو شەپۆلەکانی شادی‌و خۆشەویستیی چەپکێك بۆنەو بیرەوەریی خۆش دا دەگاتە دەستی خوێنەران. لە ١٥ی بەفرانبارەوە تا ٣٠ی بەفرانبار کە ئەم ژمارەیە تایبەتە بەو ماوەیە، کۆمەڵێك ڕووداوو بیرەوەریی خۆش هەن: بڵاوبوونەوەی هەواڵی ڕێککەوتنی سەرکردایەتیی پارتی دێموکرات‌و یەکیەتیی نیشتمانی لەسەر یەکخستنەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم ڕووداوە گرنگە بوو کە ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق، بەشەکانی دیکەی کوردستان‌و هەموو جێ‌یەکی جیهان، زۆر لەمێژ بوو چاوەڕوانی بوون‌و بە ئاواتیان دەخواست. جێژنی قوربانیش کە چەند ڕۆژێك دوای بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە هات، ئەمساڵ تام‌و چێژێکی دیکە بۆ کۆمەڵانی خەڵك کوردستان هەبوو. چونکە ترس‌و نیگەرانیی سەرچاوەگرتوو لە ئاکامی دوو ئیدارەیی‌و یەکگرتوو نەبوونی حکوومەتی هەریم، ئەویش لە قۆناغی تێپەڕینی عێراق بە ئەزموونی نووسینەوەی دەستوورو بنیاتنانەوەی بناغەکانی دەسەڵاتی سیاسی‌دا، جێی خۆی داوە بە گەشبینی‌و دڵخۆشی بە یەکگرتوویی‌و پشت پێك بەستن.

ئەم ژمارەیە، هەروەها لە بەرەبەری ٦٠ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان دا دەردەچێ. ٢٠ ڕۆژی دیکە، حیزبی دێموکرات، خەڵکی کوردستانی ئێران‌و گەلی کورد لە بەشەکانی دیکەی نیشتمانەکەیان، لەگەڵ ئەوانیش دا ئازادیخوازان‌و نیشتمانپەروەرانی کورد لە هەندەران، یادی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤و ڕاگەیەندرانی یەکەم کۆماری کورد لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد، دەکەنەوە. "کوردستان" هەر لەم ژمارەیەدا بە پێشوازی ئەم بیرەوەری‌یە مێژوویی‌یەوە چووەو کۆمەڵێك بابەتی بەم بۆنەیەوە بڵاو کردوونەوە. چونکە گرینگیی ڕووداوی ٢ی ڕێبەندان‌و جێگای کۆماری کوردستان تا ڕادەیەك لەم بابەتانەدا ڕەنگیان داوەتەوە، من تەنیا بە وەبیر هێنانەوەی ئەم چەندە دێڕە کە دوو ساڵ لەمەوبەر لە توێی سەروتاری ژمارە ٣٨١ی ئەم ڕۆژنامەیەدا بڵاوم کردەوە، وازدێنم‌و، دەچمە سەر چەند یادو بیرەوەریی تایبەت بە ڕۆژنامەکەی خۆمان "کوردستان": "... بەم هەنگاوە [دامەزرانی کۆمار] ،بیری پێویستیی هەبوونی دەسەڵاتێکی کوردی، لە قۆناغی ئارەزووەوە پێی نایە قۆناغی کردەوەو گەلی کورد بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان تەعبیری خۆی لە ئاوات‌و ئارەزووە نەتەوەیی‌یە لەمێژینەکانی دەربڕی. ئەگەرچی کۆمار بە جوانەمەرگی‌سەری‌نایەوە، بەڵام ئامانجەکانی‌و یادو بیرەوەری‌یەکەی وەك گڕکانێك لە هەناوی مێژووی کورددا مایەوە تا لەکات‌و دەرفەت‌و هەلومەرجێکی لەبارتردا بتەقێتەوەو ئەمجارەیان ئاگرەکەی سەرانسەری کوردستان دابگرێ" (١).

وەك ئاماژەم پێ‌کرد ئەم ماوەیەو ڕۆژانی دادێ بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان"یش چەند یادو بیرەوەری‌یەکی خۆشیان تێدایە. ٦٠ ساڵ لەمەوبەر لە ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤ دا، یەکەم ژمارەی "کوردستان" (بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان) دەرچووو لەو ڕۆژەوە تا ڕووخانی کۆماری کوردستان، ١١٣ ژمارەی لێ بڵاو بۆوە. ئەمە بە یەکەمین دەورەی دەرچوونی "کوردستان" دادەنرێ. بەم هۆیەوە کە چارەنووسی ئەم ڕۆژنامەیە لە هی حیزبی دێموکرات بەگشتی‌و ڕێبەران‌و تێکۆشەرانی بە تایبەتی، جیا نەبووە، مێژووەکەشی وەك مێژووی تێکۆشانی ئەم حیزبە، پڕ لە هەورازو نشێو تەنگ‌و چەڵەمەی جۆراوجۆرە بووە. لەکاتی ئێعدام‌و بەندکران‌و ڕاونرانی ڕێبەران‌و هەڵسووراوانی حیزب دا، نوشوستی‌و بێ‌بەختی ڕووی تێ‌کردوە. هەر کە تێکۆشانی حیزبیش لە بووژانەوەدا بووە، هەلومەرجی خەباتی ئەم حیزبەو گەلی کورد لەبارتر بووە، ڕۆژی ئیقباڵی لە کەلەپۆ هەڵاتووەو ئەم یادگارەی کۆماری کوردستان، گیانی وەبەر هاتۆتەوە. حیزبی دێموکرات لە ڕووخانی کۆماری کوردستانەوە تا سەرکەوتنی شۆرشی ساڵی ١٩٥٨ی عێراق ( ١٩٥٨ـ١٩٤٦) بەدەورانێکی سەخت‌و پڕکارەسات دا تێ‌پەڕیوە، هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەی نیازو هەوڵی بڵاوکردنەوەی " کوردستان" لەنێو ڕۆڵەکانی ئەم حیزبەدا، هیچکات وەلانەنراوە، بەڵام بە هۆی نالەباریی هەلومەرجەکان، ئەم هەوڵانە پچڕپچڕ بوون‌و چەند دەورەیەکی کورتخایەن‌و کەم تەئسیریان لێ‌کەوتۆتەوە. دوای سەروسامان پەیداکردنەوەی حیزب‌و ڕاستبوونەوەی پشتی لەژێر باری دەورەیەکی دوورودرێژ لە زەبر وێکەوتن‌و پرژو بڵاوی، لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٤٩دا، یەکەم ژمارەی ئەم دەورەیەی ئێستای "کوردستان" بڵاو بۆوە. لەوکاتەوە تا ئێستا ئەگەرچی جاری واهەبووە بۆی نەگونجاوە مانگێ ژمارەیەکیشی لێ‌بڵاو بێتەوە، بەڵام ماوەی ٣٥ ساڵە بە بەردەوامی دەر دەچێ. هەر ئەم قەڵەمە بەبۆنەی چەندین ساڵ کاروبەرپرسایەتی لەم ڕۆژنامەیە، لە زۆر بۆنەی دیکە دا لە تایبەتمەندی‌یەکانی ئەم دەورەیەی "کوردستان"و خاڵە لاوازو بە هێزەکان‌و چاوەڕوانی‌یەکان دواوەو، بە ڕێزەوە یادی هەموو ئەوانەی کردۆتەوە کە لە تەمەنی ٦٠ ساڵەی "کوردستان" بەگشتی‌و لەم دەورەیەدا بە تایبەتی خزمەتی ئەم ڕۆژنامەیەیان کردوە. ئێستاش کە بەم زووانە دەگەینە سەدەمین ژمارەی "کوردستان" بەدوای گەورە کرانەوەی لاپەڕەکانی‌دا، قسەو باسی زیاتر لەگەڵ خوێنەران لەبارەی ئاڵوگۆڕەکانی ئەم ڕۆژنامەیە لە ژمارەی ٣٣١ تا ٤٣١، (٣٠ سەرماوەزی ١٣٨٠ـ کۆتایی ڕێبەندانی ١٣٨٤) هەڵ دەگرم بۆ هاوڕێیان‌و هاوکارانم‌و، بابەتەکەم بە باسی بۆنەیەکی دیکەوە کۆتایی پێ‌دێنم.

ستوونی"بەرلە ماڵاوایی" لە ژمارەی داهاتووی "کوردستان"دا، دەگاتە سەدەمین ئەلقەی خۆی. ئەزموونی کردنەوەی گۆشەو ستوونی تایبەتی لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا، ئەزموونێکی نوێ‌یەو لەڕاستی‌دا ستوونی "بەرلە ماڵاوایی" یەکەم ستوونی سەقامگیرو هەمیشەیی لەمێژووی "کوردستان" دا بووە. لەگەڵ ئەوەی کەمتا کورت لە بۆچوون‌و بیروڕای بەشێك لە خوێنەرانی ئەم ستوونە ئاگادارم، حەزدەکەم بە بۆنەی گەیشتنی "بەرلە ماڵاوایی" بە ژمارە ١٠٠و، بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی ئەم ستوونە، داوا لە خوێنەرانی بەڕێز بکەم، لە بۆچوون، پێشنیازو ڕەخنەو هەڵسەنگاندنی خۆیان چ لە باری بۆچوون‌و نێوەرۆك‌و چ لە پێوەندی لەگەڵ شێوازو زمانی نووسین‌و بابەتەکانی ئەم ستوونەدا، ئاگادارم بکەنەوە. لە ئێستاوەش سوپاسی هەر بەڕێزێك دەکەم کە لە ڕەخنەو پێشنیازو هەڵسەنگاندنی مەنتیقی‌و واقیع بینانەی خۆی بێ بەشم نەکا. ئەمەش ئادرەسی پۆستی ئەلێکترۆنیی من:

qaderwirya@yahoo.com

(١)، "کوردستان"، ژمارە ٣٨١، ٣٠ بەفرانباری ١٣٨٢، گڕکانێك لە هەناوی مێژوودا، لاپەرە ١